حکومەتی هەرێمی کوردستان. عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی

چاپی یازدەهەم ١٤٣٧ کۆچی ٢٠١٦ زایینی ٢٧١٦ کوردی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: سادق ئەحمەد ڕوستایی

سەرپەرشتی هونەری چاپ : عوسمان پیرداود کواز

ئاری محسن احمد

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك و جێبەجێکردنی بژاری هونەری: ئاری محسن احمد

تایپ : ئالان کریم مولود

پێشەکی

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی هاوبەشی پێکهێنا بۆ پێداچوونەوەو پەرەپێدانی بەشەکانی ڕێزمان و ئەدەب و ڕەوانبێژی لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی، لێژنەکەمان دڵسۆزانە کارەکانی خۆی دەست پێکردو لە ماوەی دیاریکراودا کۆتایی پێهێناو ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو جێبەجێی کرد.

ئەم پەرتووکەی لەبەر دەستدایە بەری ئەو ڕەنجەیە، بۆیە داواکارین لە مامۆستا بەڕێزەکانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی کە بە وردی و بەپێی پلانێکی دارێژراو پەرتووکەکە بڵێنەوەو قوتابییان و خوێندکارانیش لە بەهرەکانی خۆیان بێ بەش نەکەن و لەو شوێنانەی کە پێویستییان بە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە درێغی نەکەن و ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاوبدەن.

هەروەها ئەوەشمان پێخۆشە بڵێین کە لە بەشی ئەدەب و نموونەی ئەدەبدا ئەو برەی لەبەر دەکرێت دەستنیشانکراوەو دەبێ هەموو لایەك پابەند بن پێی بۆ ئەوەی لەسەرتاسەری قوتابخانەکانی هەرێمدا لەبەرکردنەکە وەکو یەك بێت.

لە دواییشدا داوا لە مامۆستایانی پسپۆڕو شارەزا لەبواری زمان و ئەدەبی کوردی دەکەین کە بەچاوی ڕەخنەگرێکی بنیاتنەرەوە سەیری ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بکەن و لەهەر کوێیەکدا کەم و کوڕییەکیان بەرچاوکەوت، بەهۆی پەروەردەکانیانەوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لە وەزارەتی پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا ڕاوبۆچوونەکانیان بەهەند هەڵبگیرێن.

خوای گەورە پشتیوانی هەمووان بێت.

لێژنە

٢٠١٠/١٢/٢٦

بەشی ڕێزمان

لیژنەی پێداچوونەوەی زانستی

د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی
عبدالرحمن رشید أحمد
أحمد محمود محمد
محمد احمد محمد
سادق ئەحمەد ڕوستایی
فاروق نورالدین ئاغۆك
طه یاسین طه
تاڤگه فاتح کریم

د. مصطفی محمد زنگەنه
عطا حمەصالح امین
عبدالستار فتاح
ناظم حسن أحمد
محسن احمد کریم
هوشیار درویش نامق
سامان نوری عزیز

کار بە پێی ناوەرۆک چوار شێوازی[1] هەیە

١- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

١- کارەکەی تۆمان دواخست.

٢- هاوکار قەڵەمەکەی بەخشیوە.

٣- هەموو بۆ بینینی پێشانگاکە هاتبوون.

٤- کە ئەوان هاتن بۆماڵی ئێمە، براکەم دەرگاکەی بۆیە دەکرد.

٥- دۆخی ئافرەتی کورد خاسیەتەکانی گەلی کورد دەنوێنێت.

٦- خانووەکەتان نەفرۆشرا.

٧- ڕاسپاردەکە بە ئەوان جێبەجێ ناکرێت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (دواخست، بەخشیوە، هاتبوو، هات، بۆیە دەکرد،دەنوێنێت، نەفرۆشرا، جێبەجێ ناکرێت) هەموویان واتاکانیان هەواڵێك رادەگەینن دەردەخەن لە دەمێکدا، لە هەموو ئەم ڕێژانەدا لەوە بە گومان نین، کە واتای کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام، واتا ڕوویان داوە یان ڕوو دەدەن یان ڕوونادەن، ئەم جۆرە ڕێژانە کە بۆ چەمکی گەیاندنی هەواڵێك بەکاردەهێنرێن، شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندنی کارن.

ئەو ڕێژانەی (کار) کە لە شێوازی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

یەکەم: ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن:

ئەم ڕێژەیە لە چاوگەکان، بە لابردنی (ن) نوونی چاوگ لە چاوگەکە دروستدەکرێت، وەك کاری (دواخست)، کە لە ڕستەی یەکەمدا نیشاندراوە.

---

(١) شێواز / اسلوب

دووەم: ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن:

ڕێــژەی ڕابــردووی نزیکــی ڕاگەیانــدن لەگــەڵ نیشــانەی ڕابــردووی تــەواوی ڕاگەیانــدن (وە، ووە)[1] دروســت دەکرێــت، وەك کــاری (بەخشــیوە) کــە لــە ڕستەی دووەمدا نیشاندراوە.

سێیەم: ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

ڕێــژەی ڕابــردووی نزیکــی ڕاگەیانــدن لەگــەڵ نیشــانەی ڕابــردووی دووری ڕاگەیاندن (بوو) دروست دەکرێت.

وەك کاری (هاتبوو)، کە لە ڕستەی سێیەمدا نیشاندراوە.

چوارەم: ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن:

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، نیشـانەی (دە)ی دەخرێتـە بـەردەمی بـۆ دروستکردنی ڕێژەکە ئەگەر کارەکە سادە بوو،بەڵام لەکاری داڕژاو و لێکـدراو نیشانەی(دە) دەخرێتە دوای بەشی یەکەم ، وەك کاری (بۆیە دەکرد)، کە لە ڕستەی چوارەمدا نیشاندراوە.

---

(١) لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا (ووە) بـۆ ئـەو کارانـە بـەکار دێـت کـە قـەدەکانیان کۆتایی بە پیتی (د، ت) هاتووە، نیشانەی (وە) بۆ قەدی ئـەو کارانـە بـەکاردێت کـە کۆتاییـان دێت بە بزوێنەکانی (ا ، ی ، وو).

پێنجەم: ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:

ڕەگی کار، نیشانەی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (دە)[1] دەخرێتە بەردەمی ڕەگی کارەکە ئەگەر سادە بێت بەڵام ئەگەر داڕێژراو بوو یان لێکدراو نیشانەی (دە) دەخرێتەدوای بەشی یەکەمی کار ئینجا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەنووسرێن، کە ئەمانەن:

(م ، ین ، یت ، ن ، (ات ، ێت) ، ن).

دە + ڕەگی کار + جێناوی کەسیی لکاو وەك کاری (دەنوێنێت) کە لە ڕستەی پێنجەمدا نیشاندراوە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لە شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندندا:

١- کاری بکەر نادیار بەکار دەهێنرێت.

٢- لە ڕێژەی کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا، ئەگەر کاری نزیکی ڕاگەیاندن کۆتایی بە پاشگری (ەوە) هاتبوو، ئەوا ناوبەندی (ت) دەخرێتە نێوان نیشانەی ڕابردووی تەواو و پاشگرەکەوە:

خوێندەوە ← خوێند + ووە + ت + ەوە

دۆزییەوە ← دۆزیـ + وە + ت + ەوە

٣- ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن لە شێوەی (ئەریێ)وە دەکرێن بە نەرێ:

ئـ- هەموو ڕێژەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە کاری بکەر دیار و بکەر نادیارەوە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت، وەك: بوو ← نەبوو

فرۆشرا ← نەفرۆشرا

وەرگرت ← وەرنەگرت

---

(١) لە هەندێك دیالێکتی کوردی لەجیاتی نیشانەی (دە) نیشانەی (ئە) بەکاردێت.

ب- ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە کاری بکەر دیار و نادیارەوە بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت، لە شوێنی نیشانەی (دە) دادەنرێت وەك:

دەبێت ⟵ نابێت

ئاوەدان دەکەنەوە ⟵ ئاوەدان ناکەنەوە

دەنووسرێ ⟵ نانووسرێ

بەکورتی:

هەندێ ڕێژەی کار بۆ خەبەردان ڕاستەوخۆ لە کار و حاڵی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت و گومان لەوەدانیە، کە کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام یان نەگەیشتووە، بەم ڕێژانەی کار دەگوترێت (شێوازی ڕاگەیاندن).

ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا کارەکان دەربهێنە. بزانە سەر بە چ ڕێژەیەکن لە شێوازی ڕاگەیاندندا؟

١- باخەوانەکە باخەکە باش خزمەت دەکات.

٢- تە ناما من خواندبوو.

٣- ئەوان گەیشتنە هەولێر.

٤- دیوانەکانی چاپکردووە.

٥- کوردستان ئاوەدان کراوەتەوە.

٦- باخچەکەیان ئاو دەدا.

٧- لە سەیرانەکە بەجێما.

ڕاهێنان (٢)

لەم چاوگانە (ڕامالین، خولانەوە، ئازادکردن)

ڕێژەی ڕابردووی تەواو، ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکە:

ڕاهێنان (٣)

ئەم کارانە بە شێوەی نەرێ لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(خواست، دەرباز کردووە، جولایەوە ، نووسیبوو، دادەخات).

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانە شیبکەوە:

١- شڤان ل بن کەپرێ نقستییە[1].

٢- شاناز ڕایەخەکەی چنی.

٣- ڕاسپاردەکەیان بۆ ئەوان ناردبوو.

٤- گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە.

ڕاهێنان (٥)

لە ڕستەی (هۆنراوەکانیان لەبەرکرد، ئینجا چوون بۆ قوتابخانە)

١- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان؟

٢- لەکاری(لەبەرکرد) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروست بکە و لەڕستەی تر بەکاری بهێنە.

٣- لەهەردوو کار ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکەو ڕستەکە بنووسەوە.

٤- لەهەردوو کار، ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دروست بکە و ڕستەکە بنووسەوە.

٥- وشەی (هۆنراوەکان) شی بکەوە.

---

(١) لە شێوازی کرمانجی ژووروودا لەجیاتی نیشانەی (وە) نیشانەی (یە) لە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا بەکاردێت، وەك: **هێناوە** ← **هێنایە** **چاندووە** ← **چاندییە**

* هەروەها لە هەندێ ناوچەی کرمانجی ژوورو بەم شێوەیەش درووست دەکرێت:

(یا + ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + ی) وەك : یا هینا + ی = **یاهینای**

(یێ + ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + ی) وەك: یێ + چاند + ی = **یێ چاندی**

٢- شێوازی ڕێژەی دانانی

ئـ-

١- بریا بۆ ئاهەنگەکە چووبان.

٢- ڕەنگە لە ژوورەکەدا خەوتبێتن.

٣- کاشکی چوو بوو بام و گلەییم نەهێنابایە سەرخۆم.

ب-

١- بریا نانەکەت خواردبا.

٢- لەوانەیە خانووەکەیان کڕیبێت

٣- دەبوو بارەکەتان ئامادەکردبا پاشان چووبان بۆ هەولێر.

٤- خۆزگە کەپرەکەی دروستکردبووبا.

٥- خۆزی من خانییەك ئاڤا کربا.

پ-

١- دەبێت منداڵەکانمان جوان پەروەردە بکەین.

٢- دەمەوێت لە تاقیکردنەوەکاندا سەربکەویت.

ئەگەر بڕوانینە ئەو کارانەی کە لەو ڕستانەی سەرەوەدا هەن دەبینین، ڕێژەی ئەم کارانە وەك ڕێژەکانی کاری ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ ئەنجامی هەواڵێك کە دەدرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك نادەن بە دەستەوە، بەڵکو لەشێوەی (گومان، مەبەست، ئارەزوو، ئاوات.....) ە.

لەگەڵ ڕێژەکانی شێوازی دانانیدا هەندێك کاری یاریدەدەر و هەندێك وشە بەکاردێن: (دەبێت، دەبوو، دەبووایە، بریا، خۆزگە، ڕەنگە ...) کە هەواڵەکە

دەدەن بەدەستەوە، گومان لە بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە هەیە. لەکاتی گۆڕینی ڕستەی دانانی (ئینشائی) بۆ شێوازی ڕاگەیاندن (ئیخباری) یان داخوازی ئەم کار و وشانە لادەبرێن و پێچەوانەش ڕاستە.

١- ئەگەر کاری ڕستەکانی بەشی (ئـ) وەربگرین، کە ئەمانەن (چووبان، خەوتبێتن، چووبووبام) هەموویان تێنەپەڕن، لەبەر ئەوە جێناوە لکاوەکانی بکەر چوونەتە کۆتایی کارەکە.

٢- ئەگەر کاری ڕستەکانی بەشی (ب) وەربگرین، کە ئەمانەن (خواردبا، کڕیبێت، ئامادە کردبا، درووستکردبووبا، ئاڤاکربا) هەموویان تێپەڕن، لەبەر ئەوە جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای (بەرکار) لە کرمانجی ژووروو نەبێت کە جێناوی لکاو بەکارنایەت تەنیا هەر جێناوی کەسی سەربەخۆ بەکاردەهێنین وەکو لە نموونەی (٥) ی لقی (ب)دا.

٣- ئەگەر کارەکانی بەشی (پـ) وەربگرین، کە ئەمانەن (پەروەردە بکەین، سەربکەویت) کە بۆ دەمی ڕانەبردوو بەکارهاتوون، لەبەر ئەوە جێناوە لکاوەکانی بکەر چوونەتە کۆتایی کارەکە.

دروستکردنی ڕێژەکانی شێوازی دانانی بەم شێوانەی لای خوارەوە دەبێت:

ئـ– ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن[1] + با

کەوتبا هێنابا وەرگرتبا ئامادەکردبا

ب– ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بێت.

کەوت + بێت = کەوتبێت.

هێنا + بێت = هێنابێت.

هەڵبژارد + بێت = هەڵبژاردبێت.

یارمەتی دا + بێت = یارمەتی دابێت.

پ– ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن + با

هێنابووبا . کەوتبووبا– وەرگرتبووبا – ئامادەکردبووبا...

ت– ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی:

بـ + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو

بنووسم ـ بچێت ـ بخۆین ـ پەروەردە بکەین ـ سەربکەویت[2] .

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە (با، بێت، بووبا، ب) نیشانەن لە شێوازی دانانیدا، هەروەها هەموو ڕێژەکانی شێوازی دانانی بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت ئەگەر کارەکە لە دەمی ڕابردوو بوو، دەکەوێتە پێش کارەکە.

---

(١) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن = قەدی چاووگ

(٢) ئەگەر کارەکە داڕێژراو بوو یان لێکدراو بوو نیشانەی (ب) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە. هەروەها دەگونجێت دەرنەکەوێت.

بەڵام ئەگەر لە دەمی ڕانەبردووی دانانی بوو، ئامرازی (نە) شوێنی نیشانەی (ب) دەگرێتەوە. وەکو:

هاتبا ـــــــ نەهاتبا

هێنابێت ـــــــ نەهێنابێت

هێنابووبا ـــــــ نەهێنابووبا

بنووسم ـــــــ نەنووسم

بەکورتی:

ئەو ڕێژەیەی کارەکە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەیداتە پاڵ کەسێك یان شتێك نایدات بە دەستەوە، بەڵکو لەشێوەی گومان، ئارەزوو، ئاوات، یان مەبەستدا. واتاکەی دەردەکەوێت.

*** لە کارە تێپەڕەکان ، شێوازی ڕێژەی دانانی، کارەکان لە شێوەی (کاری بکەری نادیار)یش دروست دەبێت، بۆ نموونە:**

خۆزگە نامەکە نوسرابا.

ڕەنگە نامەکە بنوسرێت.

ڕاهێنان(١)

ڕێژە و شێوازی کارەکانی ئەم ڕستانە دیاربخە؟

١- سا خوایە هەڵبکەی کزەی شەماڵێ

هەرای زەنگی غەم لە دڵ بماڵــــێ.

٢- کاشکی دیتبام و کتێبەکەم لێ وەرگرتبا.

٣- ئەگەر چووباین، پێیان دەزانی.

٤- ڕەنگە زوو هاتبێتن و زوو ڕۆیشتبێتن.

٥- ئەگەر بچێتە سەر سیروان وشکی دەکات.

٦- بریا کوردستان زیاتر پێشکەوتبا.

ڕاهێنان(٢)

لە ڕستەی (دەبێت ژینگە بپارێزین).

١- (دەبێت) چ جۆرە کارێکە ؟ چی دەگەیەنێت؟

٢- (بپارێزین) لە چ جۆرە ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروستکراوە؟

٣- لەکاری(بپارێزین) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکە؟

٤- کاری(بپارێزین) بدە پاڵ جێناوە لکاوەکانی دووەمی تاك و سێ یەمی کۆ.

٥- شێوازی ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕاگەیاندن.

ڕاهێنان (٣)

ئەم کارانە سەر بە چ ڕێژەیەکن لە شێوازی دانانیدا:

(نەپاراستبا، هاتبا، گەیاندبووبا، ئاگادار کردبێتەوە، بخوازێت).

ڕاهێنان (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١- خۆزگە باران باریبا.

٢- دەبێت کورد پێش بکەوێت.

ڕێـژەی کـــار

ئـ-

کەوتم	کەوتوومە	دەکەوتم	کەوتبووم
کەوتین	کەوتووینە	دەکەوتین	کەوتبووین
کەوتیت	کەوتوویتە	دەکەوتیت	کەوتبوویت
کەوتن	کەوتوونە	دەکەوتن	کەوتبوون
کەوت	کەوتووە	دەکەوت	کەوتبوو
کەوتن	کەوتوونە[1]	دەکەوتن	کەوتبوون

ب-

(١)	(٢)	(٣)	(٤)
خوێندم	خوێندوومە	دەم خوێند	خوێندبووم
خوێندمان	خوێندوومانە	دەمان خوێند	خوێندبوومان
خوێندت	خوێندووتە	دەت خوێند	خوێندبووت
خوێندتان	خوێندووتانە	دەتان خوێند	خوێندبووتان
خوێندی	خوێندوویە (یەتی)	دەی خوێند	خوێندبووی
خوێندیان	خوێندوویانە	دەیان خوێند	خوێندبوویان

---

(١) هەندێ جار لە شێوەزاری سلێمانی لەکاتی ئاخافتندا دەوترێت (کەوتووم – کەوتووین) (کەوتوویت، کەوتوون) (کەوتووە– کەوتوون)ە.

پ-

دەچم	دەخۆم[1]
دەچین	دەخۆین
دەچیت	دەخۆیت
دەچن	دەخۆن
دەچێت	دەخوات
دەچن	دەخۆن

ئەگەر بڕوانینە ئەو وشانەی سەرەوە، لە شێوە[2] و ناوەڕۆکیان[3] بکۆڵینەوە دەبینین:

(١) لە کرمانجی ژووروودا نیشانەی (دە) یان دەبێ بە (د) بۆ کاتی ئێستا یان (دێ) بۆ کاتی داهاتوو وەك دچم، دێ چم.

(٢) شێوە: شکل

(٣) ناوەڕۆك: محتوی.

١- هەموویان کارن و کارێك نیشاندەدەن، کارەکە بەردەمێك لە دەمەکان کەوتووە (ڕابردوو یان ڕانەبردووە) دراوەتە پاڵ کەسێك، کەسەکە تاك یان کۆیە لە دەوری بکەردا.

٢- ئەو کارانە لە شێوەدا لەیەك جیان و هەر یەکەیان واتایەك دەبەخشێت.

٣- ئەو دەم و کەسانەی، کە لەگەردان کردندا دراونەتە پاڵ هەر یەکێکیان بووەتە هۆی گۆڕینی شێوەیان، بۆیە بە هەر یەکێك لەو شێوانە دەگوترێت (ڕێژەی کار)[1] .

ئـ- کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، بە هاوکاری کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م ، ین - یت، ن - Ø ، ن) دەبێت.

---

(١) ڕێژە: صیغة: مەبەست لە ڕێژە گەردانکردنی کارە (تصریف الفعل).

ئەگەر کار ڕابردووی تێنەپەڕ بوو، ئەوا جێناوە لکاوەکان لە کۆتایی داڕشتنی کارەکەدا دەبن، لە هەموو دەمەکانی ڕابردوودا جگە لە ڕابردووی تەواو نەبێت وەك: لە نموونەکانی بەشی (ئـ) نیشاندراون.

ب- کاری ڕابردووی تێپەڕ بـە هاوکـاری کۆمەڵـە جێنـاوی لکـاوی (م. مـان ــ ت. تان ــ ی. یان) دەبێت[1].

١- ئەگەر کار لە دەمـی ڕابـردووی نزیکـی ڕاگەیاندنـدا بـوو[2]، ئـەوا جێنـاوە لکاوەکان لەکۆتایی داڕشتنی کارەکەدا دەبن، وەك لە نموونـەکانی بەشـی (ب) ڕیزی (١) نیشاندراون.

٢- ئەگەر کـار لـە دەمـی ڕابـردووی تـەواوی ڕاگەیاندنـدا بـوو، ئـەوا جێنـاوە لکاوەکان، نیشانەی ڕابردووی تەواو (وە) کەرت دەکـەن و دەچـنە نێـوان نیشـانەی ڕابـردووی تـەواوەوە، وەك لـە نموونـەکانی بەشـی (ب) ڕیـزی (٢)نیشاندراون.

---

(١) ئەم جێناوە لکاوانە (مان، تان، یان) بەم شێوانە دروستکراون

مان = (م+ ان).

تان = (ت+ ان).

یان = (ی+ ان).

(٢) ئەگەر کار پاشگری (ەوە)ی پێوەبوو، ئـەوا جێنـاوی لکـاوی ڕێـژەی کـار، دەچـێتە پـێش پاشگرەکە.

٣- ئەگەر کار لە دەمی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندندا بوو، ئەوا جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای نیشانەی (دە)ی ڕابردووی بەردەوامەوە، وەك لە نموونەکانی بەشی (ب) ڕیزی(٣) نیشاندراون.

٤- ئەگەر کار لە دەمی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندندا بوو، ئەوا جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای نیشانەی (بوو)ی ڕابردووی دوور، وەك لە نموونەکانی بەشی (ب) ڕیزی (٤) نیشاندراون.

پ- ڕێژەی کار لە کاری ڕانەبردوو (ڕاگەیاندن، دانانی) بەهۆی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی(٣) دێتەدی، کاری ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ) بە هاوکاری کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م . ین ــ یت . ن ــ (ات – ێت). ن) دەبێت.

ئەگەر کارەکە ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ) بوو، ئەوا جێناوە لکاوەکان دەچنە کۆتایی ڕەگی کارەکە وەك لە نموونەکانی بەشی (جـ) نیشاندراون.

تێبینی:

ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە سادە بوو، لەشێوەی نەرێدا بوو، لە هەموو دەمەکانی ڕابردوودا، جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای ئامرازی (نەرێ)، بەلام ئەگەر داڕێژراو یان لێکدراو بوو، جێناوە لکاوەکان دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

کەس	تاک	کۆ
یەکەم	ناردم	ناردمان
دووەم	ناردت	ناردتان
سێیەم	ناردی	ناردیان

کەس	تاک	کۆ
یەکەم	خەوتم	خەوتین
دووەم	خەوتیت	خەوتن
سێیەم	خەوت	خەوتن

کەس	تاک	کۆ
یەکەم	دەچم	دەچین
دووەم	دەچیت	دەچن
سێیەم	دەچێت	دەچن

کەس	تاک	کۆ
یەکەم	دەنووسم	دەنووسین
دووەم	دەنووسیت	دەنووسن
سێیەم	دەنووسێت	دەنووسن

---

* لە کرمانجی ژووروودا لەجیاتی جێناوی لکاوەکانی (م، ت، ی، مان ... هتد) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا جێناوەکەسیە جوداکانی(من، تە، (وی، وێ) ، مە، وە، وان) بەکاردەهێنرێت. وەك من چاند، وی چاند ... هتد.

کەس	تاك	کۆ
١	وەردەگرم	وەردەگرین
٢	وەردەگریت	وەردەگرن
٣	وەردەگرێت	وەردەگرن
١	بانگ دەکەم	بانگ دەکەین
٢	بانگ دەکەیت	بانگ دەکەن
٣	بانگ دەکات	بانگ دەکەن

بەکورتی:

پێویستە بوترێ (ڕێژەی کار) ئەو شێوەیەیە کە کار بە پێی دەم و کەس و ژمارەی کەس لە گەردان کردندا دەردەکەوێت، کاریش شەش ڕێژەی هەیە.

ڕاهێنان(١)

کار بەپێی دەم و کەس چەند ڕێژە وەردەگرێت؟

لەم کارانەدا (بەست ، چووبا) نیشانی بدە؟

ڕاهێنان (٢)

١- لە چ کاتێکدا جێناوی کەسیی لکاوی ڕێژەی کار دەکەوێتە نێوان ئەم نیشانەیە (وە)؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

٢- ئەم جێناوە لکاوانە (م ـ ین، یت ـ ن، (ات – ێت).ن) چ کاتێك بەکاردێن بۆ ڕێژەی کار؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنان (٣)

١- جێناوی کەسیی لکاوی ڕێژەی کار بەپێی کەس و ژمارە دەکەوێتە چ شوێنێکی ئەو کارانە (دەڕشت، دەهات)، بۆچی؟

٢- کاتێك کاری تێپەڕ بەکار هات، جێناوی لکاوی ڕێژەی کار دەچێتە کۆتایی بەشی یەکەمی کارەکە، ئەمە لە چ دەمێکی کاری ڕابردوو داهەیە؟ ڕوونی بکەوە.

٣- ئایا دەگونجێت جێناوی لکاوی ڕێژەی کار بچێتە دوای ئامرازی نەرێ؟ کەی ئەوە دەبێت؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنان (٤)

لەم کارانەی خوارەوەدا ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن و دانانی دروستبکە، ئینجا بیاندە پاڵ جێناوە کەسییە لکاوەکان

(چاپکردەوە، پێداچووەوە).

٣- شێوازی ڕێژەی داخوازی

/١

(ئـ)	(ب)
لێکۆڵینەوەکە بنووسە.	لێکۆڵینەوەکە مەنووسە.
کتێبەکە هەڵبگرە.	کتێبەکە هەڵمەگرە.
لەگەڵ فرۆشیارەکە ڕێك بکەوە.	لەگەڵ فرۆشیارەکە ڕێك مەکەوە.

/٢

گۆڤارەکە بکڕن.	گۆڤارەکە مەکڕن.
لە ژوورەوە دابنیشن.	لە ژوورەوە دامەنیشن.
شانۆگەرییەکە پێشکەش بکەن.	شانۆگەرییەکە پێشکەش مەکەن.

/٣

نانەکەت بخۆ.	نانەکەت مەخۆ.
پێنووسەکەت دابنێ .	پێنووسەکەت دامەنێ.
منداڵەکە بانگ بکە.	منداڵەکە بانگ مەکە.

ڕێژەی داخوازی، فەرمان و داوا و ووریاکردنەوەیە بۆ بەجێهێنان یان بەجێنەهێنانی کارێك، لە لایەن کەسی دووەمی تاك، یان کەسی دووەمی کۆ. ئەم ڕێژەیە نیشانە و پێکهاتنی تایبەتی خۆی هەیە، کەرەستەی پێکهاتنی بریتییە لە، ڕەگی کاتی ڕانەبردووی کار و نیشانەی (بـ) لە پێشییەوە و جێناوی کەسی لکاو لەدوایەوە دەبێت، (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك و (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێژەی ئەو کارانەی لە ڕیزی ژمارە (١) بەشی (ئـ) نیشان دراون (بنووسە ــ هەڵبگرە ــ ڕێك بكەوە) دەبینین داوا لە کەسی دووەمی تاك دەکرێت، کە کارێك بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام لە ڕستەکانی بەشی (ب) (مەنووسە ــ هەڵمەگرە ــ ڕێك مەکەوە) داوا لە کەسی دووەمی تاك بکرێت بۆ نەکردنی کارێك کە بەهۆی نیشانەی (مە)ەوە نەرێ کراوە.

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێژەی ئەو کارانەی کە لە ڕیزی ژمارە (٢) بەشی (ئـ) نیشان دراون، کە بریتین لە (بکڕن ــ دابنیشن ــ پێشکەش بکەن) داوا لە کەسی دووەمی کۆ دەکرێت بۆ کردنی کارێك، هەروەها ڕستەکانی بەشی (ب) (مەکڕن ــ دامەنیشن ــ پێشکەش مەکەن) داوا لە کەسی دووەمی کۆ دەکرێت بۆ نەکردنی کارێك، کە بەهۆی نیشانەی (مە) نەرێ کراوە.

هەروەها ئەو کارانەی ڕەگی کاریان کۆتایی بە پیتی (نەبزوێن) هاتووە، ئەوا لە ڕێژەی داخوازیدا بەئاسانی جێناوی کەسی لکاو (ە) یان (ن) وەردەگرێت وەکو لە ڕستەکانی ژمارە (١، ٢) نیشان دراون، بەڵام ئەگەر ڕەگی کارەکە کۆتایی بە پیتی (بزوێن) هاتبوو ئەوا جێناوی لکاوی (ە)ی کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، بەڵام جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ دەردەکەوێت، وەکو لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە(٣)دا لەباری (ئەرێ و نەرێ)دا نیشان دراون.

* کاری (هات) ڕەگەکەی (هێ)یە، بۆ سووك کردنیش هەندێ جار دەبێتە (ێ) کارە داخوازییەکەش دەبێتە (بێ ، بێن) ، لێرەدا (ە) دەرناکەوێت لە کەسی دووەمی تاکدا بەڵام ئەم کارە شێوەی تری هەیە، وەك (وەرە – وەرن) تەنیا جێناوەکان بەپێی دەستووره گشتییەکەی داخوازین دەنا نە (وەر) ڕەگی (هاتن)ە، نە (بـ) دەرکەوتووە.

شایانی باسە ئەگەر کارەکە لەڕووی دارشتنەوە (دارێژراو) یان (لێکدراو) بێت، لەکاتی ئاخاوتن و وتندا بەزۆری (بـ) دەرناکەوێت، بەڵام چاکتر وایە لەکاتی نووسیندا بنووسرێت، وەك:

وەربگرە – وەرگرە.

سەربخە – سەرخە.

فریابکەوە – فریاکەوە

بەکورتی:

ڕێژەی داخوازی، ئەو ڕێژەیەیە کە قسەکەر بەشێوەی داوا و فەرمان، داوا لە کەسی دووەمی تاك، یان دووەمی کۆ دەکات بۆ بەجێهێنان یان بەجێ نەهێنانی کارێك.

بۆ دارشتنی کاری داخوازی، ڕەگی کاری ڕانەبردوو وەردەگیرێ و نیشانەی (بـ) لە پێشییەوە دادەنرێت و جێناوی کەسی لکاو (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك و (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ لە دواوە پێوە دەلکێنرێت.[1]

بـ + ڕەگی کار +
- **ە: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك**
- **ن: جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.**

ڕانەبردوو	ڕەگ	ڕێژەی داخوازی
دەفرۆشێت	فرۆش	بفرۆشە، بفرۆشن
دادەگرم	داگر	دابگرە، دابگرن

(1) ئـ– کار هەیە لە دەستوور لادەدات بەتایبەتی کە دەدرێتە پاڵ کەسی دووەمی تاك وەك (بچۆ) (وەرە) (هەڕە) ئەگەر کارەکە کۆتایی بە پاشگری (ەوە) هاتبوو، ئەوا لە ڕێژەی داخوازیدا لەپاڵ کەسی دووەمی تاك پیتی (ر) دەکەوێتە نێوانیانەوە، وەك (بخوێنەرەوە، بهێنەرەوە ...)

ب– ئەگەر کۆتایی ڕەگی کارەکە پیتێکی (بزوێن) بوو، ئەوا دیسان پیتی (ر) دەکەوێتە نێوان کۆتایی ڕەگی کارەکە و پاشگرەکەوە، وەك (بکەرەوە ، بخۆرەوە ......)

پ– جێناوی لکاوی (ە–ن) لەکاری داخوازی (تێپەڕ – تێنەپەڕ) ی (سادە – دارڕاو – لێکدراو) دەبن بە بکەر و دەچنە کۆتایی ڕەگی کارەکە.

ڕاهێنان (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەو کارانەی کە بۆ شێوازی داخوازی بەکارهاتوون دەریان بهێنە:

١- دڵسۆزی گەلی کورد ببە.

٢- پەرلەمانی کوردستان بپارێزن.

٣- لە هەموو هەورێك باران نابارێت.

٤- وەك هەنگ بگەڕێ گۆرانی بڵێ

لادە جار جارێ بۆ بەرپێی گوڵێ.

٥- وێنەکە مەشێوێنە.

ڕاهێنان (٢)

لەڕێژەی داخوازیدا (ە) چییە؟ کەی دەردەکەوێت؟

کەی دەرناکەوێت، وەڵامەکانت بە نموونەوە بسەلمێنە.

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:

١- گۆڤارەکان چاپ بکەن.

٢- پەخشانەکە بخوێنەرەوە.

٣- بەخۆشی بژی.

ڕاهێنان (٤)

لە ڕستەی (پڕۆژەکە تەواوبکە).

١- کوا بکەری ئەم ڕستەیە؟

٢- ئایا دەتوانیت نیشانەی (بـ) لەکارەکە بەکارنەهێنیت؟ چۆن؟

٣- وشەی (پڕۆژەکە) شیبکەوە.

٤- شێوازی ڕستەکە بکە بە شێوازی دانانی.

٤- شێوازی مەرجی

(ڕستەی ئاوێتەی مەرج)

١- ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین.

٢- هەتا ڕەنج نەکێشیت، گەنج نانۆشیت.

٣- تا نیڤا دەستی ڕەش نەبیت، تاما دەڤی خۆش نابیت.

٤- کە ڕاپەڕین بەرپابوو، بەئامانج گەیشتین.

٥- کەی بایەخ بە پیشەسازی بدرێت، ولات پێش دەکەوێت.

٦- ئەگەر نەورۆز هات، ئەم دێ چینە سەیرانێ.

٧- کەی چوویت بۆ پەڕتووکخانە، گۆڤارەکە ببەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕستانەی سەرەوە و چاوێك بە ڕێژەی کارەکان بخشێنین، کە تیایاندا بەکارهێنراون، دەبینین هەر ئەو کارانەن کە لە شێوازی ڕاگەیاندن یا دانانی یا داخوازی بەکارهێنراون، بەڵام مەبەست لەم ڕستانەدا گۆڕاوە، واتە کارەکان بۆ مەبەستی بنجی خۆیان کە (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی)یە بەکارنەهێنراون، بەڵکو بۆ مەبەستی مەرج بەکار هێنراون.

ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەبینین. لە ڕستەی یەکەمدا کاری (یەك بگرن) ڕێژەکەی ڕانەبردووی دانانییە، کاری (سەردەکەوین) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ئەمە لەڕووی ڕێژەوە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

واتە ڕوودانی کاری (یەك بگرین) مەرجە بۆ ڕوودانی کاری (سەردەکەوین).

لە ڕستەی دووەمدا کاری (ڕەنج نەکێشیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی دانانییە، کاری (گەنج نانۆشیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، ئەمە لەڕووی ڕێژەوە بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی

مەرج بەکارهێنراون. واتە ڕوودانی کاری ڕەنج نەکێشیت مەرجە بۆ ڕوودانی کاری گەنج نانۆشێت.

لە ڕستەی سێیەمدا کاری (ڕەش نەبیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی دانانییە، کاری (خۆش نابیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ئەمە لەڕووی ڕێژەوە بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

واتە ڕوودانی کاری (نەبێت) مەرجە بۆ ڕوودانی کاری (نابێت) بۆیە بەم شێوانەی ڕێژەی کار لە بەکارهێناندا دەگوترێ شێوازی مەرج.

لە ڕستەی چوارەمدا کاری (بەڕیابوو) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کاری (گەیشت) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ئەمە لەڕووی ڕێژەوە بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون، بۆیە بەم شێوانەی ڕێژەی کار لە بەکارهێناندا دەگوترێ شێوازی مەرج.

لە ڕستەی پێنجەمدا کاری (بایەخ بدرێت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی داناذیيە، کاری (پێشدەکەوێت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون. واتە ڕوودانی کاری (بایەخ بدرێت) مەرجە بۆ ڕوودان و ئەنجام دانی کاری (پێشدەکەوێت). بۆیە بەم شێوانەی ڕێژەی کار لە بەکارهێناندا دەگوترێ شێوازی مەرج.

لە ڕستەی شەشەمدا کاری (هات) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنەکاری (دێچین) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج

بەکارهێنراون. واتە ڕوودانی کاری (هات) مەرجە بۆ ڕوودانو ئەنجام دانی کاری (دێ چین). بۆیە بەم شێوانەی ڕێژەی کار لەبەکار هێنانـدا دەگـوترێ شێوازی مەرج.

لەڕستەی حەوتەمدا کاری (چوو) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کاری (ببـەوە) ڕێژەکـەی داخوازییـە، ئەمـە لـەڕووی ڕێـژەوە بـەڵام لـە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بـۆ مەبەسـتی مـەرج بـەکارهێنراون. واتە ڕوودانـی کـاری (چـوو) مەرجـە بـۆ ڕوودانـی کـاری (ببـەوە). بۆیـە بـەم شێوانەی ڕێژەی کار لەبەکارهێنانـدا دەگوترێ شێوازی مەرج.

کەواتـە لـەم ڕسـتانەی سـەرەوەدا ئـەوەی بۆمـان ئاشـکرا دەبێـت ئەمانـەی خوارەوەن.

١- ڕستەی شێوازی مـەرجی هەمیشـە ڕسـتەیەکی ئاوێتـەی مەرجـەو لـە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە.

ئ- ڕستەی کاری مەرج یا پاڕستە.

ب- ڕستەی وەڵامی مەرج کە ڕستەیەکی سەرەکییەو مەبەستەکە لەم ڕستەیە دەردەکەوێت. هەروەها پێی دەگووترێت شاڕستە.

٢- لـە ڕسـتەی ئاوێتـەی مەرجـدا (ڕسـتەی شـێوازی مەرجیـدا) کـار ڕێـژەی تایبەتی خـۆی نییـە، بەڵـکو هـەر ئـەوکارانەن کـە لەشـێوازی (ڕاگەیانـدن ، دانانی ، داخوازی) بەکار هێنراون بـەڵام لێـرەدا بـۆ مەبەسـتی بنجـی خۆیـان بەکار نەهێنراون، بەڵکو بۆمەبەستی مەرج بەکار هێنراون.

٣- لەڕسـتەی کـاری مـەرج (پاڕسـتە) ڕێـژەی کـار هەمیشـە (ڕاگەیاندنـە یـا دانانییە)، لـە ڕسـتەی وەڵامـی مەرجیشـدا (شاڕسـتە) ڕێـژەی کـار هەمیشـە (ڕاگەیاندنە یا داخوازییە).

٤- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا بەشێوەیەکی گشتی ڕستەی کاری مەرج دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە، بەڵام دەگونجێ هەندێ جار ڕستەی وەڵامی مەرج بکەوێتە سەرەتای ڕستەکە.

وەکو: دەچین بۆ سەیران، کە نەورۆز هات.

گوڵەکانم چاندووە، ئەگەر ئاژەڵ نەیان خوات.

٥- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا ئامرازی لێکدەر(تا، هەتا، کە، هەکە، کەی، ئەگەر....) پێیان دەگوترێ ئامرازی لێکدەری مەرج.

بەکورتی:

ئـ- لەکاتی بەکارهێنانی کار لە ڕستەدا ئەگەر ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر، لەو بارەیدا بەو کارە، بەڕێژەو ناوەڕۆکییەوە دەگوترێ ڕستەی ئاوێتەی مەرج (شێوازی مەرج).

ب: ڕستەی ئاوێتەی مەرج لەدوو ڕستە پێکدێت:

ڕستەی کاری مەرج، ڕوودان و بەئەنجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ڕستەی وەڵامی مەرج، ڕستەی وەڵامی مەرج کە ڕستەیەکی سەرەکییە، ڕوودان و بە ئەنجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە بەستراوەتەوە بەڕوودانی کاری ڕستەی کاری مەرج.

ڕاهێنان (١)

لەڕستەی ئاوێتەی مەرجدا چەند جۆرە کار هەیە؟ لە چ ڕێژەیەکدا دەبن و بۆ چ بەکاردەهێنرێن؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنان (٢)

لەڕستەی (زوو بڕۆ، کارەکە ئەنجام بدە).

١- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان؟

٢- بکەری هەردوو ڕستەکە دیاربکە؟

٣- لەکاری (بڕۆ) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دروست بکە و لەکاری (ئەنجام بدە) ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکە، ئینجا ڕستەکە بەشێوەی ڕستەی ئاوێتەی مەرج بنووسەوە.

ڕاهێنان (٣)

لەڕستەی (کەی نەورۆز هات، ئاگری خۆشیی هەڵدەکەین).

١- جۆری ڕستەکە دیاربخە؟

٢- وشەی (کەی) شیبکەوە.

٣- وشەی (هات، هەڵدەکەین) شی بکەوە.

٤- ئەم ڕستەیە لە چەند ڕستە پێکهاتووە و هەریەکەیان چی پێ دەگوترێت؟ ئایا دەتوانین جێیان بگۆڕین؟

ڕاهێنان (٤)

ئایا لەڕستەی شێوازی مەرجیدا کار ڕێژەی تایبەتی خۆی هەیە؟ بە نموونە ڕوونی بکەوە.

ڕاهێنان (٥)

نموونەیەك لە شیكردنەوە.

ئەگەر ئەوان هاتبان، كارەكەیان ئەنجام دەدا.

ئەگەر ئەوان هاتبان: ڕستەی كاری مەرجە.

ئەگەر: ئامرازی لێكدەری مەرجە.

ئەوان: جێناوی كەسی سەربەخۆیە، بۆ كەسی سێیەمی كۆ، بكەرە.

هاتبا: كاری ڕابردووی نزیكی دانانییە، لێرە بۆ مەرج بەكارهاتووە، كاری مەرجە، تێنەپەڕە.

ن: جێناوی كەسی لكاوە، بۆ كەسی سێیەمی كۆ، بۆ بكەر دەگەڕێتەوە.

كارەكەیان ئەنجام دەدا: ڕستەی وەلامی مەرجە

كارەكە: ناوە، تاكە، ناسراوە، بەركارە.

یان: جێناوی لكاوە بۆ كەسی سێیەمی كۆ، بكەرە.

ئەنجام دەدا: كاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە، لێرە بۆ مەرج بەكارهاتووە، كاری وەلامی مەرجە، لێكدراوە، تێپەڕە.

تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بكەوە.

ئـ: كەی بوویت بە ئەندازیار، گوندەكان ئاوەدان بكەرەوە.

ب: ئەگەر باش بخوێنیت، دەردەچیت.

کاری چاوگی (بوون)

(ئـ)

١- پارەم هەبوو.	پارەم هەیە.	پارەم دەبێت.
٢- هەم بوو.	هەمە.	دەمبێت.
٣- نازەنین منداڵی بوو.	نازەنین منداڵی هەیە.	نازەنین منداڵی دەبێت

(ب)

١- چراکە هەڵبوو.	هەڵدەبێت.
٢- ئازاد ژ خەو ڕابوو.	ڕادەبێت.
٣- کارەکە تەواو بوو.	تەواو دەبێت.
٤- کاوە سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی	سوور دەبێت.

(پ)

١- کاوە مامۆستایە.

٢- پێشکەوتنمان بە خوێندنە.

٣- هاوینە هەواری شەقلاوە فێنکە.

٤- ئاهەنگەکە بەشەو بووە.

(ت)

١- ڕەنگە ئاوەکە ببێت بە سەهۆڵ.

٢- سەرکەوتن بە تێکۆشانە.

٣- پێنووسەکەی تۆ بە من بوو.

٤- هەنارەکان ترشن.

(چ)

١- دەبوو[1] چووبام لە گەڵتان.

٢- دەبوو یارمەتیم دابا.

٣- دەبێت ئەمساڵ دەربچم.

چاوگی (بوون) وەکو هەموو چاوگێکی دی، سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی دەمەکانی کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو)، کە بریتین لە:-

١- ڕابردوو : بوو

٢- ڕانەبردوو ← (ە) بۆ دەمی ئێستا.
← (دەبێت) بۆ دەمی داهاتوو.

ئەم کارانە وەکو کاری (تەواو) و (ناتەواو) بە تێپەڕو تێنەپەڕ، لە ڕستەی کوردیدا ئەرکەکانیان ئەنجامدەدەن.

کاری تەواو:

ئەو کارانەی لە چاوگی (بوون) پەیدادەبن، وەکو کاری تەواوی تێپەڕ لە ڕستەدا دەرەکەون، لە کاتێکدا ئەگەر بۆ خاوەنداریتی (تملك) یان بۆ منداڵبوون بەکارهات، ئەو دەمە دەبنە کاری تەواوی تێپەڕ لە ڕێگای بەرکارەکانیانەوە، ئەرکەکانیان ئەنجامدەدەن، ئەم کارانە لەبنەڕەتدا لە چاوگی (هەبوون)ەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام وشەی (هە) لە هەندێك باری ڕستەدا دەرناکەوێت یان ناوترێت، هەروەکو لە ڕستەکانی بەشی (أ) دا دەردەکەون.

---

[1] هەروا (دەبوایە)ش دەبێت.

پارەم هەبوو.	پارەم هەیە.	پارەم دەبێت.
هەم بوو.	هەمە.	دەمبێت

لە ڕستەی (پارەم هەبوو..........) (بوو) کاری تەواوی تێپەڕە، بەرکارەکەی وشەی (پارە)یە، جێناوەکەشی (م)ە، کە بووە بە بکەری ڕستەکە.

لە ڕستەکانی (هەم بوو)[1] وشەی (هە) لەگەڵ کاری ڕابردوو (بوو) و ڕانەبردوو (ە) بۆ دەمی ئێستا دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕانەبردوودا بۆ دەمی داهاتوو لە شێوەی (دەمبێت)دا کەوتووەتە بەر چاو.

هەر لەم چاوگەوە کاری تەواوی تێنەپەڕ ساز دەکرێت، ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین:

کارەکان وەکو کاری تەواوی تێنەپەڕ، لە ڕستەکاندا دەرکەوتوون بەتەنها ئەرکی بکەرەکانیان ئەنجامداوەو واتای ڕستەکانیان تەواوکردووە.

لە ڕستەی (١-٢)دا بەهۆی پێشگری (هەڵ ، ڕا) وە کاری داڕێژراوی تەواوی تێنەپەریان پێکهێناوە، کە بەتەنها ئەرکی بکەرەکانیان ئەنجامداوە، واتای ڕستەکانیان تەواوکردووە، بەڵام لە ڕستەی (٣ ، ٤)دا، کارەکان هەریەکەیان لەگەڵ وشەی (تەواو ، سووڕ)دا کارێکی لێکدراوی تەواوی تێنەپەریان پێکهێناوە، ئەرکی بکەرەکانیان گەیاندووەتە ئەنجام و واتای ڕستەکانیان تەواوکردووە.

---

[1] ئەگەر بە واتای بوون (الوجود) هات، ئەو دەمە دەبێتە کاری تەواوی تێنەپەڕ.

من هەبووم- من هەم- من دەبم (وجود).

کاری ناتەواو:

لە هەندێك باری ڕستەدا کارەکانی (بوو –ە– دەبێت)، ناتوانێت ئەرکی نیهادەکانیان ئەنجامبدەن، یان واتای ڕستەکان تەواو بکەن، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە وشە یان بەشێکی تر دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە تەواو بکەن، ئەو دەمە بەو کارانە دەوترێت کاری (ناتەواو)، ئەو وشەو بەشانەش، کە دەبنە پاڵپشت بۆ ئەو تەواوکردنە پێیان دەوترێت (تەواوکەر)، کە بریتین لە (ناو ، جێناو ، هاوەڵناو، هاوەڵکار، چاووگ)، کە بەشێوەی تەواوکەر و تەواوکەری بەیاریدە ئەرکی تەواوکردنی کارە ناتەواوەکە ئەنجامدەدەن. لێرەدا با بزانین ئەم تەواوکردنە چۆن و بە چ شێوەیەك تەواو دەکرێن، ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (پ) دەبنین:

لە ڕستەی (١)دا ناوی (مامۆستا)[1] ، کە ناوێکی گشتییە، تەواوکەری کاری (ە)ی ناتەواوە، ئەگەر ئەم ناوە نەبووایە، کاری (ە) لەگەڵ نیهادەکەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەکە تەواو بکات.

لە ڕستەی (٢)دا، بە هەمان شێوە، چاوگی (خوێندن)، کە وەکو ناوێکی واتایی لە ڕستەکە دەردەکەوێت، ئەرکی تەواوکردنی کاری (ە) ناتەواوی وەرگرتووە، ئەگەر ئەم ناوە نەبووایە، کاری ناتەواوی (ە) لەگەڵ نیهادەکەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەکە تەواوبکات.

---

(١) هەموو ناوێك (گشتی، واتایی ، تایبەتی) دەبنە تەواوکەر بۆ کاری ناتەواو.

* هەموو جێناوێکی جودا (کەسی جودا، پرس، خۆیی، نادیار، نیشانە) هەروەها جێناوی هەیی لەگەڵ دیار خەرەکەی دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

لە ڕستەی (٣)دا، هاوەڵناوی چۆنیەتی (فێنك) ئەركی تەواوكردنی كاری (ە)ی ناتەواوی وەرگرتووە، ئەگەر ئەم هاوەڵناوە نەبووایە، كاری (ە)لەگەڵ نیهادەكەی دا نەیدەتوانی واتای ڕستەكە تەواو بكات.

لە ڕستەی (٤)دا، هاوەڵكاری (بەشەو)ئەركی تەواوكردنی (بوو)ی ناتەواوی وەرگرتووە، ئەگەر ئەم هاوەڵكارە نەبووایە كاری ناتەواوی (بوو) لەگەڵ نیهادەكەیدا نەیدەتوانی واتای ڕستەكە تەواو بكات.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەكانی بەشی (ت)، دەبینین:

لە ڕستەی (١)دا، ناوی (سەهۆڵ) تەواوكەری بەیاریدەی كاری ناتەواوی (دەبێت)،ە، ئەگەر ئەم ناوە نەبووایە، كاری ناتەواوی دەبێت لەگەڵ نیهادەكەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەكە تەواوبكات، بوونایەتیو ئەو گۆڕانكارییە دەربخات، كەبەسەر ناوەكەدا هاتووە.

لە ڕستەی (٢) دا، چاوگی (تێكۆشان) كە وەكوو ناوێكی واتایی، تەواوكەری بەیاریدەی كاری ناتەواوی(ە)یە ئەگەر ئەم ناوە نەبووایە، كاری ناتەواوی(ە) لەگەڵ نیهادەكەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەكەی تەواو بكات.

لە ڕستەی (٣)دا، جێناوی كەسی جودای (من) تەواوكەری بەیاریدەی كاری (بوو)ی نا تەواوە، ئەگەر ئەم جێناوە نەبووایە، كاری (بوو)ی ناتەواو لەگەڵ نیهادەكەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەكە تەواوبكاتو ئەو گۆڕانكارییە نیشانبدات، كە لەجێناوی (تۆ)وە چووە بۆ جێناوی (من).

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێت، كە هەرچی(هاوەڵناو، هاوەڵكار)ە، بە شێوەی تەواوكەر، كاری ناتەواو تەواو دەكەن. هەر ئەم كارە لە چەند بارێكی تردا وەكو كاری یاریدەدەر، لەگەڵ كارەكانی شێوازی دانانی دەردەكەون، هەروەكو لە ڕستەكانی بەشی (جـ)دا، لە شێوەی (دەبوو، دەبووایە دەبێت)،

که هەمیشە دەکەونە پێش کارە سەرەکییەکانەوە، بۆ دەرخستنی هەندێك لایەنی ڕێزمانیی بۆ کارە سەرەکییەکان.

نەرێ کردنی ئەم کارە:

ئـ- دەمی ڕابردوو:

بە دانانی نیشانەی (نە)ی نەرێ لەبەردەم کارەکەدا.

پارەم بوو. ← پارەم نەبوو.

ئاهەنگەکە بە شەو بوو. ← ئاهەنگەکە بەشەو نەبوو.

دەبوو. ← نەدەبوو.

ب- دەمی ئێستا:

بە دانانی نیشانەی (نی) لەبەردەم کارەکەدا.

پارەم هەیە. ← پارەم نییە.

کاوە مامۆستایە. ← کاوە مامۆستا نییە.

پ - دەمی ڕانەبردوو

بە گۆڕینی نیشانەی (دە) بە نیشانەی (نا)

پارەم دەبێت. ← پارەم نابێت.

ئاوەکە دەبێت بە سەهۆڵ. ← ئاوەکە نابێت بە سەهۆڵ.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە:

١- کاری ناتەواوی لە ڕووی کاریگەرییەوە (تێنەپەڕە).

٢- کاری (بوو - ە - دەبێت) لە هەموو بارێکدا ناکرێت بە بکەر نادیار .

٣– کاری نا تەواو (ە) بۆ دەمی ئێستا لە ڕستەدا دەرناکەوێت، ئەگەر جێناوە کەسییە لکاوەکان دیارو ئاشکرابن (م ، ین ، یت ، ن، (–) ، ن)، بە واتا کارەکە بکەوێتە نێوان (وشەکە)[1] و جێناوە کەسییە لکاوەکان

کوردم   کوردین.

کوردیت   کوردن.

کوردە   کوردن.

بە کورتی:

ئەو کارانەی لە چاوگی (بوون)ەوە وەرەگیرێن، ئەگەر بۆ خاوەنداریێتی (تملك) یان لە منداڵبوون بەکارهاتن، دەبنەکاری تەواوی تێپەڕ.

بەشێوەیەکی گشتی، پێشگر، کە دەچێتە سەر ئەو جۆرە کارانە، کارەکە دەکەن بە کاری تەواوی تێنە پەڕی داڕێژراو.

کاری لێکدراو، کە لە چاوگی (بوون)ەوە، وەردەگیرێت کەوشە واتادارەکەی بوو بە واتا بۆ کارەکە، ئەو دەمەکارەکە دەکات بە کارێکی تەواوی لێکدراوی تێنە پەڕ.

ئەگەر کاری (بوو - ە – دەبێت) نەیتوانی بە تەنها واتای ڕستەکە تەواو بکات، پێویستی بە وشە یان بەشێکی تر هەبوو، ئەو دەمە ئەو کارانە دەبنەکاری ناتەواو.

ئەو بابەتە ڕێزمانییانەی کاری ناتەواو تەواو دەکەن، وەکو تەواوکەر و تەواوکەری بەیاریدە، بریتین لە (ناو – جێناو).

[1] مەبەست لەوشە (ناو ــ هاوەڵناو ــ جێناوە کەسییە سەربەخۆکان)ە.

ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا

١- دەبێتە کاری ناتەواو لە ڕستەی سادەدا، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەدا نەبوو. بۆ نموونە:

بەرزترین لوتکە لە چیاکانی کوردستاندا، ئاراراتە.

٢- دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لە کاری داخوازیدا، ئەرکی بکەر دەبینێت. بۆ نموونە:

بخوێنە، تا دەربچیت.

٣- دەبێتە ئامرازی پەیوەندی، دەلکێت بە کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی جێگای ئامرازی (بۆ ، بە) دەگرێتەوە.

کاوە هاتە لامان. - بۆ = کاوە هات بۆ لامان.

ئازاد دەبێتە ئەندازیار - بە = ئازاد دەبێت بە ئەندازیار.

بڕۆنە دەرێ. - بۆ = بڕۆن بۆ دەرێ.

٤ - هەندێك جار بە دوای ناو دادێت بۆ مەبەستی بانگکردن:

کورەبخوێنە، بەرچاوت تەمە.

٥- دەبێتە پاشگر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

چاك ← چاکە.

سەوز ← سەوزە.

دەست ← دەستە.

٦- دەبێتە ئامرازی پێناسین، کە کورتکراوەی (ەکە)ی ناساندنە.

ژنە هەژاربوو، بۆیە دەگریا.

٧- دەبێتە ئامرازی لێکدەر بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو. بۆ نموونە:

ڕەشەبا، گوڵە گەنم.

٨- دەبێتە جێناوی کەسی لکاو. بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لە کردمانجی ژووروودا[1] . بۆ نموونە:

ئەو چیرۆکێ دنڤیسە.

ئەو دکەڤە.

٩- دەبێتە پاشگر لەگەڵ هەندێك قەدی چاوگدا بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو

کرد ← کردە ، برد ← بردە.

کوشت ← کوشتە.

١٠- دەبێتە ئامرازی دانەپاڵ و گرێی ناوی دروست دەکات لەو کاتەی کە لە نێوان ناوێکی ناسراو ، دیار خراو بە هاوەڵناوی چۆنیەتی دێت بۆ نموونە:

مەڕە لاوازەکە،هەنارە مزرەکە

---

[1] : لە هەندێ ناوچەی ئەم شێوە زارەدا وای لێ دێت، ئەگینا لە ناوچەکانی تر دەگوترێت: (ئەودەرسێ دنڤیسیت).

ڕاهێنان(١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە؟

١- چۆن لە چاوگی (بوون) کاری تەواوی تێنەپەڕ دروست دەکرێت؟

٢- کاری ناتەواو بەچەند جۆرە وشە و چۆن تەواو دەکرێت؟

٣- کەی کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا لە ڕستەدا دەرناکەوێت؟ کەی دەردەکەوێت؟.

ڕاهێنان (٢)

لەم ڕستانەی خوارەوەدائەو کارانەی، کە لەچاوگی (بوون)ەوە وەرگیراون دەریان بهێنە؟ جۆرەکانیان دەسنیشان بکە؟.

١- گەلی کورد سوورە لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی.

٢- دەبێت یەکڕیزی گەل بپارێزین.

٣- دایکیان کەمنداڵی بوو، منداڵەکە نەخۆش بوو.

٤- کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک کەی پەیدابوو؟

٥- باوکیان لەخەو ڕابوو.

ڕاهێنان (٣)

ئەرکی (ە) لەم ڕستانەی خوارەوەدا، دەستنیشان بکە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست.

١- کوڕە، بە دانیشتن ماڵت وێرانە.

٢- بخوێنە، چونکە خوێندن سارێژکەری برینەکانتە.

٣- ڕەشەبای سلێمانی بە هێزە.

٤- چیرۆکەکێ بنڤیسە.

٥- منداڵە گەمەی دەکردو، دایکەش تەماشای دەکرد.

ڕاهێنان (٤)

کاری (بوو) لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە، وەکو:

١- کاری ناتەواو.

٢ - کاری تەواوی تێپەڕ.

٣- کاری یاریدەدەر.

ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

یەکەم: وەکو بکەر

- ئـ -

١- دوێنێ، گۆڤارێکم کڕی.

دوێنێ کڕیم.

٢- گۆڤارەکەم هەڵگرتبوو.

هەڵم گرتبوو.

٣- قوتابییەکەم بانگ دەکرد.

بانگم دەکرد.

٤- تاوانبارەکەم دەست نیشان کرد.

دەست نیشانم کرد.

- ب -

١- پێرێ چووم بۆ کەرکووک.

٢- لە تاقیکردنەوەکەدا بەیەکەم دەرچووم.

٣- خێرا هاتنەوە.

٤-سەرکەوتینەوە سەر شاخەکە.

- پ -

١- وانەکە دەخوێنین.

٢- گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە.

٣- لە پێناوی نیشتیماندا تێدەکۆشین.

- ت -

١- نەمامەکە بڕوێنە.

٢- ناوی خوێندکارەکان تۆمار بکەن.

مەبەست لە ئەرکی جیناوە کەسییە لکاوەکان لە دەوری بکەردا، ئەوەیە، کە هەروەك چۆن ناو، یان جێناوە سەربەخۆکان بە هەموو جۆرەکانییانەوە، لە ڕستەدا دەبن بە (کارا) بکەر، هەروەك لە قۆناغەکانی ڕابردووی خوێندندا ڕوونکراوەتەوەو دەرخراوە، هەر بەم جۆرەش جێناوە لکاوەکان دەبنە بکەر لە ڕستەدا، جا ئەگەر بە وردی سەیری ڕستەکانی سەرەوە بکەین دەبینین:

یەکەم– لە هەموو ڕستەکانی بەشی (ئـ) دا کارەکان هەموویان کاری ڕابردووی تێپەڕن، هەیانە سادە، داڕێژراو یان لێکدراون و لێرەدا شوێنی جیناوە کەسییە لکاوەکان، ئەوانەی دەبنە بکەر نیشان دەدەین.

ئـ– ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی سادە بێت و بەرکار لە ناو ڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکە، وەکو لە ڕستەی یەکەمی بەشی (ئـ) دا دەرکەوتووە، لەم ڕستەیەدا وشەی (گۆڤارێك) بەرکارەو جێناوی کەسی لکاوی (م) بکەری کارەکەیەو کارەکەش ڕابردووی تێپەڕی سادەیەو ئەگەر بەرکار، باس نەکرێت جێناوی لکاو دەچێتە کۆتایی کارەکە وەکو کڕیم.

ب– ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراو یان لێکدراو بوو، بەرکار باسکرابوو، ئەوا دیسان جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکەوە، وەکو لە ڕستەکانی (٢–٣)ی بەشی (ئـ)دا دەرکەوتووە، بەڵام ئەگەر بەرکارەکە باس نەکرابوو، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە؟ وەك (هەڵم گرتبوو، بانگم دەکرد).

پ– ئەگەر کارە لێکدراوەکە لە سێ وشەی واتادار یان زیاتر پێکهاتبوو، واتە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە وشەیەکی لێکدراو بوو، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای وشە لێکدراوەکە کاتێك بەرکار لادەبرێت ، وەك

لە ڕستەی (٤)ی بەشی (ئـ)دا دەرکەوتووە، ئەگەر سەیری جێناوە لکاوەکـان بکەین لە ڕستەکانی بەشی (ئـ)دا، دەبینین لە هەموویاندا جێناوی کەسی لکاو (م)ە، جا دەتوانین بە پێی مەبەست لە بری ئەم جێناوە، جێناوەکانی (م–مان، ت– تان، ی–یان) بە ڕیز بەکار بهێنین.

دووەم– ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی ڕابردووی تێنەپەڕ بـوو، ئـەوا جێنـاوە کەسییە لکاوەکانی (م ، ین ، یت ، ن، $\emptyset$ ، ن) دەبنە بکەرو دەچـنە کۆتـایی کاری ڕستەکە، جا کارەکە (سادە، داڕێژراو – لێکدراو) بێت، خۆ ئەگەر کاری ڕستەکە داڕێژراو یان لێکدراو بوو، بە پاشـگری (ەوە) کۆتـایی هـاتبوو، ئـەوا جێناوی کەسی لکـاوی بکـەر دەکەوێتـە پـێش ئـەم پاشـگرەیەوە، وەکـو لـە ڕستەکانی (٣–٤)ی بەشی (ب) نیشاندراوە، هەروەها پێویستە ئامـاژە بـەوە بکەین، ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابـردووی تێنەپـەڕ بێـت، ئـەوا جێنـاوی کەسـی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاك دەرناکەوێت.

سێیەم– ئەگـەر کـاری ڕسـتەکە ڕانـەبردووی (تێپـەڕو تێنەپـەڕ) بێـت، ئـەوا جێناوە کەسیەلکاوەکانی کۆمەڵەی (م، ین– یت، ن – (ات : ێت) ، ن) دەبنە بکـەرو دەچـنە سـەر کۆتـایی کارەکـە، جـا ئەگـەر کـاری ڕسـتەکە (سـادە، داڕێژراو، یان لێکدراو) بێت. جێناوی کەسی لکاوی بکەر بـۆ کەسـی سـێیەمی تاك بە پێی پیتی کۆتایی ڕەگی کارەکە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕەگـی کارەکـە بـە پیتـی بزوێنـی (ە ، ۆ) کۆتـایی هـاتبوو، جێنـاوی کەسـی لکـاوی (ات) بـەکار دەهێنرێت، وەك (دەشوات – دەڕواتەوە– دادەخات– چاپ دەکـات ....)، بەڵام ئەگەر ڕەگی کارەکە بـە پیتـی (بزوێنـی (ە، ۆ) کۆتـایی نـەهاتبوو ئـەوا جێنـاوی کەسـی لکـاوی (ێـت) بـەکار دەهێنرێـت، وەکـو (دەنووسـێت – هەڵدەفڕێت – دەفرۆشێت... هتد).

چوارەم– ئەگەر کاری ڕستەی داخوازی (تێپەڕ یان تێنەپەڕ)ی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت ئەوا جێناوە کەسییەلکاوەکانی (ە– ن) دەبن بەبکەر و دەچنە کۆتایی ڕەگی کارەکە.

بەکورتی:

١- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م–مان، ت– تان، ی– یان) دەبنە بکەری ڕستەکەو شوێنیان لەناو ڕستەکە دەگۆڕێت:-

ئـ- ئەگەر کارەکە (سادە، داڕێژراو- لێکدراو)بێت و بەرکار باسکرابێت، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکە.

ب- بەڵام ئەگەر بەرکارەکە باس نەکرابێت، کارەکەش سادە بێت، ئەوا جێناوە کەسییەلکاوەکان دەچنە سەر کارە سادەکە ئەگەر لە دەمی ڕابردووی نزیكو دووری ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە کۆتایی کارەکە. بەڵام ئەگەر لەدەمی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە دوای نیشانەی (دە)، خۆ ئەگەر لە دەمی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە نێوان نیشانەی (وە).

خۆ ئەگەر کارەکە(داڕێژراو یان لێکدراو) بوو، ئەوا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٢- ئـ- بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێنە پەڕ) بێت، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م – ین، یت- ن، (Ø)- ن) ئەرکی بکەر دەبینن و دەکەونە کۆتایی کارەکە.

ب- ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێنە پەڕ و تێپەڕ) بێت، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م- ین، یت- ن) (ێت - ات)- ن) دەکەونە کۆتایی رەگی کارەکەوە.

٣- ئەگەر کارەکە داخوازی بێت ئەوا جێناوی کەسی لکاوی (ە- ن)دەبن بە بکەرو دەکەونە کۆتایی رەگی کارەکە.

ڕاهێنان (١)

کەی ئەم جێناوە کەسییە لکاوانەی خوارەوە لەناو ڕستەکەدا وەکو بکەر دەوری خۆیان دەبینن، بۆ هەریەکەیان نموونەیەك بهێنەوە.

(ات ، مان ، ین ،ە)

ڕاهێنان (٢)

١- ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕی (داڕێژراو یان لێکدراو) بێت، کام لەم جێناوە کەسییە لکاوانە وەکو بکەر دەردەکەون‌و دەچنە کوێ؟ بەنموونەوە وەڵامەکانت بسەلمێنە.

٢- کەی جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاك لە ڕستەدا دەرناکەوێت؟ بە نموونەوە وەڵامەکەت بسەلمێنە.

ڕاهێنان (٣)

لە ڕستەی (وتارەکەت بڵاوکردووەتەوە)

١- کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروستکراوە؟

٢- (ت) لە کۆتایی وتارەکەت چییەو ئەرکی چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەوێ؟

٣- وشەی وتارەکە شی بکەوە.

٤- ئەگەر وشەی وتارەکە لاببرێت (ت) دەچێتە کوێ؟ بۆچی.

ڕاهێنان(٤)

لە ڕستەی (لە وانەکان باش تێگەیشتووە).

١- کوا بکەری ڕستەکە ؟ بۆچی؟

٢- کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، چ گۆڕانێك ڕوودەدات بینووسەوە.

٣- وشەی (وانەکان) شی بکەوە.

٤- وشەی (باش) چییە؟ ئەرکی چییە؟

دووەم- وەکو بەرکار

ئـ: (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان)

١- بم بەخشن.	بمان بەخشن.
بی بەخشن.	بیان بەخشن.
٢- وەرم بگرە.	وەرمان بگرە.
وەری بگرە.	وەریان بگرە .
٣- بانگم بکەن.	بانگمان بکەن.
بانگی بکەن.	بانگیان بکەن.

ب:

١- دەم ناسێت.	دەمان ناسێت.
٢- هەڵت دەبژێرن.	هەڵتان دەبژێرن.
٣- هانی دەدات.	هانیان دەدات.

پ:

(١)	(٢)
گرتمی – گرتینی	گرتمی – گرتمانی.
گرتیتی – گرتنی	گرتتی – گرتتانی.
گرتی – گرتنی.	گرتی – گرتیانی.
دای مەزراندم – دای مەزراندین.	دامی مەزراند – دامانی مەزراند.
دای مەزراندیت – دای مەزراندن.	داتی مەزراند – داتانی مەزراند.
دای مەزراند – دای مەزراندن.	دای مەزراند – دایانی مەزراند.

یارمەتیی دام – یارمەتیی داین.　　یارمەتیمی دا – یارمەتیمانی دا.
یارمەتیی دایت – یارمەتیی دان.　　یارمەتیتی دا – یارمەتیتانی دا.
یارمەیتی دا – یارمەتیی دان.　　یارمەتی دا – یارمەتیانی دا.

لەمەو پێش ئەوە فێربووین، کە بەرکار هەمیشە لەگەڵ کاری تێپەڕ دێتەکایەوە، ئینجا لێرەدا دەمانەوێت بزانین، کە جێناوە کەسییە لکاوەکان چۆن دەبنە بەرکار لە ڕستەدا؟

لەوەڵامدا دەڵێین، جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە ڕستەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئـ/ ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین، دەبنیین کارەکانی (ببەخشن، وەربگرە ، بانگ بکەن) هەموویان کاری داخوازی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ــ مان ، ی ــ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کاری داخوازی تێپەڕ (سادە) بوو، ئەوا جێناوی کەسیی لکاو لە دەوری بەرکاردا دەچێتە دوای نیشانەی (بـ) وەکو لە ڕستەی (بم بەخشن ــ بمان بەخشن ....) دیارە، بەڵام ئەگەر کاری داخوازی تێپەڕ (دارێـژراو یان لێکدراو) بوو، جێناوی کەسیی لکاو لە دەوری بەرکاردا دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە، وەکو لە ڕستەکانی (وەرم بگرە ــ وەرمان بگرە......) یان (بانگم بکەن ـ بانگمان بکەن.......) نیشاندراوە.

ب/ ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) بکەین، دەبینین کارەکانی (دەناسێت ، هەڵدەبژێرن ، هان دەدات) هەموویان کاری ڕانەبردووی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵەی جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ــ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کاری ڕانەبردووی تێپەڕ سادە بێت، جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای نیشانەی (دە) وەکو لە ڕستەکانی (دەم ناسێت ــ دەمان ناسێت

.........) نیشاندراوە، بەڵام ئەگەر کاری ڕانەبردووی تێپەڕ (داڕێژراو یان لێکدراو) بێت ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەوە، وەکو لە ڕستەکانی (هەڵت دەبژێرن ــ هەڵتان دەبژێرن.....)، یان (هانی دەدات ــ هانیان دەدات) دا نیشاندراوە.

پ/ ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (پ) بکەین، دەبینین کارەکانی (گرت ــ دامەزراند ــ یارمەتی دا) ڕابردووی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا هەردوو کۆمەڵە جێناوە کەسیە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە دوو شێوەدا:-

١- کۆمەڵە جێناوی کەسییی لکاو (م ــ ین ، یت ــ ن ، Ø ــ ن) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کارەکە (سادە) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دوای جێناوی لکاوی بکەر دەکەون، ئەگەر کەسی یەکەم یا دووەم (تاك و کۆ) بکەری ڕستەکە بن وەك: (گرتمن ــ ناردمیت)

خۆ ئەگەر جێناوی لکاوی بکەر کەسی سێیەمی تاك یان کۆ بێت، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بەرکار پێش جێناوی کەسیی لکاوی بکەر دەکەوێت، وەکو (گرتمی ــ گرتنی ــ ناردمیان).

خۆ ئەگەر کارەکە(داڕێژاو یان لێکدراو) بێت، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارەوە، وەکو لە ڕستەکانی (دای مەزراندم ــ دای مەزراندین.....) یان یارمەتیی دام ــ یارمەتیی داین...) نیشاندراون.

٢- کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ــ مان، ت ــ تان ، ی ــ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (سادە) بێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوە کەسییەکە لە دەوری بەرکاردا دەچنە نێوان کۆتای کارەکە و جێناوی لکاوی بکەرەوە، وەکو لە ڕستەکانی (گرتمی ــ گرتمانی ...) نیشاندراوە، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (داڕێژراو یان

لێکدراو) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە وەکو لە ڕستەکانی (دامی مەزراند ـــ دامانی مەزراند...) یان (یارمەتیمی دا ـ یارمەتیمانی دا...) نیشاندراون.

لێرەدا دەردەکەوێت، ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕ (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) بێت، ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکاردا دەرناکەوێت، هەرچەند لە کۆمەڵەی جێناوی (م ـــ مان....) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکاردا هەیە، بەڵام بۆ ئاسانکردنی دەربڕین ئەمیش دەرناکەوێت.

بەکورتی:

١- لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕی (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م ـ مان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کارەکە سادەبێت ئەوا دەچنە سەر نیشانەی (بـ)، خۆ ئەگەر کارەکە (دارێژراو یان لێکدراو) بێت، ئەوا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٢- لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادەبێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر نیشانەی (دە)، ئەگەر کارەکە دارێژراو یان لێکدراو بێت ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر بەشی یەکەمی کارەکە.

٣- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە دوو شێوەدا :-

ئـ- دەگونجێت جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ـــ مان ، ت ـــ تان ، ی ـــ یان) ببنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادەبێت جێناوەکان دەچنە نێوان کارو جێناوی

لکاوی بکەر، بەڵام ئەگەر کارەکە دارێژراو یان لێکدراو بێت، جێناوەکان دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار واتە (سەر بەشی یەکەمی کار)ەکە.

ب- دەگونجێت جێناوە کەسییە لکاوەکان (م ــ ین ، یت ــ ن ،Ø ــ ن) ببنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادە بێت جێناوەکان دەچنە دوای جێناوی لکاوی بکەر ئەگەر بکەری ڕستە کەسی یەکەم یا دووەمی تاك و کۆ، بێت خۆ ئەگەر بکەری ڕستەکە کەسی سێیەمی تاك یان کۆ بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار پێش جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە دارێژراو یان لێکدراو بێت، جێناوەکان دەچنە کۆتایی کارەکەوە.

تێبینی (١): جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەوری بەرکاردا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەرناکەوێت

تێبینی(٢): لە کرمانجی ژووروودا کۆمەڵە جێناوی (م، ین، یت ، ن، (Ø)،ن) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ، وەك:-

ئازادی ئەز دیتم*	**ئازادی ئەم دیتین**
ئازادی تو دیتیت	**ئازادی هوین دیتن**
ئازادی ئەو دیت	**ئازادی ئەو دیتن**

* واتە (ئازاد منی دیت)

ڕاهێنان (١)

کەی ئەم جێناوە کەسییە لکاوانە دەبنە بەرکار لەڕستەدا، بەنموونەوە نیشانی بدە (ن ، یت ، یان ، ت).

ڕاهێنان (٢)

جێناوی کەسیی لکاو (تان ، ین) لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە، لە ڕستەی یەکەمدا (تان) بکەر بێت، (ین) بەرکار بێت، لە ڕستەی دووەمدا (ین) بکەر بێت و (تان) بەرکاربێت.

ڕاهێنان (٣)

کەی جێناوی کەسیی لکاو (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەوری بەرکاردا دەردەکەوێت؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

ڕاهێنان (٤)

چۆن جێناوە کەسییە لکاوەکان لەگەڵ ئەم کارانە دەبنە بەرکار؟

(ڕاسپارد ، ببینە ، هێنا ، دەبات)

ڕاهێنان (٥)

لە ڕستەی (پار هەڵی بژاردین)

١- (ین) چییە و ئەرکی چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە؟

٢- ئەگەر (ین) بگۆڕین بۆ (مان) دەکەوێتە کوێ؟ بۆچی؟

٣- ڕستەکە بگۆڕە بۆ کاتی ڕانەبردوو، هەردوو جێناوە لکاوەکانیش شیبکەوە.

سێیەم: وەکو تەواوکەری بەیاریدە

١/ ئـ- نامەکەم بۆ هات (دێت). (م - مان ، ت - تان ، ی - یان)

بۆم هات.

پارەکەت لێ کەوت (دەکەوێت).

لێت دەکەوێت.

هەواڵەکەیان پێ گەیشت (دەگات).

پێیان گەیشت.

ب- کارەکەم بۆ تەواوکرا (دەکرێت).

بۆم تەواوکرا.

دەفتەرەکەت لێ ستێنرا (دەستێنرێت).

لێت ستێنرا.

پ- گوندەکانیان بۆ ئاوەدان دەکەنەوە.

بۆیان ئاوەدان دەکەنەوە.

کارەکەت پێ دەسپێرێت.

پێت دەسپێرێت.

وانەکەمان تێ دەگەیەنێت.

تێمان دەگەیەنێت.

٢/ ئـ- دارشتنەکەم بۆ بخوێنەوە. (م - مان ، (- ، -) ، ی - یان)

بۆم بخوێنەوە.

هەواڵەکەیان پێ بڵێ.

پێیان بڵێ.

ب– پێیان بگەن.

تێیان بگەن.

٣/ ئـ– پرسیارەکانی بۆم چاپکرد. (م – مان ، ت – تان ، ی – یان)

بۆمی چاپکرد.

ب– پرسیارەکانی بۆ چاپکردم. (م – ین ، یت – ن ، (Ø) – ن)

بۆی چاپکردم

پێشتر ئەوەمان زانیوە، کە تەواوکەری بەیاریدە ئەو ناوەیە، یان جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کار تەواودەکات بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی، لەگەڵ کاری تێنەپەڕو تێپەڕدا دێت.

لێرە دەمانەوێت بزانین، کە جێناوی کەسیی لکاو چۆن دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە؟

لە وەڵامدا دەڵێین جێناوی کەسیی لکاو دەتوانێت ببێت بە تەواوکەری بەیاریدەو بەپێی جۆرو کاتی کاری ڕستەکە لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا دەردەکەون:

١– ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی تێنەپەڕی (ڕابردوو ، یان ڕانەبردوو)ی سادە، دارێژراو یان لێکدراوبێت. بکەری کارەکە لە ناو ڕستەکەدا باس کرابێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو لە کۆمەڵەی (م – مان ، ت – تان ، ی – یان) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا دەچنە دوای ئەو ناوەی کە بکەری ڕستەکەیە، وەکو لە ڕستەکانی ژمارە (١) لقی (ئـ) نیشاندراون، وەکو دەبینین لە ڕستەی (نامەکەم بۆ هات)دا وشەی (نامەکە) بکەری ڕستەکەیە، (بۆ) ئامرازی پەیوەندییە و جێناوی کەسیی لکاوی (م) لە دوای وشەی (نامەکە)وە هاتووەو تەواوکەری بەیاریدەی کارەکەیەو دەتوانین لە بری

جیناوی کەسیی لکاوی (م) هەموو جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـانی (مـان، ت — تـان، ی — یـان) بـەکاربهێنن، بـەڵام ئەگـەر وشـەی (نامەکـە) لاببـەین ئـەوا جێنــاوی کەســی لکــاوی تەواوکــەری بەیاریــدە دەچــێتە ســەر ئــامرازە پەیوەندییەکە. بەڵام ئەگەر سەیری ڕستەکانی لقی (ب) بکەین دەبینین کاری (تــەواوکرا ، ســتێنرا) ڕابــردووی بکــەر نادیــارن (کــارا نادیــارن)و کــاری (تەواودەکرێت ، دەستێنرێت) ڕانەبردووی بکەرنادیارن و لەگەڵ ئەم کارانـەدا جێناوە کەسییە لکاوەکـانی کۆمەڵـەی (م — مـان ، ت — تـان ، ی — یـان) دەبنە تەواوکـەری بەیاریـدەو لـە دوای (جێگـری بکـەر) [1] ەکانـەوە هـاتوون، لەگـەڵ بـوونی ئـامرازی پەیوەنـدی (بـۆ — لێ) لـە ڕسـتەکاندا، بـەڵام ئەگـەر جێگری بکەرەکان لە ڕستەکاندا لابرێـت، ئـەوا جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـانی دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەچـنە دوای ئـامرازە پەیوەندییەکـەوە، ئەگـەر کاری ڕستەکە، کارێکی (ڕانـەبردووی تێپـەڕ)ی سـادە، دارێـژراو یـان لێکـدراو بێـت و بـەرکار لەڕسـتەکەدا باسـکرابێت، ئـەوا جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـانی کۆمەڵـەی (م — مـان ، ت — تـان، ی — یـان) دەبنـە تەواوکـەری بەیاریـدەو دەچـنە دوای بەرکارەکـە، بـەڵام ئەگـەر بـەرکار لابـرا ئـەوا جێنـاوە کەسـییە لکاوەکان دەچنە سەر ئامرازە پەیوەندییەکە [2] هەروەکو لـە ڕسـتەکانی لقـی (پ) نیشاندراون.

٢- ئەگـەر کـاری ڕسـتەکە (داخـوازی تێپـەڕ) بێـت و بـەرکار لـە ڕسـتەکەدا باسکرابێت ئەوا جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـان (م — مـان ، ی — یـان) دەبنـە

---

(١) جێگری بکەر = (نائب فاعل)

(٢) هەندێ جار ئامرازو جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە دوای کارەکەوە بەتایبەتی لە کاتی ئاخاوتن دا: دەی نێرێت بۆم.

تەواوکەری بەیاریدەو لە دوای بەرکارەکەوە دێن. بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە وەکو لە ڕستەکانی ژمارە (٢) لقی (ئـ) نیشاندراون.

خۆ ئەگەر کاری ڕستەکە (داخوازی تێنەپەڕ) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە لە دوای ئامرازە پەیوەندیەکە دێت، وەکو لە ڕستەکانی لقی (ب) نیشاندراوە.

٣- ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێپەڕ)ی سادە دارێژراو یان لێکدراو بێت، ئەوا ئەو جێناوە کەسییە لکاوانەی کە دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، لە دوو شێوەی جیاوازدا دەردەکەون:

ئـ- کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی کۆمەڵەی (م ـــ مان ، ت ـــ تان ، ی ـــ یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدەو یەکسەر لە دوای ئامرازی پەیوەندییەوە دێن، بەڵام ئەگەر بەرکاری ڕستەکە لابرا، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بکەر دوای جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدەوە دێت هەروەکو لە ڕستەکانی ژمارە (٣) لقی (ئـ) نیشاندراون.

ب: کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـــ ین ، یت ـــ ن (Ø) – ن) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدەو دەکەونە کۆتایی کارەوە وەکو لە نموونەکانی لقی (ب) نیشاندراوە، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بکەر لە دوای ئامرازی پەیوەندییەوە دێت، وەك لە ڕستەی (بۆی چاپکردم) دا دیارە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بوو، بەرکاری ڕستەکە ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێك بوو بە دیارخەری، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای

دیارخـــەرەکانی بەرکارەکـــەوە، وەکـــو لـــە ڕســـتەی (پەرتووکەکـــەتانم لێ وەردەگرێت) دا دەرکەوتووە.

بەکورتی:

جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـان دەبنـە تەواوکـەری بەیاریـدە لـە ڕسـتەدا بـەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەگەڵ کاری تێنە پـەڕی دەمـی (ڕابـردوو ، ڕانـەبردوو) و هـەروەها کـاری بکەر نادیار کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یـان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدەو لە دوای بکـەر یـان جێگـری بکـەر دێـن، ئەگـەر بکـەر یـان جێگـری بکـەر لابـرێن، جێنـاوەکـان دەچـنە دوای ئـامرازە پەیوەندییەکە.

لەگەڵ کاری (ڕانەبردووی تێپەڕیشدا) کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان، ت ـ تان ، ی ـ یان) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای بەرکاری ڕستەکە ئەگەر لە ڕستەکەدا هەبوو، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرێت، جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

٢- لەگەڵ کاری (داخوازی) کۆمەڵە جێنـاوی کەسیی لکـاوی (م ـ مـان ، ی ـ یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لە دوای بـەرکارەوە دێـن، ئەگـەر کارەکـە تێپەڕ بێت و بەرکار باسکرابێت، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا ئـەوا جێناوەکـان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی، بـەڵام ئەگـەر کارەکـە تێنە پـەڕ بێـت ئـەوا جێناوەکان هەمیشە دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە.

٣- لەگـەڵ کـاری (ڕابـردووی تێپـەڕ)دا، جێنـاوە کەسـییە لکاوەکـان دەبنـە تەواوکەری بەیاریدە لە دوو شێوەدا:

ئـ/ دەگونجێت کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان ، ت ـ تـان ، ی ـ یـان) ببنە تەواوکەری بەیاریدەو یەکسەر لە دوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە دێن.

ب/ دەگونجێت کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ ین ، یت ـ ن ، Ø ـ ن) ببنە تەواوکەری بەیاریدەو دەچنە کۆتـایی کارەکـە، هـەروەها لـەم دەمـەی کاردا جێناوی کەسیی لکـاو بـۆ کەسـی سێیەمی تـاک لـە دەوری تەواوکـەری بەیاریدەدا دەرناکەوێت[1].

---

(١) جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەرناکـەوێت لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەگەر کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکانی وەرگرتبێت.

ڕاهێنان (١)

ئەم جێناوە کەسییە لکاوانەی خوارەوە لەگەڵ چ کارێکدا دەبنە تەواوکەری بەیاریدە؟ بە نموونە نیشانی بدە.

(ین ، یان ، یت ، مان ، ن)

ڕاهێنان (٢)

کەی جێناوی لکاو وەکو تەواوکەری بەیاریدە لە رستەدا دەرناکەوێت؟ بەنموونە بیسەلمێنە.

ڕاهێنان (٣)

بۆت نوسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیــم

دوندی قەندیلی گۆڕەپانی هەڵگورد نیم

١- لە نیوەی دێری یەکەم دووجار جێناوی (ت) هاتووە، هەریەکەیان ئەرکیان چی یە؟

٢- (م) ی دوای (نووسی) و دوای(بنووسم) ئەرکیان چییە؟

ڕاهێنان (٤)

چۆن جێناوە کەسییە لکاوەکان لەگەڵ ئەم کارانەی خوارەوەدا دەبنە تەواوکەری بەیاریدە؟

(لەبەربکە ، پێ گەیشت ، تێ گەیاند ، لێ وەرگرت)

ڕاهێنان(٥)

لە ڕستەی (وڵاتەکەیان لێ دابەشکردین).

١- (ین) چییە ؟ بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە؟

٢- (لێ) شیبکەوە.

٣- ئەگەر(ین) بگۆڕین بۆ جێناوی (مان) دەچێتە کوێ؟ بۆچی؟

٤- ئەگەر ناوی (وڵاتەکە) لاببەین (یان) دەچێتە کوێ؟

هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەکانییەوە (ڕۆنان)ەوە

هاوەڵناو لە ڕووی چۆنیەنی دروستبوونی وشەکانییەوە واتە پێکهاتنەوە، دوو جۆرە:-

ئـ- هاوەڵناوی سادە.

ب- هاوەڵناوی ناسادە.

ئـ- هاوەڵناوی سادە:

١- بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپك

لە نێرگس و گوڵی ناسك

ئەکەم بە دیارییەکی جوان

بۆ گەلی کوردی قارەمان

٢- هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە

٣- ئێمەی ئازا لە دوژمن ناترسین

٤- بابێ دارای هەژارە،لێ دل و دەروونێ وی دەوڵەمەندن.

٥- دارا هشك سێبەرێ ناکەت.

هاوەڵناو، وشەیەکە دەبێتە دیارخەری ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێکی تر یان تەواو کەری کارێکی ناتەواو ، واتە سیفەتێك ئاشکرا دەکاتو لە هاوچەشنەکانی جیا دەکرێتەوە.

هاوەڵناویش بە پێی چۆنیەتی دروستبوونی بنچینەی وشەکەوە دەکرێت بەچەند بەشێك، لێرەدا باسی هاوەڵناوی سادە دەکەین.

لە نموونەی ژمارە (١)دا، هەریەك لەوشەی (ناسك، جوان، قارەمان) هاوەڵناونو لەوشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتوون هیچ پێشگرو پاشگرێکیان لەگەڵدا نییەو بەهۆی (ی) ئامرازی خستنە سەر بوونەتە

دیارخەری وشەکانی (گوڵ، دیارییەك، کورد)و وەسفی ئەو ناوانەی کردووەو لەناو هاو ڕەگەزەکانی جێگایان کردووەتەوە.

لە نموونەی ژمارەدا (٢)دا، وشەی (گەرم) هاوەڵناوە و لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێك هاتوون و بووە بە تەواوکەری کاری ناتەواو(ە).

لە ڕستەی ژمارە (٣) دا، وشەی (ئازا) هاوەڵناوەو لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووەو بەهۆی (ی) ئامرازی خستنەسەر بووە بە دیارخەری جێناوی کەسی (ئێمە).

هەروەها لە ڕستەکانی ژمارە (٤،٥)دا، وشەکانی (هەژار، هشك) هاوەڵناوی سادەنو لە وشەیەکی واتادار پێکهاتوونو بوونەتە دیارخەری ناو و تەواوکەری کاری ناتەواو.

ب- هاوەڵناوی ناسادە:

هاوەڵناوی ناسادە دوو جۆرە:

١- هاوەڵناوی دارێژراو:

ئـ- کرێکاری یەکەم کاری خۆی تەواو کرد.

ب- تا ئێستا پیاوی بەجەرگی وام نەدیوە.

پ- ڕێوییەکی گەڕۆك لە شێرەکی نووستی چێترە.

ت- گیاندارو نەبوو دیارو نەدیار

زاناو نەزانو گێل وشیار

ج- نوسەری بەتوانا هەمیشە لە بەرهەمەکانیدا جۆرە تایبەتێتی و شێوەیەکی دیاری پێوە دەبێت.

ئەگەر سەیری وشەکانی (یەکەم، بەجەرگ، گەڕۆك، نووستی، دیار، نەدیار، زانا، نەزان، وشیار، بەتوانا) بکەین،دەبینین کە هەموویان هاوەڵناوی

داڕێژراون هەریەك بە شێوەیەك دروست كراوە، لێرەشدا چەند یاسایەكی دروستكردنی هاوەڵناوی داڕێژراو دەخەینە ڕوو.

١-(ئـ) هاوەڵناوی سادە	پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
یەك	ەم	یەكەم
ڕوون	اك	ڕووناك
نەرم	ان	نەرمان
ڕەق	ەن	ڕەقەن

(ب) پێشگر	هاوەڵناوی سادە	هاوەڵناوی داڕێژراو
نە	خۆش	نەخۆش
نا	ڕاست	نا ڕاست

٢ -(ئـ) ناوی سادە	پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
ژن	انە، انی	ژنانە، ژنانی
زێڕ	ین	زێڕین
مەلە	وان، ڤان	مەلەوان - مەلەڤان
برین	دار	بریندار
گۆشت	ن	گۆشتن
ڕاو	چی	راوچی
دەشت	ەكی	دەشتەكی
بەخت	یار، ەوەر	بەختیار، بەختەوەر
ئاسن	گەر	ئاسنگەر

٢- (ب)پێشگر	ناوی سادە	هاوەڵناوی داڕێژراو
بە	تام	بەتام
ب/بە	جەرگ	ب جەرگ/ بەجەرگ
بێ	شەرم	بێ شەرم

٣- (ئـ) چاوگ	ڕەگی کار	پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
نووسین	نووس	ەر	نووسەر
گەڕان	گەڕێ	ۆك، یدە	گەڕۆك، گەڕیدە[1]
ترسان	ترس	نۆك، ناك	ترسنۆك، ترسناك
فرۆشتن	فرۆش	یار	فرۆشیار
زانین	زان	ا	زانا

(ب) چاوگ	پێشگر	ڕەگی کار	هاوەڵناوی داڕێژراو
گۆڕین	نە	گۆڕ	نەگۆڕ
مردن	نە	مر	نەمر
بەزین	نە	بەز	نەبەز

(پـ) پێشگر	ڕەگی کار	پاشگر	هاوەڵناوی داڕێژراو
نا	بین	ا	نابینا
نە	زێ	ۆك	نەزۆك
بـ	خۆ	ەر	بخۆر

---

(١) : ناکرێ پیتە بزوێنی (ێ) لەگەڵ بزوێنی (ۆ) لە (ۆك) و (یـ) لە (یدە) بەیەکەوە بێن، بۆیێ شوێنی خۆی بەردەدا بۆ (ۆ) و (یـ).

٤- چاوگ	قەدی چاوگ	پاشگر	هاوەڵناوی دارێژراو
کەوتن	کەوت	وو	کەوتوو[(١)]
شکان	شکا	و	شکاو
سوتان	سوتا	و	سوتاو
ڕزین	ڕزیـ	و	ڕزیو
بردن	برد	ە	بردە
کەوتن	کەوت	ە	کەوتە

٢- هاوەڵناوی لێکدراو:

چەند یاسایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو

١- ناو + ناو

چاو + باز ⟵ چاو باز.

بەژن + چنار ⟵ بەژن چنار.

٢- ناو + ئامراز + ناو

دەست + بە + سەر = دەست بەسەر.

گوڵ + بە + دەم = گوڵ بەدەم.

٣- دوبارە کردنی ناوێك

ڕێ ڕێ ، چین چین ، پارچە پارچە.

---

(١) لە کرمانجی ژوورودا پاشگری (ی) دەخرێتە سەر قەدی چاووگ و هاوەڵناوی دارێژراوی لێ دروست دەبێت:

کەفت + ی = کەفتی

شکەست + ی = شکەستی

سۆت + ی = سۆتی

شویشت + ی = شویشتی

- دلێ سۆتی ب ئاڤـ ترشکا ناکەویت.

- مرۆڤێ مری و زیندی ب ئاڤێ پاقژ دبن.

٤- هاوەڵناوی ژمارە + ناو

دوو + دڵ ← دوو دڵ.

حەوت + ڕەنگ ← حەو تڕەنگ.

٥- ناو + هاوەڵناو

دڵ + خۆش ← دڵخۆش.

چاو + شین ← چاو شین.

٦- هاوەڵناو+ ئامراز + هاوەڵناو

بۆر + ە + دەوڵەمەند ← بۆرە دەوڵەمەند.

پاك + و + خاوێن ← پاكو خاوێن.

٧- هاوەڵناو+ ئامراز + ناو

شۆڕ + ە + ژن = شۆڕە ژن

گێل + ە + پیاو = گێلە پیاو

٨- ناو + ڕەگی كار

خێر + خواز = خێر خواز

پیاو + كوژ = پیاو كوژ

قورئان + خوێن = قورئان خوێن

ڕۆژنامە + نووس = ڕۆژنامەنووس

٩ - هاوەڵناو+ ڕەگی كار

ڕاست + بێژ ← ڕاستبێژ

گەش + بین ← گەشبین

ڕەش + پۆش ← ڕەشپۆش

خۆش + نووس ← خۆشنووس

١٠- هاوەڵناو + هاوەڵناو

ڕەش + ئەسمەر ⟵ ڕەش ئەسمەر

تازە + پێگەیشتوو ⟵ تازە پێگەیشتوو

١١- ناو + هاوەڵناوێکی کراو

دڵ + سوتاو ⟵ دڵسوتاو

جەرگ + بڕاو ⟵ جەرگبڕاو

١٢- بە دووبارە بوونەوەی هاوەڵناوێکی سادە

خۆش خۆش ، جوان جوان ، سوور سوور.

١٣- هاوەڵکار + ناو = ⟵ ژێر دەست ، ژێر چەپۆك.

١٤- ناو + ڕەگی کار + پاشگر ⟵

خەبات + کە + ەر ، ڕەنج + دە + ەر ، جل + شۆ+ ەر ، ڕاو +کە+ەر

بەکورتی :

هاوەڵناولە ڕووی ڕۆنانەوە دوو جۆرە :

١- هاوەڵناوی سادە : ئەو هاوەڵناوەیە ، کە لە وشەیەکی سادەی واتاداری سەربەخۆی تەواو پێکدێت.

٢- هاوەڵناوی ناسادە :

هاوەڵناوی ناسادەش دوو جۆرە :

ئـ- هاوەڵناوی داڕێژراو : ئەو هاوەڵناوەیە ، کە لە وشەیەکی سادەو پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان پێکدێت.

ب- هاوەڵناوی لێکدراو : ئەو هاوەڵناوەیە ، کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکهاتووە.

ڕاهێنان(١)

١- چۆن هاوەڵناوێکی داڕێژراو، لە هاوەڵناوێکی لێکدراو جیا دەکەینەوە؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

٢- بەچەند ڕێگا هاوەڵناوی داڕێژراو لە ڕەگی کار دروست دەکرێت؟ بەنموونە ڕوونی بکەوە.

٣- چۆن دەتوانین لە قەدی چاوگی تێنەپەڕەوە، هاوەڵناوی داڕێژراو دروست بکەین؟

٤- چۆن لە دوو ناو، هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکەیت ؟ نموونەی بۆ بهێنەوە:

ڕاهێنان (٢)

جۆرو شێوەی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاری بکە.

دەنگبێژ، سەرسپی، ڕاستگۆ، کەوتوو، نەمر، خەباتکەر، تێکۆشەر، ناشاد.

ڕاهێنان (٣)

لە چاوگی (زانین — کوشتن) هاوەڵناوی داڕژاو دروست بکە:

جارێك بە پێشگر و جارێك بە پاشگر، پاشان هەریەکەیان لە ڕستەبەکاربهێنە.

ڕاهێنان (٤)

لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵناوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە لەڕووی بنچینەی وشەکانیان.

١- مرۆڤی ڕاستگۆ درۆ ناکات.

٢- پێشمەرگە بەجەرگە.

٣- کچێکی نووسەریان خەڵاتکرد.

٤- ئەدیسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە.

جۆرەکانی هاوەڵکار

لە ڕووی پێکهاتنیانەوە (ڕۆنان)ەوە

ئـ:

١- هێزی گەل لەشکری دوژمنی خێرا لەناوبرد.

٢- بەفر لە کوردستان زۆر دەبارێت.

٣- دایکی ڕۆشنبیر منداڵ باش پەروەردە دەکات.

٤- گەلی کورد لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا گورج ڕاپەڕی.

ب:

١- بەشەو سەردانی هاوڕێکەمان کرد.

٢- پێشمەرگەکان دلێرانە بەرگری لە کوردستان دەکەن.

٣- ئەوان لە دوور هاتبوون.

٤- وتارەکەی بەجوانی خوێندەوە.

پ:

١- کوردستانمان پڕ بەدڵ خۆش دەوێت.

٢- لاوەکان دەستە دەستە دەهاتن.

٣- منداڵەکە لەپاو لەپ کەوت.

٤- گەڕەکەکەیان ماڵ بەماڵ بەسەر کردەوە.

پێشتر ئەوەمان خوێندووە، کە هاوەڵکار وەڵامی پرسیاری (چۆن ، لەکوێ ، کەی ، چەندی ......)ی لایەنێکی ڕوودانی کار دەداتەوە و وەسفی کارەکە دەکات و سنوورێك بۆ ڕوودانی کارەکە لە ڕستەدا دیاردەخات.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین، دەبینین وشەکانی (خێرا ، زۆر ، باش ، گورج) هەموویان هاوەڵکارن و هەریەکەیان لە ڕستەی خوێدا وەسفی کاری ڕستەیەکی کردووە، هەموویان لە ڕووی پێکهاتنەوە سادەن.

لە ڕستەکانی بەشی (ب) وشەکانی (بەشەو ، دلێرانە ، لەدوور ، بەجوانی) هەموویان هاوەڵکاری داڕێژراون، هەریەکەیان لەڕستەی خۆیدا وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە.

لەڕستەکانی بەشی (پ) وشەکانی (پڕ بەدڵ ، دەستە دەستە ، لەپاو لەپ ، ماڵ بە ماڵ) هەموویان هاوەڵکاری لێکدراون، هەریەکەیان لە ڕستەی خۆیدا وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە.

ئینجا لێرەدا دەمانەوێت بزانین، کە هاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتن و دروست کردنەوە چەند جۆرە؟ هەر جۆرەی چۆن و لەچی پێکدێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنیەوە دەکرێت بە دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:—

ئـ- هاوەڵکاری سادە.　　　　ب- هاوەڵکاری ناسادە

ئـ/ هاوەڵکاری سادە: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لەیەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووەو لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات.

(خێرا ، زۆر ، باش ، گورج ، پار ، کەم ، دوور ، نزیك ، خراپ ، فرە ، زوو ، درەنگ ، سەر ، ژێر ، تەنیشت ....).

ب/ هاوەڵکاری ناسادە: ئەمیش دوو جۆرە:

١- هاوەڵکاری داڕێژراو: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت وەکو:

هەندێك لە ڕێگاكانی دروستكردنی هاوەڵكاری داڕژاو

١- پێشگر (بە) + ناو

(بەناز ، بەدڵ، بەگیان، بەشەو، بەزستان، بەساڵ........)

٢- پێشگر + هاوەڵكار

(بەزۆر، لەدوور، لەتەنیشت، لەنزیك........)

٣- ناو+پاشگری (انە)

(ڕۆژانە، شێرانە، منداڵانە، ساڵانە.......)

٤- هاوەڵناو+ پاشگری(انە)

مەردانە، دلێرانە،هێمنانە، ئازایانە، ژیرانە......)

٥- پێشگر + هاوەڵناو+ پاشگر

(بەجوانی، بەباشی، بەخۆشی، بەساردی، بەهێمنی، بەگەرمی......)

٦- پێشگر + ناو + پاشگر

(بەسواری ، بەهاوینێ، بێ شەرمانە، بێ باكانە، بەكوردایەتی...)

٢- **هاوەڵكاری لێكدراو :** ئەو هاوەڵكارەیە كەلەدوو وشەی واتادار یان پتر پێكدێت.

هەندێك لە ڕێگاكانی دروستكردنی هاوەڵكاری لێكدراو:

١- بەدووبارەكردنەوەی ناو یان هاوەڵناویان هاوەڵناوی ژمارە

(نم نم ، دەستە دەستە، پۆل پۆل.......)

(جوان جوان ، هێدی هێدی ، وردە وردە......)

(یەك یەك ، چوار چوار، دوو دوو.........)

٢- ناو + ئامرازی(بە) + ناو

(ڕوو بە ڕوو، ماڵ بە ماڵ ، دێ بە دێ، شار بەشار......)

٣- ناو + ئامرازی (او) + ناو

(سەراوسەر، دەماو دەم ، دۆڵاودۆڵ، پشتاوپشت.......)

٤- هاوەڵناو+ ئامرازی (و) + هاوەڵناو

تێر و پڕ ، کزومات، پاکوخاوێن، کزومەلوول......)

٥- هاوەڵناو+ ئامرازی (بە) + ناو

(پڕبەدڵ، پڕبەدەم ، پڕبەدەنگ.......)

٦- پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر

(بەسەربەرزی، بەڕووخۆشی ، بەدڵخۆشی ، بەدڵشکاوی.....)

٧- هاوەڵناوی نیشانە + ناو

(ئەمشەو ، ئەمڕۆ ، ئەوساڵ، ئەوسا......)

٨- هاوەڵکار + هاوەڵناوی ژمارە + ناو

(پاش نیوەڕۆ ، پێش نیوەڕۆ ، دوای نیوەڕۆ، دوای نیوەشەو، پێش دوو ڕۆژ)

ڕاهێنان (١)

جۆرو شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە دەربخە.

(ئەمڕۆ ، بەگوڕ ، تاقم تاقم ، بەدۆستایەتی ، مندالآنە......)

ڕاهێنان (٢)

لـەم دێـڕە هۆنراوانــەی خــوارەوە هاوەڵکارەکـان دەربهێنــە و جۆرەکانیـان دیاربخە.

١- کوردێکم دەویَ چاپوك و پتەو

سەفەرێك هەیە بۆم بکا بەشەو.

٢- زمانم شەق ئەبا یەك دەم ئەگەر بێت و نەبا ناوت

بەکوێری دائەنیشم گەر لەبەر چاوم نەبیَ چاوت.

٣- پڕ بەدڵ بانگ دەکەم سەربەستیم دەویَ

کوردستانم جێی شێرانە دەبیَ سەرکەویَ

ڕاهێنان (٣)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە.

١- جوان منداڵە جوانەکەی جوان پەروەردە کردووە.

٢- گەلی کوردستان دلێرانە راپەڕی.

ڕاهێنانی(٤)

وشەی (خراپ،مندالآنە) لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمـەرجێك جارێـك ببێتـە هاوەڵناو و جارێکی تریش ببێتە هاوەڵکار.

ڕادە

١- ڕادەو هاوەڵناو:

٢- ڕادەو هاوەڵکار:

١- پەڕتووکێکی کۆنم، بۆ هاوڕێکەم نارد.

پەڕتووکێکی زۆر کۆنم، بۆ هاوڕێکەم نارد.

٢- فاکسەکەم بەپەلە بۆ هاوڕێکەم نارد.

فاکسەکەم زۆر بە پەلە بۆ هاوڕێکەم نارد.

٣- قوتابییەکە درەنگ هات.

قوتابییەکە هەندێك درەنگ هات.

٤- پیاوەکە دوور ڕۆیشت.

پیاوەکە زۆر دوور ڕۆیشت.

ڕاڤەکردن:

پێش ئەوەی باسی ڕادەو هاوەڵکار یان ڕادەو هاوەڵناو بکەین پێویستە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەینەوە کە ڕادەی هاوەڵکار یان هاوەڵناو چییە؟

چ هاوەڵکارێك یان هاوەڵناوێك ڕادەکەی دەردەخرێت؟ئەو پەیڤانەی ڕادە پیشان دەدەن کامانەن؟. بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کە ئەویش ڕادەو هاوەڵناوە، واتا دەرخستنی ڕادەی هاوەڵناوە بە هاوەڵناوێکی تر، چونکە زۆر وشەی ڕادەی هاوەڵناو لەناو ڕستەدا، ڕادەی هاوەڵکاریش دەردەخەن، جا ئەگەر بمانەوێت ڕادەی هاوەڵناوێك لە ڕستەدا دەربخەین، ئەوا بەهۆی هاوەڵناوی نادیارەوە دەردەخرێت، کە دەکەوێتە

پێش هاوەڵناوە بنجییەکە، هەروەك لە ڕستەی یەکەم و دووەمی ڕیزی ژمارە (١)دا دیارخراوە.

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (کۆن) هاوەڵناوی چۆنیەتیەو دیارخەری وشەی (پەڕتووکێك)ە، بەهۆی (ی) ئامرازی خستنەسەر پێکهاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، وشەی (زۆر) بووە بە دیارخەری هاوەڵناوی (کۆن)، (کۆن)یش دیارخراوەو ڕادەی ئەو کۆنییە پیشان دەدات. ئینجا بە هەردووکیان واتا (زۆر کۆن) وەکو گرێیەکی هاوەڵناوی دەبنە دیارخەری وشەی (پەڕتووکێك) کە ناوێکی تاکی نەناسراوی گشتییە.

هەر بەم پێیە دەتوانین لە بری وشەی (زۆر) وشەی (گەلێك ، نەختێك ، کەمێك ، هەندێك ، تۆزێك ، فرە ، پیچێك....) بەکاربهێنین، کە هاوەڵناوی نادیارن.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەی یەکەم و دووەمی ڕیزی ژمارە (٢)، دەبینین وشەی (زۆر) لە شێوەیەکی جیاوازدا بەکارهاتووە، واتا ئەرکی لەناو ڕستەکەدا، لە ئەرکی وشەی (زۆر)ی ڕستەکانی پێشوو جیاوازە.

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (بەپەلە) هاوەڵکاری چۆنیەتییەو چۆنیەتی ڕوودانی کاری (نارد) ڕووندەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، وشەی (زۆر) ڕادەی هاوەڵکارەکە ڕووندەکاتەوەو دیارخەری هاوەڵکاری (بەپەلە)یە، هاوەڵکاری (بەپەلە)ش دیارخراوە بەهەردووکیان وەکو گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن.

لە ڕستەکانی ڕیزی سێیەمیشدا :

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (درەنگ) هاوەڵکاری کاتییەو کاتی ڕوودانی کاری (هات) ڕووندەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا وشەی (هەندێك) ڕادەی هاوەڵکارەکە ڕووندەکاتەوەو دیارخەری هاوەڵکاری (درەنگ)ە، هاوەڵکاری (درەنگ)یش دیارخراوە، بە هەردووکیان وەکو گرێیەکی هاوەڵکاری کاتی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن.

ڕستەکانی ڕیزی چوارەمیش بەهەمان شێوە ڕووندەکرێنەوە.

هەر بەم پێیە دیسان دەتوانین لە بری وشەی (زۆر) وشەکانی (نەختێك ، گەلێك ، کەمێك ، تۆزێك ، هەندێك ، فرە ، پیچێك ....هتد) بەکاربهێنین.

بەکورتی :-

ئ- ئەم هاوەڵناوانە تەنها ڕادەی هاوەڵناوە چۆنیەتییە کە دەردەخەن، کە بریتین لە (زۆر ، هەندێك ، گەلێك ، کەمێك ، تۆزێك ، بڕێك ، فرە ، پیچێك.... هتد)[1] پێیان دەگوترێت (هاوەڵناوی نادیار).

ب- ئەم هاوەڵکارانە : ڕادەی هاوەڵکارە چونیەتی و کاتی و شوێنییەکان، دەردەخەن کە بریتین لە (زۆر، هەندێك، گەلێك، کەمێك ، تۆزێك، بڕێك، فرە، پیچێك ... هتد) (هاوەڵکاری چەندێتی).

---

(١) کاتێك کە ڕادەی هاوەڵناویان هاوەڵکارێك دەردەخرێت پێویستی بە (ی) ئامرازی خستنەسەر نییە کە بکەوێتە نێوان ڕادەو هاوەڵناوەکە یان ڕادەو هاوەڵکارەکە.

ڕاهێنان (١)

بە نموونەوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە:

١- چۆن ڕادەی هاوەڵکار دەردەخەیت؟

٢- جیاوازی لە نێوان هاوەڵکارو هاوەڵناودا چییە؟

ڕاهێنان (٢)

(کۆشکێکی زۆر گەورەیان، بۆ کرێکارەکان دروستکردووە، ئەم کۆشکە، ئێستا مەڵبەندی یەکێتی سەندیکای کرێکارانە، کرێکارەکانیش بە دڵسۆزی لە کاتی دروستکردنیدا ئیشیان تیا دەکرد، بۆ ئەوەی زۆر زوو بینای کۆشکەکە تەواوبکەن).

١- وشەی (زۆر) لە پارچە نووسراوەکە، دووجار هاتووە بە وردی شییانبکەرەوە.

٢- ئەو هاوەڵکارانەی، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە واتای چ کارێک دەردەخەن، کارەکان دەستنیشان بکە.

ڕاهێنان (٣)

شیکردنەوە

نامیلکەکەم زۆر باش خوێندەوە.

نامیلکەکە: ناوە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە.

م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە .

زۆر: ڕادەی هاوەڵکاری چەندییە دیارخەری (باش)ە.

باش: هاوەڵکاری چۆنیەتییە دیارخراوە.

زۆربـــاش: گرێیـــەکی هاوەڵکارییـــە ، تەواوکـــەری کـــاری ڕســـتەکەیە کـــاری (خوێندەوە) دەردەخات.

خوێندەوە: ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە ، داڕێژراوە ، ئەرێیە.

لەم ڕستانەدا وشە هێڵ بەژێر داهاتووەکان شیبکەرەوە.

١- خانی لەپ زێڕین قەڵایەکی گەلێك سەختی دروستکرد.

٢- مێژووی قەڵای دمدم زۆر کۆنە.

٣- پێشمەرگەکان سنووری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە.

ڕاهێنانی(٤)

لە ڕستەی (داڕشتنێکی باشم بەجوانی نووسییەوە)

١- کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟

٢- وشەی(بەجوانی) چییە؟ چۆن دروستکراوە؟

٣- وشەی (باش) چییە؟ ئەرکی چییە؟

٤- وشەی(زۆر) بخەرە پێش (باش) و (بەجوانی) لە هـەردوو شـوێندا وشـەی (زۆر) شیبکەوە.

دیارخەرەکانی ناو

یەکەم- ئەرکی ناو لەرستەدا وەکو دیارخەری ناو

١- ئاوی کانی لە ئاوی ڕووبار پاکترە.

٢- دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدانکرانەوە.

٣- کرێکارەکانی کارگەی مافوور دڵسۆزانە کاردەکەن.

٤- تابلۆکانی ژوورەکەم هەڵواسیوەتەوە.

٥- هێمن نەمامەکانی لە باخچەی خوێندنگەکەدا ڕواند.

٦- دیارییەکانم بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگاکەیە.

٧- مەم وزین داستانێکی فولکلۆری بوو.

٨- خانووەکانی ئەم شارە جوانن.

هەریەکە لە بەشە ئاخاوتنی (ناو – هاوەڵناو- جێناو) دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو یان ئەو وشانەی لە هێزی ناودان (چاوگ)، لێرەدا باسی ناو وەکو (دیارخەر) دەکەین:

١- لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (ئاو) ناوێکی تاکی نەناسراوی گشتییەو (دیارخراو)ە، وشەی (کانی) و (ڕووبار)یش، دوو ناوی تاکی نەناسراوی گشتیین (دیارخەر)ن، کە بە یارمەتی (ی) ئامرازی خستنەسەر[1] دراونەتە پاڵ یەك، (ئاوی کانی) وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی نیهاد و (ئاوی ڕووبار) ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینێت.

---

[1] ئامرازی خستنەسەر: ئامرازی دانەپاڵ.

٢- لــه ڕســتـەی دووەمــدا، وشــەی (دێهاتــەکان) نــاوێکی کــۆی ناســراوەو (دیـارخراو)ە، وشــەی (کوردســتان) نــاوێکی تایبەتییــە (دیارخــەر)ی وشــەی (دێهاتەکان)ە، کە بەهۆی (ی) ئامرازی خستنەسەر پێکهاتووە، (دێهاتـەکانی کوردستان) وەکو گرێیەکی ناوی دەبێتە جێگری بکەر.

٣- لـە ڕسـتـەی سـێیەمدا، وشـەی (کرێکارەکـان) نـاوێکی کـۆی ناسـراوە (دیارخراو)ە، هەر دوو وشەی (کارگـەی مـافوور) دوو نـاوی تـاکی نەناسـراون (دیارخەر)ی وشـەی (کرێکارەکـان)ە، کـە بـەهۆی (ی) ئـامرازی خستنەسـەر پێکهاتووە.

٤- لــە ڕســتـەی چــوارەمدا، وشــەی (تابلۆکــان) نــاوێکی کــۆی ناســراوە (دیارخراو)ە، وشەی (ژوورەکە) ناوێکی تاکی ناسراوە (دیارخـەر)ە و بـەهۆی (ی) ئـامرازی خستنەسـەر دراوەتـە پـاڵ (دیـارخراو) لێرەشـدا (تابلۆکـانی ژوورەکە) وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی بەرکار دەبینێت.

٥- لــە ڕســتـەی پێنجەمــدا، وشــەی (باخچــە) نــاوێکی تــاکی نەناســراوە (دیارخراوە)، وشەی (خوێندنگەکە) ناوێکی تاکی ناسراوە (دیارخەر)ی نـاوی باخچەکەیە، بەهۆی (ی) ئامرازی خستنەسەر دراونەتـە پـاڵ یـەك، (باخچـەی خوێندنگەکە) وەکو گرێیەکی ناوی دەبێـت بـە تـەواوکـەری بەیاریـدەی کـاری تـەواو.

٦- لە ڕستەی شەشـەمدا، وشـەی (فەرمانبـەران) نـاوێکی نەناسـراوی کۆیـە (دیـارخراو)ە، وشـەی (فەرمانگاکـە) نـاوێکی تـاکی ناسـراوە (دیـار خـەر)ە، بـەهۆی (ی) ئـامرازی خستنەسـەر دراوەتـە پـاڵ (دیـارخراو)، (فەرمانبـەرانی فەرمانگاکـە) وەکـو گرێیـەکی نـاوی دەبـن بـە تەواوکـەری بەیاریـدەی کـاری ناتـەواو.

٧- لەڕستەی حەوتەمدا، وشەی (داستانێك) ناوێکی تاکی نەناسراوە (دیارخراو)ە، وشەی (فۆلکلۆر) ناوێکی نەناسراوی گشتییە (دیارخەر)ە، بەهۆی (ی) ئامرازی خستنەسەر دراونەتە پاڵ یەك (داستانێکی فۆلکلۆر) وەکو گرێیەکی ناوی ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواوە.

٨- لە ڕستەی **هە**شتەمدا، وشەی (خانووەکان) ناوێکی کۆی ناسراوە (دیارخراو)ە، وشەی (شار) ناوێکی گشتییەو بەهۆی **ها**وەڵناوی نیشانە (ئەم......ە) دەستنیشان کراوە (دیارخەر)ە، (ی) ئامرازی خستنەسەر دەکەوێتە نێوانیانەوە، (خانووەکانی ئەم شارە) گرێیەکی ناوییە لە (دیارخراو و دیارخەر)ەکاندا، پێویستە ئاگاداری ئەوەبین، کە هەریەکە لە (دیارخراو) و (دیارخەر) کە دەدرێنە پاڵ یەکتری دەبێت لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێن، بە تایبەتی ئەگەر ناوە (دیارخراو)ەکە ناوێکی کۆ بێت و (دیارخەر) ناوێکی تاك بێت، چونکە ناگونجێت بڵێین (دڵەکانی پیاوەکە ، مێشکەکانی ژناکە ، نینۆکەکانی پەنجەکە......) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بەپێی شوێن و مەبەست بەمەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت، (دیارخراو) و (دیارخەر)، یان هەردووکیان لەشێوەی (تاك ، کۆ ، ناسراو یان نەناسراویدا) لە ناوڕستەدا بەکاربهێنین ، وەکو لە ڕستەکانی سەرەوەدا نیشانمان داون.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ناوی (دیارخراو) دەتوانێت چەند ناوێکی (دیارخەر)ی یەك لە دوای یەك وەربگرێت، وەك:

یاساکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان زۆرن.

بەکورتی :

ئەگەر ناوێکی (دیارخراو) (دیارخەرێك) یان چەند دیارخەرێك بدرێتە پاڵی ئەوا :

١- ناوی (دیارخراو) پێش ناوی (دیارخەر) دەکەوێت.

٢- (ی) ئامرازی خستنەسەر دەکەوێتە نێوانیانەوە[1].

٣- دەتوانین ناوە دیارخراوەکە یان دیارخەرەکەی، یان هەردووکیان بە پێی شوێن و مەبەست، بەمەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت لە شێوەی (تاك ، کۆ، ناسراو ، نەناسراو)دا لەناو ڕستەدا بەکاریان بهێنین.



هەروەها ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە پەیوەندی نێوان دیارخراو و دیارخەردا خاوەنێتی و ناسیاوی و تایبە تمەندێتی دروست دەبێت.

---

(١) لە کرمانجی ژووروودا ئامرازی خستنە سەر بەپێی ژمارەو ڕەگەز خۆیان دەنوێنن ئامرازی(ا)بەدیارخراوی (مێ) ی تاك دەلکێنن وەك :

زین خوشکا میرێ بۆتانێ بوو.

ئەو ژنەکا میهرەبان بوو.

وە (ێ) بەدیارخراوی (نێر)ی تاك دەلکێنین، وەك:

کوڕێ پاشایێ بچویك هات.

مەلایێ جزیری هۆزانڤانەکێ کورد بوو.

هەروەها (ێد — ێت — ێن) بەدیارخراوی کۆی (نێرومێ)ەوە دەلکێن، وەك:

شارێد کوردستانێ خۆشن.

زارۆکێن گوندێن مە زرنگن.

ڕاهێنان(١)

لە ڕستەی (پەرتووکەکانی قوتابییان وەردەگرینەوە)دا:

١- وشەی (قوتابییان) چییە؟ ئەرکی چییە؟

٢- کاری (وەردەگرینەوە) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

٣- وشەی (پەرتووکەکان) شیبکەرەوە.

٤- لە کاری (وەردەگرینەوە) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی دروستبکەو سەر لە نوێ ڕستەکە بنووسەرەوە.

٥- لە کاری (وەردەگرینەوە) ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروستبکەو بیدە پاڵ جێناوە کەسییە لکاوەکان بەپێی: ژمارەی کەس.

ڕاهێنان(٢)

ڕستەی گونجاو بو ئەم داواکارییانەی خوارەوە بهێنەرەوە:

١- ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی نەناسراو هەردوو (دیارخراو و دیارخەر) ببنە بەرکار.

٢- دوو ناوی یەك لە دوای یەك ببنە دیارخەری ناوێکی دیارخراوی تاکی ناسراو.

٣- ناوێکی دەستنیشانکراو بەهۆی هاوەڵناوی نیشانە بۆ نزیك ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.

ڕاهێنان (٣)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارخراو و دیارخەر دەربهێنە.

١- هونەرمەندانی کوردستان دەست ڕەنگینن.

٢- ئوتومبێلەکانی پیشانگەکە دەفرۆشرێن.

٣- مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن.

٤- خوێندنی باڵا لە زانکۆکان کرایەوە.

ڕاهێنان (٤)

شیکردنەوە: نموونە

هۆنراوەکانی مەولەویم خوێندەوە.

هۆنراوەکان: ناوە، ناسراوە، کۆیە، دیارخراوە، بەرکارە.

ی: ئامرازی خستنەسەرە.

مەولەوی: ناوە، تایبەتییە، دیارخەرە.

هۆنراوەکانی مەولەوی: گرێیەکی ناوییە، بەرکارە.

م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک، بکەرە .

خوێندەوە: کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، دارێژراوە، تێپەڕە.

١- تیپی کچان شانۆگەرییەکەیان نمایشکرد.

٢- کلتوری کورد دەپارێزین.

دووەم- ئەرکی هاوەڵناولەرستەدا وەکو دیارخەری ناو

١- زێڕی پاك ژەنگ هەڵناهێنێت.

خوێندکارێکی زیرەکم بۆ پێشبڕکێکە نارد.

٢- ئەندازیارە بە تواناکە نەخشەی تەلارەکەی کێشا.

درەختە بەرزەکان سیمایەکی جوان بە ژینگە دەبەخشن.

٣- ئـ- ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت.

گەزۆ نایابەکان فرۆشران.

بەهێ گەییوەکانم لێ کردەوە.

خوێندنگا سەرکەوتووەکان ئاهەنگیان گێڕا.

ب- دۆیە ترشەکەی ڕۆکرد.

بایە بەهێزەکە هەڵی کرد.

دێیە خۆشەکانیان بینیوە.

شەیە[1] بچووکەکە بکڕە.

٤- لە کانییە ڕوونەکان پڕۆژەی ئاوی گوندەکان دروست دەکەن.

شاتووە سورەکەم خوارد.

بییە سەوزەکان مەبڕنەوە.

٥- ئەم زانکۆیە پێشکەوتووە.

چوار گۆڤارم کڕی.

کام یاریزان ئامادە نەبوو.؟

ڕۆژگار هەموو مرۆڤێك دەردەخات.

جوانترین دیاریی پێشکەش کردم.

---

[1] شە : شانە

٦– گوڵی چۆنت دەوێت؟

ڕۆمانی چوارەمینم نووسی.

فەرهەنگێکی تر بەکار دەهێنم.

نامەیەکی ڕازەوەتری نارد.

٧– چواریەکی وێنەکەم ڕەنگ کرد.

هاوەڵناو، وشەیەکە پەسنی ناوێك یان جێناوێك دەکات، هەموو جۆرەکانی هاوەڵناودەتوانن ببنە دیارخەری ناوێك یان جێناوێك، لەم ڕووەوە لە هاو ڕەگەزەکانی جیادەکاتەوە. هاوەڵناوی چۆنیەتی (سادە ، دارێژراو ، لێکدراو) بێت دەبێتە دیارخەرو بەپێی چەند مەرجێك دەدرێتە پاڵ ناو:–

١/ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، ناوێکی گشتی نەناسراو، یان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت، هاوەڵناوێك ببێت بە دیارخەری، ئەوا پێویستە (ی) ئامرازی خستنەسەر بخەیتە نێوان ناوەکەو هاوەڵناوەکەوە، وەك لە نموونەکانی ڕیزی (١) نیشاندراون. لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (زێڕ) ناوێکی گشتییە و نەناسراوە هاوەڵناوی (پاك) لە دوایەوە هاتووەو بووە بەدیارخەری.

لەبەشی دووەمی ڕستەی یەکەمدا، (خوێدنکارێك) ناوێکی تاکی نەناسراوەو هاوەڵناوی (زیرەك) لە دوایەوە هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە (ی) ئامرازی خستنە سەر بکەوێتە نێوانیانەوە.

٢/ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، ناوێکی (تاك یان کۆی ناسراو) بوو، کاتێك هاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەری، ئەوا پێویستە ناوەکەو هاوەڵناوەکە بخەینە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، ئینجا نیشانەی پێناسینەکەی دەخرێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، خۆ ئەگەر چەند هاوەڵناوێکی یەك لە دوای یەك بوون

بـه دیارخـەری ناوەکـە، ئـەوا نیشـانەی ناسـراوی دەکەوێتـە دوای هـەموو هاوەڵناوەکانەوە.

جا ئەگەر ناوەکە بەپیتیکی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبێت، ئەوا لـە جیـاتی (ی)، ئامرازی دانە پاڵی (ە) دەخەینـە نێوان ناوەکـەو هاوەڵناوەکـەوە، وەکو لـە ڕستەی (ئەندازیارە بەتواناکە......)ی ریزی ژمارە (٢)دا نیشاندراوە.

لەم ڕسـتەیەدا (ئەنـدازیار) ناوێکـە بـە پیتـی نـەبزوێنی (ر) کۆتـایی هـاتووە، کاتێك کە دەکرێت بەناسراو و هاوەڵناوێك دەبێتە دیارخـەری، ئـەوا پێویسـتە بەو شێوەیەی سەرەوە بخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراوە)وە، (ی) ئـامرازی دانەپاڵ بکرێت بە (ە).

بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، لە شێوەی کۆی ناسراودا بێـت و هاوەڵناوێـك ببێـت بـە دیارخـەری ئـەوا بـە پێـی دەسـتوورەکەی پێشـوو، لەگـەڵ هاوەڵناوەکەدا دەخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، لـە دوایـدا نیشـانەی ناسـراوییەکەی کـە (ەکـە)و نیشـانەی کـۆ، کـە (ان)ە دەخرێنـە دوای هەموویانەوە، وەکو لە ڕستەی (درەختە بەرزەکان......) نیشاندراوە.

٣- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە (تاك یان کۆی ناسراو) بێت و بـە پیتـی بزوێنـی (ە ، ا ، ۆ ، ێ) دوایی هاتبێت و لە برگەیـەك زیـاتر بێـت، کاتێـك هاوەڵناوێـك دەبێت بە دیارخەری واتە (تەواوکـەری)، دیسـان وەکـو دەسـتووری پێشـوو، دەخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، جا بۆ ئەوەی (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ پیتی بزوێنی دوای وشە یەکنەگرن و بـە پێـی دەسـتووری (برگـە) کـە نابێـت دوو بـزوێن لەیـەك برگـەدابن، ئـەوا ئامرازەکـە لادەبـەین، وەکـو لـە ڕستەکانی ڕیزی (٣) بەشی (ئـ) نیشاندراون.

بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە (تاك یان کۆی ناسراو) بێت و کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ا ، ۆ ، ێ ، ە) هاتیبێت و لە بڕگەیەك پێکهاتبێت و هاوەڵناوێك ببێت بە دیارخەری، دوای ئەوەی کە ناوەکەو هاوەڵناوەکە دەخرێتە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)، (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ بە یارمەتی ناوبەندی (یـ) کە دەکەوێتە نێوان ناوەکەو ئامرازی خستنە پاڵەکە پاشان نیشانەی ناسراوی و کۆ دەخرێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، وەکو لە ڕستەکانی ریزی ژمارە (٣) بەشی (ب) نیشاندراون.

٤- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (ی) یان (وو) دوایی هاتبێت لە شێوەی (تاك یان کۆی ناسراو) دابێت، هاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری، ئەوا ناوەکەو هاوەڵناوەکە دەخرێنە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، جا بۆ ئەوەی بزوێنی وشەو ئامرازەکە یەکنەگرن، پێویستە پیتی نەبزوێن، کە بگونجێت لەگەڵیاندا، بخەینە نێوانیانەوە بۆ یەکەمیان (ی = y)، بۆ دووەمیان (و = W) دادەنێین لە ناوەکەش (وو) درێژ دەگۆڕێت بۆ (و) کورت وەکو لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە (٤) نیشاندراون.

٥- هەروەها هاوەڵناوی ژمارە، هاوەڵناوی نیشانە (ئەم.....ە) (ئەو.....ە)، هاوەڵناوی پرس (کام ، چ...)، هاوەڵناوی نادیار (هەموو ، زۆر.....)، هاوەڵناولە پلەی بالادا (گەورەترین ، جوانترین ....) دەتوانن ببن بە دیارخەری ناو، جا ئەگەر پێش ناوە دیارخەرەکە بکەون، ئەوا پێویستی بە ئامرازی خستنە سەر ناکات، وەکو لە ڕستەکانی ژمارە (٥) نیشاندراون.

٦- ئەگەر هاوەڵناوە دیارخەرەکان دوای ناوە دیارخراوەکە بکەون، ئەوا پێویستی بە (ی) ئامرازی خستنە سەر هەیە، وەکو لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە (٦) دا نیشاندراون، ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە دوای ناوە دیارخراوەکەوە

هاوەڵناوی (ژمارەی ڕێکخستن ـ پرس ـ نادیار ـ هاوەڵناوی پلەی بەراورد)ن لە ڕستەی یەکەمدا، (چۆن) هاوەڵناوی پرسەو دیارخەری وشەی (گوڵ)ە، لە دووەمدا، (چوارەمین) هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستنە و دیارخەری ناوی (ڕۆمان)ە، لە سێیەمیاندا، هاوەڵناوی نادیار(تر) دیارخەری ناوی (فەرهەنگ)ە، لە چوارەمیاندا (ڕازاوەتر) هاوەڵناوی پلەی بەراوردەو دیارخەری ناوی (نامە)یە.

٧- بەدەر لەوانەی، کە باسمان کردن هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی، وەکو دیارخەرێك دەکەوێتە پێش ناوە دیارخراوەکەوە پێویستی بە (ی) ئامرازی خستنە سەر دەبێت، وەك لە ڕستەی ژمارە (٧) نیشاندراوە.

هەروەها ناوە دیارخراوو هاوەڵناوەکان لە چوار چێوەی وشەیەکی لێکدراو، یان گرێیەکی ناویدا دەتوانن ئەرکی ناوبینن لە ڕستەدا.

بەکورتی:-

هاوەڵناوی چۆنیەتی (سادە ، داڕێژراو ، لێکدراو) دەتوانن ببن بە دیارخەری ناوێك و لەچەند شێوەیەکی جیاوازدا دەردەکەوێت:

١- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە[1]، ناوێکی تاکی نەناسراو، یان ناوێکی گشتی بێت، هاوەڵناوێکی بەدوادا هاتبێت، ئەوا دیارخراو پێش هاوەڵناوی دیارخەر دەکەوێت و (ی) ئامرازی خستنە سەر دەکەوێتە نێوانیانەوە.

٢- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە تاك یان کۆی ناسراو بێت، دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت و هەردووکیان دەخرێنە شێوەی ناوێکی لێکدراوەوە، ئینجا نیشانەی ناسراوی کۆ دەخرێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، لێرەدا پێویستە

---

[1] دەشێت دیارخراو جێناوی کەسی سەربەخۆ بێت.

ئاگاداری ناوە دیارخراوەکە بین بە تایبەتی ئەگەر بە پیتی (بزوێن) دوایی هاتبێت، چونکە پێویستی بە چەند دەستوورێکی تایبەتی هەیە بۆ لێکدانی ناوەکەو هاوەڵناوەکە.

٣- ئەگەر هاوەڵناوە دیارخەرەکان لە جۆری ئەوە هاوەڵناوانە بن، کە دەکەونە پێش ناوە دیارخراوەکەوە، وەکو هاوەڵناوی (**ژمارە ــ نیشانە ــ نادیار ــ پرس ــ هاوەڵناوی پلەی باڵا**) ئەوا پێویستیان بە (**ی**) ئامرازی خستنە سەر نییە، بێجگە لە هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی کە پێویستی بەم (**ی**) یە هەیە، خۆ ئەگەر دوای ناوەکە بکەون وەك هاوەڵناوی (**ڕێکخستن ، پرس ، نادیار ، هاوەڵناوی پلەی بەراورد**) ئەوا پێویستیان بە (**ی**) ئامرازی خستنە سەر دەبێت.

ڕاهێنان (١)

هاوەڵناوی (خۆش ، هەڵکەنراو ، خەباتکەر) لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك، یەکەمیان ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو، دووەمیان دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو بێت، سێیەمیان دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراوبێت.

ڕاهێنان (٢)

١- ئایا دەشێت چەند هاوەڵناوێکی یەك لە دوای یەك ببن بە دیارخەری ناوێك؟ چۆن؟ وەڵامەکەت بە نموونەوە بسەلمێنە.

٢- ئەو هاوەڵناوانە کامانەن کە دەبن بە دیارخەری ناوو پێویستییان بە ئامرازی خستنە سەری (ی) نییە، وەڵامەکەت بەنموونەوە بسەلمێنە.

ڕاهێنان (٣)

دیارخەرەکانی ئەم ڕستانە خوارەوە. دەربهێنە و جۆرەکەشی دەست نیشان بکە.

١- بەکام قوتابیدا نامەکەت بۆ ناردم؟

٢- زۆر کورد بەناهەق شەهیدکران.

٣- ئێوەی زیرەك هەمیشە سەرکەوتوون.

ڕاهێنان (٤)

لە ڕستەی (پێشمەرگە بوێرەکە خەڵاتکرا).

١- لەنێوان وشەکانی (پێشمەرگە) و(بوێرەکە) چ ئامرازێك بەکارنەهاتووە؟ بۆچی؟

٢- ناوێکی تر بهێنەوە بەهەمان بزوێنی (ە) کۆتایی هاتبێت بەڵام ئامرازەکە بەکارهاتبێت، هۆیەکەشی بنووسە.

٣- وشەی(بوێر) چی یە؟ چۆن دروست کراوە.

٤- ناوی(پێشمەرگە) ناوێکی تاکی ناسراوە، کوا نیشانەی ناسراویەکەی؟ بۆچی کەوتۆتە ئەوێ؟

سێیەم- ئەرکی جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

١- خەڵاتەکەی من بەنرخە. (من - تۆ - ئەو[1] ئێمە - ئێوە - ئەوان)

٢- خانووەکەی خۆتم پێبفرۆشە. (خۆم - خۆت - خۆی خۆمان - خۆتان - خۆیان)

٣- چیرۆکی کێ خوێنرایەوە؟ (کێ - چی ......)

٤- دیسکەکەم بۆ کۆمپیوتەرەکەی هین بوو. (هین - فلان - کابرا فیسار - کەس..)

٥- تاقیکردنەوەکەم لە تاقیگەی ئەمانەدا ئەنجام دا. (ئەوە - ئەوانە ئەمە - ئەمانە).

٦- ئەوانە دەفتەرەکانی ئێمەنە.

٧- گەنجانی شارەکەی من بەئاوات دەگەن.

هەروەکو دەزانین جێناوەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- جێناوی سەربەخۆ (جودا).

٢- جێناوی کەسی لکاو.

ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو بریتین لە:

١- جێناوی کەسی سەربەخۆ[2].

٢- جێناوی خۆیی.

٣- جێناوی پرس.

---

(١) کۆمەڵە جێناوی من ، تە ، وی ، وێ بەکاردێت وەکو وەلاتێ مە خۆشە.

(٢) جێناوی هەیی نابێت بە دیارخەری ناو.

٤- جێناوی نادیار.
٥- جێناوی نیشانه.

ئەگەر جێناوە سەربەخۆکان ببن بە دیار خەری ناوێك ئەوا ناوی دیارخراو هەمیشە پێشدەکەوێت، هەر لەبەر ئەمە پێویستە (ی) ئامرازی خستنەسەر بخرێتە نێوانیانەوە، دەتوانین ناوە دیارخراوەکەش بەپێی شوێن و مەبەست بەمەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت لە شێوەی تاك و کۆ و ناسراو یان نەناسراویدا بەکاربهێنن وەکو لە ڕستەکانی بەشی سەرەوەدا ئاشکرا کراون.

لەو ڕستانەدا هەریەکە لە جێناوی (من — خۆت — کێ — هێن — ئەمانە — ئێمە — ئێوە) لە شوێنی خۆیدا دیارخەری ناوەکەی پێش خۆیەتی (دیارخراو و دیارخەر) لە چوارچێوەی گرێیەکی ناویدا، ئەرکی تایبەتی هەیە.

لە ڕستەی یەکەمدا (خەڵاتەکەی من) نیهادە، لە دووەمدا (خانووی خۆت) بەرکارە، لە سێیەمیاندا (چیرۆکی کێ) جێگری بکەرە، لە چوارەمیاندا (کۆمپیوتەرەکەی هێن) تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە، لە پێنجەمیاندا (تاقیگەکەی ئەمانە) تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە، لە شەشەمیاندا (دەفتەرەکانی ئێمە) تەواوکەری کاری ناتەواوە، لە حەوتەمیاندا (گەنجانی شارەکەی من) بکەرە.

بە کورتی:-

ئەگەر جێناوی سەربەخۆ[1] ببێتە دیارخەری ناوێك ئەوا هەمیشە:

١- ناوە دیارخراوەکە پێش جێناوی سەربەخۆی دیارخەر دەکەوێت.

٢- (ی) ئامرازی خستنەسەر دەکەوێتە نێوانیانەوە.

[1] جگە لە جێناوی سەربەخۆ، کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانیش دەبنە دیارخەری ناو، ئەم جۆرەیان لە باسی ئەرکی جێناوی کەسیی لکاوە لە دەوری دیارخەری ناودا نیشان دراوە.

ڕاهێنان (١)

ئەو جێناوە سەربەخۆیانە کامانەن کە دەبن بە دیارخەری ناو؟ بیانژمێرەو نموونە بۆ هەریەکەیان بهێنەرەوە لە ڕستەدا.

ڕاهێنان (٢)

ئەرکی ئەم گرێیانەی خوارەوە کە هێڵیان بەژێردا هاتووە دەستنیشان بکە.

١- گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە

کە لە ژێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە

٢- دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وابزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی ڕەقیبە.

٣- جوان هۆنراوەکانی ئەمانەی کۆکردەوە.

٤- کچە زیرەکەکە خەلاتکراوە.

ڕاهێنان (٣)

لە ڕستەی (شاخەکانی کوردستان سەرکەشن)

١- (ی) دوای (شاخەکان) چییە؟ بۆ خراوەتە ئەوێ؟

٢- لەجیاتی وشەی (کوردستان) جێناوێك بەکاربهێنە و سەرلەنوێ ڕستەکەش بنووسەوە.

٣- کاری ڕستەکە دەستنیشان بکە.

٤- تەواوکەری کارەکە شیبکەوە.

ڕاهێنان (٤)

لە ڕستەی (مۆبایل پەیوەندییەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووەتەوە.)

١- وشەی (پەیوەندییەکان) چ جۆرە جێناوێك دیارخەریەتی؟ چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆی تریش دەبنە دیارخەری؟

٢- (ئێمە) بگۆڕە بۆ جێناوی لکاو، چ گۆڕانێك ڕوودەدات بینوسەوە.

٣- گرێ ی (پەیوەندیەکانی ئێمە) ئەرکی چییە لە ڕستەکەدا؟

٤- ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لەرستەدا وەکو دیارخەری ناو

ئـ-

١- هاورێکەم چوو بۆ سەیرانگای دووکان. (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان).

٢- مامۆستاکەمان دێت بۆ سەیرکردنی پێشانگەکە.

٣- کتێبخانەی شارەکەمان نۆژەن دەکەنەوە.

٤- بەیانی گۆرانییە نوێیەکەم تۆماردەکەم.

٥- زیندانییەکانمان ئازاد کران.

٦- پەیامەکەمان بگەیەنن بە هاوولاَتییان.

ب-

١- نامەکەتم گەیاند.

٢- نامەکەم گەیاندیت.

٣- پێنووسە سەوزەکەتم برد.

٤- پێنووسە سەوزەکەم بردیت.

جێناوی کەسیی لکاو دەتوانێت ببێت بەدیارخەری ناو، بەلاَم پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە بهێنینەوە یادمان، کە ئەم بەدیارخستنە پێویستی بە (ی) ئامرازی خستنە سەر نابێت، وەك لەم شێوانەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

ئـ- ئەگەر کاری رستەکە رانەبردووی (تێپەڕ یان تێنەپەڕ)، رابردووی تێنەپەڕ، یان بکەر نادیار یان داخوازی بێت، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی دیارخەری ناو یەکسەر دوای ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت، خۆ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بەناوێك یان چەند ناوێك یان بە هاوەڵناوێك بەدیارخرا، ئینجا بە

جێناوی لکاو بەدیاربخرێت، ئەوا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە لە دوای هەموو دیارخراوەکان دێت، وەك لە ڕستەکانی بەشی وە (ئـ) نیشاندراوە.

لەڕستەی یەکەمدا، کاری ڕستەکە تێنەپەڕەو لەدەمی ڕابردوودایەو جێناوی کەسیی لکاوی (م) بووە بەدیارخەری وشەی (هاوڕێ).

لەڕستەی دووەمدا، جێناوی کەسیی لکاوی (مان) بووە بەدیارخەری ناوی (مامۆستاکە) و کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕە.

لەڕستەی سێیەمدا، ناوی (کتێبخانە) بەناوی(شارەکە) دیارخراوە، ئینجا جێناوی کەسی لکاوی (مان) بووە بەدیارخەری و کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕە، گرێی (کتێبخانەی شارەکە) بەرکارە.

لەڕستەی چوارەمدا، هاوەڵناوی (نوێ) دیارخەری ناوی (گۆرانییە)، ئینجا جێناوی لکاوی (م) بووە بەدیارخەری، کارەکەش ڕانەبردووی تێپەڕە.

کەوابوو، ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێپەڕیان تێنەپەڕبێت)، (ڕابردووی تێنەپەڕ)، بکەر (نادیار) یان (داخوازی) بێت ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ــ مان ، ت ــ تان ، ی ــ یان) بەپێی مەبەست بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ بەپێی مەبەست لە دەوری دیارخەری ناودا بەکاردەهێنین، بەڵام ئەگەر ناوەکە بە ناوێك یان چەند ناوێك دیارخرا، ئەوا جێناوی لکاوی دیارخەر لە دوای هەموو دیارخراوەکانەوە دێت،

خۆ ئەگەر هاوەڵناوێك بوو بەدیارخەری ناوەکەو پاشان جێناوی کەسیی لکاو بوو بە دیارخەری، ئەوا ناوەکەو هاوەڵناوەکە دەخرێتە شێوەی ناوێکی لێکدراوە و پاشان جێناوە کەسییە لکاوەکە دەبێت بە دیارخەری.

ب- ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی ڕابردووی تێپەڕبێت و بمانەوێت ئەو ناوەی کە ئەرکی بەرکار دەبینێت، جێناوێکی کەسیی لکاو ببێت بەدیارخەری ئەوا دەشێت بە دوو شێوە بێت:

ئـ- جێناوە لکاوە دیارخەرەکە یەکسەر لە دوای ناوە دیارخراوەکەوە بێت، وەکو (نامەکەتم گەیاند)، لێرەدا جێناوی کەسیی لکاوی (ت) دیارخەری ناوی (نامەکە)یەو، جێناوی کەسیی لکاوی (م) بکەری ڕستەکەیە، جا بە پێی مەبەست دەتوانین لە شوێنی جێناوی (ت) جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ــ مان ، ت ــ تان ، ی ــ یان) بەکاربهێنین، خۆ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە هاوەڵناوێك بووبێت بەدیارخەری پاشان بە جێناوێکی کەسیی لکاو دیارخرا، ئەوا جێناوە کەسییەکە دەچێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، وەك لە ڕستەکانی بەشی (ب) نیشاندراوە.

ب- یان جێناوە کەسییە لکاوە دیارخەرەکە دەچێتە دوای کارەکەوە، وەکو لە ڕستەی (نامەکەم گەیاندیت) نیشاندراوە، لێرەدا دیسان (م) بکەری ڕستەکەیەو جێناوی لکاوی (یت) دیارخەری (نامەکە)یە و لە دوای کاری ڕستەکەوە هاتووە، دەتوانین لە شوێنی ئەم جێناوە کۆمەڵەی (م ، ین ، یت ، ن ، (Ø) ،ن) بەڕیز بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ بەکارهێنین.

سەرنج:

١- ئەگەر جێناوێکی لکاو بوو بە دیارخەری ناوێك، ئەوا هیچ وشەیەکی تر نابێت بەدیارخەری ناوەکە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی دارشتنی ڕستەکەو شێواندنی واتاکەی بۆ نموونە ناتوانین بڵێین:

پەنجەرەکەمان خانووەکە گەورەیە.

٢- ناوە دیارخراوەکە و جێناوە کەسییە دیارخەرەکە وەکو گرێیەکی ناوی دەتوانن ئەرکەکانی ناو ببینین لە ڕستەدا.

بەکورتی:

١- کۆمەڵە جێناوە لکاوەکانی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە دیارخەری ناوو دەچنە دوای ناوە دیارخراوەکە، جا ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بەناوێك یان بە هاوەڵناوێك دیار خرابێت ئەوا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە دەکەوێتە دوای دیارخەرەکانی ناوەکەوە.

٢- ئەو جێناوە لکاوانەی، کە دەبن بە دیارخەری ناوو لە دوای کاری ڕستەکەوە دێن بریتین لە (م ـ ین ، یت ـ ن ، (Ø) - ن) لێرەدا، بۆ کەسی سێیەمی تاك، جێناوی لکاو لە دەوری دیارخەری ناودا دەرناکەوێت، ئەگەر کاری ڕستەکە لە دەمی ڕابردووی تێپەڕدا بێت.

ڕاهێنان(١)

جێناوە لکاوەکانی (ی ـ تان) لەناو ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێك جارێك ببنە بکەر و جارێکی تریش ببنە دیارخەری ناو.

ڕاهێنان (٢)

١- کەی دەبێت ئەم جێناوە لکاوانە وەکو دیارخەری ناو بەکارهێنین؟

(ین -ت- ن - ی)

٢- کەی جێناوی لکاو وەکو دیارخەری ناو لە ڕستەدا دەرناکەوێت؟ وەڵامەکەت بە نموونەوە بسەلمێنە.

ڕاهێنان (٣)

ئایا دەتوانین ببێژین؟

١- (مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە)، یان نا؟ بۆچی؟

٢- گرێی (دەمەکانی منداڵەکە) دروستە یان دروست نییە؟ بۆچی؟

ڕاهێنان (٤)

لە ڕستەی (دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردبا).

١- بکەری ڕستەکە دەربهێنە.

٢- (ت) چییە؟ ئەرکی چییە؟ بۆ کەوتووەتە ئەوێ؟ لەبری ئەو (یت) بەکاربهێنە ئنجا بزانە دەچێتە کوێ؟ بۆچی؟.

٣- (ە)ی دوای ووشەی (ڕۆمان) چییە؟

٤- ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن.

سەرچاوەکان:

١– زمان و ئەدەبی کوردی ـ بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی چاپی هەولێر ــ ٢٠٠٢ز ـ ٢٧٠٢ کوردی؟

٢– د. ئاو رەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی بەشی (١ – ٥) کۆکردنەوەو لە چاپدانەوەیان لە یەك کتێبدا سلێمانی ـ ٢٠٠١,

٣– نوری علی امین، قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف نحو)دا، بەغداد، ١٩٥٦,

٤– د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیرە ژمارە ١٣٣,

٥– نوری علی امین، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا. ١٩٨٦.

بەشی ئەدەب

لیژنەی دانان

د. دلشاد علی محمد

انور علی قادر　　محسن أحمد كريم

حمە یوسف عثمان　　هۆشیار نامق دەروێش

احمد محمد رشید　　سەگڤان جمیل محمد

هێرۆ عبد اللطیف یونس

ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩ - ١٩٩١)ز

ڕێـــڕەوی شـــیعری کـــوردی لـــەم ماوەیـــەدا بـــەپێی ڕووداوە ڕامیـــاریو ڕوناکبیرییەکانی نـاو کۆمـەڵگای کـوردی، دابـەش دەکرێـت بـۆ سـێ قۆنـاغی شیعری جیاواز هەوڵدەدەین لێرەدا بە شێوەیەکی کورت و چڕو واتـادار بـاس لەو قۆناغانە بکەین.

قۆناغی یەکەم
ساڵی (١٩٣٩ - ١٩٥٨)ز

شیعری کوردی لە قۆناغی پێشوودا هەنگاوی گەورەو کاریگەری نابوو، بـۆ هێنانەدی گۆڕانی گرنگو نوێ لە ڕوخسـارو نـاوەڕۆکی دەقـی شـیعریدا. ئـەم هەنگاوە پڕ گۆڕانکارییە، کاردانەوەی هەبووە بەسەر ڕێڕەوی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا. بەجۆرێك دەکرێت ئـەو ڕاسـتییە بخەینـە پـێش چـاو کەبەشـی زۆری ئەو ڕەوتە نوێیـە لـە شـیعری ئـەم قۆناغـەدا دەبیـنین درێـژە پێـدەری هەمان ڕەوتی گۆڕانکاری شیعری کوردی قۆناغەکانی نوێکردنەوەی پێشـترە. چونکە لەم قۆناغـەدا ئـەوەی ئاشـکرابێت، ناکرێـت بـە شـێوەیەکی بنـەڕەتی هێڵی ئاشکراو دیاری جیاکەرەوە لە نێوان ئەم قۆناغەو قۆنـاغی پێشـوودا لـە بواری شیعردا دیاری بکەین.

وەك ئاشکرایە تایبەتمەندێتی شیعری زینـدوو ئەوەیـە کـە گوزارشـت لـە کاتی لە دایکبوونی و هەڵگری سـیماو تایبـەتێتی قۆنـاغی نووسـینی دەقەکـە بکات، بۆیە سـاتەوەختی پـەژارەو ژەنگـی سیاسـیی کـاتی جـەنگی دووەمـی جیهانیو خەباتی سیاسیو خۆپیشاندانەکانی کۆمـەڵانی خـەڵك لـە عـیراق بـە

گشتیو لە کوردستاندا بەتایبەتی بە ڕادەیەکی زۆر جێگەو شوێنەواریان بەسەر گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بە جێهێشت.

لەم قۆناغەدا لەپاڵ پەیدابوونی هەندێك دەنگی تازە هەمان ئەو شاعیرانە دەبیسین کەلە قۆناغەکانی پێشوودا دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی بوون، بەڵام هەندێك گۆڕانکارییان بەسەر دەقە شیعرییەکانیاندا هێناوە.

سەرەڕای ئەو سەرنجو تێبینیانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لێرەدا گرنگترینی ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە لە ڕوخسارو ناوەرۆکی شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاو دەکەون:

یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

ڕەنگـە گـۆڕانی گـرنگ لـە بـواری شـیعری کـوردی لـەم قۆناغـەدا لـە ڕووی ناوەڕۆکەوە بوو بێت، چـونکە سـەرەڕای ئـەو خاڵـە هاوبەشـانەی کـە لەگـەڵ ناوەڕۆکی شیعری کوردی قۆناغی پێشوودا دەبینین، گەلێك لایەنی جیاوازیش بەرچـاو دەکـەون کـە خاسـیەتی نـاوەڕۆکی شـیعر لـە قۆناغەکـەدا دەخەنـە بەرچاو.....................

لـە ڕووی نەتـەوایـەتیو نیشـتیمان پەروەرییـەوە، بـەهۆی سـەرهەڵدانی ئـەو ڕووداوە ڕامیارییە گرنگانەی بەسـەر کوردسـتانو ناوچـەکەدا هـاتن، هەسـتی کوردایەتی لەلای گەلی کورد ئاراستەیەکی تری وەرگرت لـە شـیعری کوردیـدا، چونکە خەباتە ڕامیارییەکـەی ئـەو سـەردەمە چـووە ناودەقـە شـیعرییەکان، بەمـەش نـاوەڕۆکی شـیعری کـوردی زیـاتر ڕووی لـە شـیعری نەتەوایـەتیو نیشتمانیو ڕامیاری کرد، شیعر بووە هۆکارێك بۆ هوشیار کردنەوەی میللـەت لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانیدا، شیعری کوردی قۆناغەکە بـە تـەواوی گوزارشتی لە خواستو هیوای میللەتی کورد کردووە دیارترین ئەو شاعیرانەی لەم بوارەدا بالادەست بوون.

((زێوەر، پیرەمێرد، بێکەس، شێخ نوری شێخ ساڵح، دلدار، هـەژار، هـێمن، قانیع، گۆران، هەردی، جگەرخوێن، کامەران موکری، دیلان، ع. ح. ب))

هەندێك لەو شاعیرانەی کە ناومان هێنان وەك:

((هەردی، کامەران موکری، دیـلان،ع.ح.ب، جگـەر خـوێن، هـێمن، هـەژار)) لـەناو کـۆڕی خـەباتی ڕامیـاری ئـەو سـالانە هاتنـە نـاو جیهـانی شـیعری کوردییـەوە. لێـرەدا نموونەیـەك لـە شـیعری (هـێمن) دەهێنینـەوە، کـە بـە

شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە هەسـتو نەسـتی کوردایەتی بە تەواوەتی شیعری کوردی قۆناغەکەی داگیرکردووە کە دەڵێت:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەتو دەردم ئەمـــن
قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئـــەمن
ئاشقی چـاوی کـــەژاڵ و گـەردنـی پـڕخـاڵ نیــــم
ئـاشـقـی کیـو و تـــەلان و بـەنـدەن و بـەردم ئـەمـــن
گـــەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵیم
نـۆکـەری بیـگـانـــە نـاکـەم تـا لەسـەر عـەردم ئەمن
من لـە زنـجـیـر و تـــەنـاف و دارو بەنـد باکم نـیـیـــە
لـەت لەتـم کەن، بمکوژن، هێشـتا دەڵێم کوردم ئەمن

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

هەروەها هەر لە چوارچێوەی بابەتی نیشتمان پەروەریدا (جگەر خوێن) دێتـە گۆڕەپانەکەوە هەستی کوردانـەی خـۆی بـۆ سـەربەخۆیی و هـەڵکردنی ئـاڵای کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئــــالامــن

ئـــالاّمن رەنگین پیروزی خـوەش
تـە هـەلـدگـرم دچـــم بمەش
تو لسەر ملێن خورتـێن جــــان
د ناڤـ تەدە یەك رۆژەك گــەش

ئـــالا ســـــێ رەنـگـی تــــو
بـــنــــاڤ و دەنـــــگی تـو
نــیـشـــانـا جـەنــــگی تـو
ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێ بکەن

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

هەروەك چۆن خەباتی گەلی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستانو کێشە ڕەواکەیدا لە شیعری کوردیدا شوێنی دیاریان هەبووە، بەهەمان شێوە شاعیرانی کورد شیعریان بۆ خەباتو تێکۆشانی گەلانی تر لە پێناو سەربەخۆییدا نووسیوە، هەوڵیان داوە لە ڕێی ئەو شیعرانەوە پەیامی خەباتی هاوبەشی گەلانی چەوساوەو ژێر دەستە لە پێناو سەربەرزیو ڕزگاربوون لە کۆتی ژێر دەستەیی پیشان بدەن، واتا شیعری کوردی پەیامێکی مرۆڤایەتی هەلگرتبوو، هەرگیز بە تەنها لە بیری نەتەوەکەی خۆیدا نەبووە تا بە ئاراستەیەکی ڕەگەز پەرستانەیدا بەرێت، بەڵکو شیعری کوردی کانیاوی بیری ئازادیخوازی گەلانی تری جیهانیش بووە.

لایەنێکی تری گرنگ لە ناوەرۆکی شیعری کوردی قۆناغەکە بریتییە لە باسکردنی سروشت. سروشت لە شیعری ئەم قۆناغەدا لەو وەسفە ڕووتەی کە لە شیعری کلاسیکدا بوونی هەبووە دەرباز بووە، بۆ ئەوە بووە کە هەستی ڕۆڵەکانی کورد بجوڵێنن لە پێناو دروستکردنی هەستی خۆشەویستی کوردستان لە ناخیاندا تا وڵاتەکەیان زیاتر خۆش بوێت. (دیلان)کە دیمەنی سروشتی کوردستان کاری تێدەکات و دەڵێت:

بــــەهـــــار

وابــەهـار دیــسـان تـــارای ئـە پۆشێ

گــوڵاڵـە پـیـاڵـەی خـوێنـــین ئەنـۆشێ

نێرگـس ئەندام شـۆڕ ڕەنــگی زێـڕینـی

وەنەوشەو کوڕنـــووش پەڕەی چـین چینی

هـاژە هـــاژەی ئـاو، هـــاڕەی شـەتـاوان

بــریــسك و هـــۆڕی نـــزارو کـــاوان

تریـق و هـــۆڕی خـونـچـــەی داری بـاخ

خـوێـندنی مـەلی قـەڵبـــەز و سەر شـاخ

دەنــگی شمشاڵ و بەستەی دڵـــفـڕێـــن

تـەنـگ و چـەڵـەمـەی زستان ڕاو ئـەنێـن

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

هەر لـەم قۆناغـەدا بابـەتێکی تـر لـە شـیعردا خراوەتـە ڕوو، ئـەویش بابـەتی جـوانی ئـافرەت و کێشـەکانی بـووە. شـتێکی ڕوون و بەرچـاو کەلەشـیعری کوردیدا(ژن) بەش و جێگەی گەورەی هەبووە بەڵام (ژن) لـە شـیعری کـوردی ئـەم قۆناغـەدا جیـاوازتر باسـی لێکـراوە. چـونکە باسـکردنی (ژن) تـەنها لـە چوارچێوەی جوانی ڕوخساریدا نەماوەتەوە بەڵکو لا لەکێشەکانی کراوەتەوە. شاعیران وا باسی (ژن) یان کردووە کە (ژن) وەکو پیاو مرۆڤە، وەکو پیاویش ئەرك و مـافی هەیـەو دەبێـت بەشـدار بێـت لـە کـۆڕی سیاسـیو تێکۆشـاندا، دەبێت ژنی کورد لە کۆتی دیلیو دواکـەوتوویی و هـەموو ئـەو داب و نەریتانـە ڕزگاری بێت کە دەرفەتی بەشداری بوون لە بوارەکـانی ژیانـدا بـۆ ژنـان لاواز دەکەن و ڕۆڵیان ناهێڵن.

(بێکـەس) بـاش ئـەم دیمەنـە دوا کەوتووییـە لـەناو کۆمـەڵگادا بەرجەسـتە دەکاتو دەڵێت:

مەڵێ من کچم. تـۆش وەکو منی
موحـتاجی عیلمو فـەنو خوێندنی
مەجبـوری ئیـشو خـزمەتـکردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شـەرمە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

ئەم چەشنە ئاوێتە کردنەی ژن لەگەڵ کێشە ڕامیارییەکاندا بووە هۆی ئەوەی کـە ڕەنگدانـەوەی ژن لـە شـیعری کـوردی قۆناغەکـەدا وەکـو خۆشەویسـت بەرتەسك ببێتەوە، هەر بۆیەش دەتـوانین بڵێین کـە دیـارترین شـاعیری ئـەم قۆناغە لـە بـواری شـیعری خۆشەویسـتی بـۆ (ژن) (ئەحمـەد هـەردی)یـە کـە دەڵێت:

گـەرچی دڵــداری لـە خـاکی ئێمەدا ئەفسانەیـە
هـەر بە تـەنیا بـۆ کـوڕی خاوەن تەلار و عانـەیە
گـیانەکەم! ئەمـما دڵـی من لـەو دڵە شێتانەیــە
بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیــە
هەر بەتەنیا خۆشەویستی شك ئەبەم، ست فا تمــە
سەرووەتم نـاوێ، بــزەی تۆ ئــەو پـەڕی ئـاوا تمە

(دوو دێڕ بۆ لەبەرکردنە)

دیارە کێشەی سەرەکی لە کۆمەڵگای کوردیدا لـەم ماوەیـەدا لـە پـاڵ کێشـە ڕامیارییەکاندا، بریتی بـوو لـە کێشـە کۆمەلایەتییـەکان و، دیـارترین کێشـەی کۆمەلایەتی لەم قۆناغەدا بریتی بووە لە کێشەی چینایەتی، شـاعیرانی کـورد

لەم قۆناغەدا زیرەکانە و وشیارانە ئاوێتەیان کردووە بە کێشەی ڕامیاری میللەتەکەیانەوە، دیاریشە کە سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە پاڵ پشتی چینی چەوساوە بوونو دژی زۆرداران وەستاونەتەوەو بەردەوام هاوڕێی جوتیار و کرێکاری زەحمەتکێش بوون. لەم بارەیەوە (قانیع) لە شیعری (قەڵاچۆی دوژمن) دا دەڵێت:

با هەموو جوتیار و پاڵەو ڕەنجبەران
یەکگرن تا دەبنە هێزو پشتیوان
هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان
هەڵگرن پاج و چەك و بێڵ و قەڵەم
هەر لە ڕۆشەنبیر هەتا شوان و سەپان
هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە
دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژیان

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ ڕوویان لە کێشەی ڕامیاری و نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە. لەهەمان کاتیشدا بایەخیان بە ئاشتیو هاوخەباتی و مرۆڤدۆستی داوە.

دووەم: ڕوخسارو تەکنیکی شیعری ئەم قۆناغە

ئەگەر چی لەم قۆناغەدا بایەخدانی شاعیران لە ناوەڕۆك زیاتر دەبینرێ بەڵام لە ئاستی تاکە کەسیی شاعیران خۆیاندا چەند هەوڵێك دەبینرێ، کە بۆ گۆڕینو نوێکردنەوەی ڕوخسارو تەکنیکی شیعر دراون، وەك لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (قەدری جان، گۆران، دیلان، کامەران)دا بەر چاودەکەون:ساڵی (١٩٥٤)دیلان لە پارچە شیعری (ڕێگای خەبات)ە کەیدا کە ناوی ناوە

پارچـەیەکی (مەنسـور) بنیـاتی دەقـی شـیعری کـوردی دەگۆڕێـتو بـەرەو قالْبێکی ئازادی دەباتو هەر لەم بوارەدا لە سالّی (١٩٥٧)دا کامەران مـوکری بـە پارچـە شـیعری (کچـە شـوان) ڕوو لـە شـیعری سەربەسـت دەکـات، بـە شێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ کێشو سەروادا دەکات.

ئەی کچە شوان

ئـەی کـچە شـوان
هـەڵاڵـەیـــی
ئـەی کـەنیزەی کەژی کوێستان
بە شـێنـەیــی
نـەرمو نیـــان
بـە ئـاوازی شـمشاڵەکەت
بـە لەرەی لێـوە ئاڵەکــەت
هەستی خۆشیـم بێنە فڕیـن
بۆ نـاو گـوڵــزار
چـــەمو نـــزار

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

بەڵام دیارە ئەو هەوڵە تاکە کەسییانە نـە لای ئـەو شـاعیرانە خۆیـان نـە لای شاعیرانی تری ئەم قۆناغـە بـەردەوام نـەبوو تـا بتـوانن بـە تـەواوی ڕێچـکەی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بکەنەوە.

لایەنێکی تری روخساری شیعر کەلەم قۆناغەدا گرنگی پێدراوە زمانی شـیعرە کەبەرەو کوردی پەتی هەنگاوی بەرەو پێشـتری نـابوو، هـەروەها فەرهـەنگی شیعری ئەم قۆناغـە زیـاتر دەوڵەمەنـد کـراوە، بـوارە جیاجیـا کـانی خـەباتی

ڕامیاریو شیعری جوانی سروشتو کێشەکانی ژنو دەیان وشەی تریان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە.

هەر لەم قۆناغەدا بە سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی گەلێك لە شاعیران، زمانی شیعری ئەو قۆناغەیان دەوڵەمەندترکرد. (قەدری جان) یە کێك بوو لەو شاعیرانەی کە ئەم هەوڵەی لەلا بەدی دەکرێ.

کاروانێ مە

ئەم هیچ نەوەستیاین، ناوەستین
لەسەر ڤێ رێیا دوور
سەر ڤێ رێیا دژوار
ئەم دچن و ئەمێ بچن
بەر ب ئارمانجا خۆ
ل بن باران
ل سەر بەرفان
باو با گەر ل شکەفتان
دبن دلۆپان
ب لنگی خاس
کاروانێ مە دچە
بە رب ئارمانجا خۆە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

هەر ئەو دەوڵەمەندییەی زمانی شیعر لە م قۆناغەدا لە لایەکو فراوان بوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشەی بووە هۆی ئەوەی کە وێنەی شیعریش گۆڕانی بەسەردابێتو زیاتر مەبەستی دەرِ برِین لە بیرو هەست و سۆزی شاعیراندا بنیات بنرێت و بابەت و ناوەرۆکە شیعرییەکانیان پێ بەرجەستە بکرێ.

هەر لەم قۆناغەدا لەگەڵ فراوان بوونی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا (سروود)یش بەرەو پێشەوە چوونێکی بەر چاوی بە خۆیەوە بینی، بە تایبەتی ئەو سروودانەی کە بۆ جەژنی نەتەوەیی کورد (نەورۆز) دەوتران لە شیعرە بە ناوبانگەکەی (پیرەمێرد)دا دەردەکەوێت کە دەلێت:

نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمەی پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو بە گوڵی ئاڵی نەو بەهار
ئەو ڕەنگە سوورەبوو کە لەئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە

(دوو دێر بۆ لەبەرکردنە)

بەم جۆرە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شیعری کوردی لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی تەکنیك و ناوەرۆکەوە هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری بووە، واتە گوزارشتێکی ڕاستەقینەی لە ژیانی ئاسایی خەڵك کردووە. شاعیرەکانمان ویستویانە و مەبەستیان بووە، کە کۆمەلانی خەڵك وشیار بکەنەوەو لە داواو مافەڕەواکانی خۆی بێدەنگ نەبێت، بۆیە بە زمانی ئەوان شیعریان و تووە، ئیدی بۆمان هەیە کە بڵێین شاعیرانی کورد لە زمانحاڵێکی بە وەفای میللەتەکەی خۆیان بوون و لە سەنگەری میللەت خۆیان جیا نەکردۆتەوە، ڕووداوە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی ئەم قۆناغەی گەلی کوردیان بەرجەستە کردووە................

قۆناغی دووەم

ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی (١٩٥٨- ١٩٧٠)ز

دیارە ئەو مێژووەی سەرەوە پەیوەستە بە دوو ڕووداوی سیاسی گرنگ لە عێراقدا، یە کەمیان ساڵی ١٩٥٨ز ساڵی ڕوودانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژە کە ئەم ڕوواوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەرباری رووناکبیریو ئەدەبی گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی هەبوو. ڕووداوی دووەمیان لە ساڵی ١٩٦١ز دایە کە ئەویش بریتییە لە سەر هەڵدانی شۆڕشی ئەیلول کە ئەم ڕووداوە ڕامیارییە ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی دیار کارتێکردنی هەبووە لەسەر باری ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عێراقدا.

شیعری کوردی هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)ەوە، ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ ئامانجەکانی ئەم شۆڕشەوە بە هیوای ئەوەی کە لە سایەی شۆڕشدا کورد بە مافە ڕامیارییەکانی شاد بێت هەر ئەم تێڕوانینەش بۆ شۆرش لەو قۆناغەدا وای کرد کە شاعیرانی کورد دەیان پارچە شیعر بەسەر شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕشدا بڵێن، بەرگریان لەو دەسکەوتانەی کە شۆڕش بە دەستی هێنابوو، دەکرد بەم پێیە شیعری ڕامیاری ئەم سەردەمە ڕاستەوخۆ چووە ناو بازنەی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژەوە.

بەڵام وەك ئاشکرایە ئەو هیوایەی کە کورد بە شۆڕشی گەلاوێژ هەیبوو، هەر زوو پووکایەوە، چونکە بەرەبەرە پشت لە مافو خواستەکانی گەلی کورد کرا. لێرەدا دەتوانین بڵێین: شاعیرانی کورد هەر لە سەرەتاوە دەرکیان بەوپاشگەزبوونەوەیەی سەرکردایەتی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ کردبوو

بەرامبەر بە گەلی کورد، بۆیە دەبینین کۆمەڵێك دەقی شیعری کوردی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دا ڕەنگ پێ دەرەوەی ئەو نائومێد بوونەی کورد بەرامبەر بە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ دەردەخەن....

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ز دا، شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەوەو پتەوتر و سوورتر، جەختیان لەسەر مافە ڕامیاریو نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکردەوە. هەر بۆیەش سیمای هەرە دیاری ناوەرۆکی شیعری کوردی لەم قۆناغە مەبەستی ڕامیاری و نەتەوایەتی بووە. نموونەی ئەم بەشدارییە ڕاستەوخۆیەی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بە شانی پێشمەرگە لەم شیعرەی (هەژاری موکریانی) دەردەکەوێت کە دەڵێت:

نیشتمانی کورد، گەلێك پیرۆزی، سوێندت پێ ئەخۆم
بۆ سەر بەخۆییت بە گیان و بە ماڵ، بە قوربانی تۆم
زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان ڕشت
زۆر شێخ و پیران، لە زانا و ژیران ، خۆیان دا بە کوشت
بۆتان، شەمزینان، چیای شیرین، پیران، ئاگری داخ، ساسۆن
دەربەند ، شارەزوور ، مهاباد سووری، ڕوگەی ئەوەی تۆن
دڵ چاك و پاكین ، ئازاو بێ باكین، ڕۆڵەی ئەوانین
بەدڵ داوای سەربەخۆیی تۆو تۆڵەی ئەوانین
بڕیارمان وایە، یان ئازادژیان، یان ئازا مردن
بەسەرچوو ئەم دەم، لە ڕووی بێگانان سەرنەوەی کردن

(دوو دێری بۆ لەبەرکردنە)

ئەم بایەخدانەش بە کێشەی نەتەوایەتی، نەك هەر نەبووە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی بەردەمی شاعیران تەسك بکاتەوە، بەڵکو فراوانتری کرد و شاعیرانی کورد لە پاڵ ئاوڕدانەوە لە خەباتی نەتەوەکەیان باوەشیان بۆ خەباتی گەلانی تری ماف خوراو کردەوە، هەروەك چۆن کامەران موکری ڕوو لە شۆڕشی گەلی جەزائیر دەکات و (دیلان) پشتگیری (لۆمۆمبا)ی کۆنگۆ دەکات.

فۆرم و تەکنیکی شیعر لە قۆناغی (١٩٥٨- ١٩٧٠) ز:

لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەی بابەتی سەرەکی لە ناوەرۆکی دەقە شیعرییەکاندا مەبەستی رامیاری بووە، ئەوا زمانی شیعریش لە چوارچێوەی هەمان مەبەست دا دەسووڕایەوە، سۆزی شاعیران لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا، واتە لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٨ تا ١٩٦١)ز هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بووە بەرامبەر بە شۆڕش و ئومێدی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بووە، هەر بۆیەش ئەو وشە شیعرییانە لەم ماوەیەدا دەقی شیعریان پێ دەنووسرا شادی و گەشبینی و ئومێدی تێدا دەبینرا.

بەڵام لە شیعری ماوەی نێوان سالآنی (١٩٦١ ــ ١٩٧٠)ز کە شۆڕشی ئەیلوول سەری هەڵدا، زمانی شیعر بەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی بە تایبەتی لە دەستە سالآنی سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول دا، چونکە لەم ماوەیەدا ڕژێم بەو پەڕی توندو تیژییەوە کوردی دەچەوساندەوەو کوردستانی کاول دەکرد. بەڵام دیاریشە کە خەباتی گەلی کورد و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە تیشکی گەشبینی پەخش دەکرد، هەر بۆیە زمانی شیعریش بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاربوونەوەو چۆك دانەدان

دەڕۆیشت، بەو پێیە شیعر لەم سەردەمەدا مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە بووە، ئەوەندە مەبەستی دەرخستنی توانستی زمانی شیعری نەبووە.

لە ڕووی (کێش و سەروا)وە، شیعری ئەم سەردەمە وەکو قۆناغی پێشوو زیاتر کێشی بڕگەیی و سەروای مەسنەوی (جووت سەروا)ی پەیڕەو کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا لای دیلان و قەدری جان شێوازی بەکارهێنانی سەروا تا رادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەقە شیعرییەکان بەرەو بنیاتی شیعری سەربەست براون. بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەی لەم سەردەمەدا لە پێناوی گۆڕینی قالبی دەقی شیعری دا نراون هەوڵی تاکە کەس بوون و نەبوون بە دیاردە، تەنانەت ئەو هەوڵە نوێگەرییەی کە لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (سوارەی ئیلخانی زادە) دا دەبینرێن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا هەر لە بازنەی هەوڵی تاکەکەسیدا مایەوە و نەبوو بە ڕەوتێکی دیاری شیعری کوردی لەم قۆناغەدا.

لێرەدا نموونەیەك لە شیعرێکی (گۆران) دێنینەوە کە لە ١٩٦٢/٦/١٢ بەر لە مردنی بە ماوەیەك نووسیویەتی لە ژێر ناونیشانی (بێشکەی منداڵ) تێیدا بە ئاشکرا سەروای تازە دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕو شەڕخوازان وەستاوەو لەگەڵ ئاشتی دایە....

(بێشکەی مناڵ)

دایك دای ڕەنج، بۆ منداڵ دای،
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،
بۆ شیرینی گڕوگاڵ دای...

*		*

باوك هەچ ئارەقێکی ڕشت
بۆ ئەوەی ڕشت — من دڵنیام
ئەمری کات: بڕبڕەی پشت...

*		*

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە:
کە دایك و باوك لای بێشکەدا،
گوێیان لە مشەی ساوایە!

*		*

ئای ئەو ماڵە چەن بێ، باکە:
کە لە باڕووت و لە بۆمبا
ژێر بێشکەی مناڵیان پاکە!

*		*

ئای چەن خۆشە: ماڵێکی بێ وا
ڕووی دنیا، ئەم پەڕ تا ئەو پەڕی
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ

تەنیا دوو کۆپلەی دوایی بۆ لەبەرکردنە

قۆناغی سێیەم

ڕێرەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٧٠ - ١٩٩١)ز

قسـەکردن لەسـەر ڕێـرەوی شـیعری کـوردی ئـەم قۆناغـە لـە دوو مـاوەی جیاواز دایە بەم شێوەیە:

ئـ) ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٥).

ب) ڕێڕەوی شیعری کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ ـ ١٩٩١).

ڕێرەوی شیعری کوردی لە نێوان ١٩٧٠ — ١٩٧٥

شتێکی ئاشکرایە کە شیعری کوردی لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسـییە گرنگـەی بەسـەر کوردسـتاندا هـات، گـۆڕانی زۆری بەسـەردا هـات لەچاو ئەو گۆڕانانەی کە لە قۆناغەکانی پێشوودا ڕوویاندابوو.

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٥) ماوەیەکی کـورت و کـەم خایـەن بـوو، بـەڵام تـابلێی گـرنگ و کاریگـەر بـوو هـەروەك کاردانـەوەی گـەورەی بەسـەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کـوردی بـە تایبـەتی بـە جێهێشـت، ئـەم گۆڕانەش ناوەرۆك و روخساری شیعری گرتەوە.

دیـارترین سـیمای شـیعریی، لـەم قۆناغـەدا بریتـی بـوو لـە سـەر هەڵدانی گرووپی (ڕوانگە) لـە سـاڵی (١٩٧٠)دا، ئـەم گرووپـە تـوانی ڕۆڵێکـی گـرنگ و کاریگـەر ببینێـت، لـەو گۆڕانانـەی کـە بەسـەر نـاوەرۆك و فـۆرمی شـیعری قۆناغەکە داهات، ئەو ڕۆڵەش لە شیعری کوردیدا تـا سـاڵانێکی زۆر بـەردەوام بوو.

شاعیرانی ڕوانگە هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازبوون بـۆ شـیعر، ئـەوان لـە پـاڵ ئـەو گۆڕانـەی بەسـەر فـۆرمی شـیعردا هێنایـان، دەیانویسـت شـیعر پـەیامی

یاخیبوون بگەیەنێت، ئەم هەستەش بەجۆرێك بوو تێکڕای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گرتبوووەوە، کە دواتر بە درێژی ئەم چەمکە لە شیعری کوردی ئەم قۆناغەدا دەدوێین.

تایبەتمەندێتی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا

ئ/ ناوەرۆکی شیعری کوردی لە نێوان سالانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥)دا

شیعری کوردی ئەم قۆناغە هەلگری گوتارێکی نەتەوەیی قوول بوو، کە ئەویش بریتی بوو لەو پەیامەی کە بەرگری دەکرد لە پێناوی پاراستن و مانەوەی نەتەوەی کورد دا، شیعر دژی جەور و ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە و لەم بوارەدا وەکو هێزێکی کاریگەر ڕۆلی بینیوە، ئەم هەستە بەئەندازەیەك کاریگەر بووە کە ڕەنگە کەم شاعیری کورد لە قۆناغەکەدا ببینین کە شیعری بۆ کورد و سەربەخۆیی کوردستان نەنووسیبێت.

شیعر لە پاڵ ئەو ناوەرۆکە باوەی کە شیعری کوردی قۆناغەکانی پێشووی پێ دەناسرێتەوە لە بابەتی وەك (خۆشەویستی) و (نیشتمانی)، گەلێك بابەتی نوێ لە شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاو دەکەوێ وەك بابەتی ﴿مرۆڤ و مرۆڤایەتی ــ ژیان و مردن ــ شارستانیەت ــ ژن وەك خاوەن کێشەیەك........هتد﴾.

هەروەها شیعری ئەم قۆناغە هەلگری بیری فەلسەفی و مەعریفی یە، بە تایبەتی لەو بیرە فەلسەفییانەوە سەرچاوەی دەگرت کە سەرچاوەکەی لە سەرچاوەی بیرە فەلسەفییەکانی رۆژئاواو هاوچەرخ بوو، ئەمە لە کاتێکدا شیعری کوردی لە قۆناغەکانی پێشوودا سەرچاوەی بیرە فەلسەفییەکانی لە کلتورە رۆژهەلاتییەکەوە وەرگیرا بوو.

یاخیبوون، دیاریترین خاسیەتی شیعری کوردی ئەم قۆناغە بوو، و لە بنەڕەتدا دوو جۆر یاخیبوون هەیە کە بریتین لە:ـ

ئـ- یـاخیبوونی کۆمەڵایـەتی:- کـە ئەمـەش یـاخیبوون لـە داب و نەریتـە کۆمەڵایەتییە باوەکان دەگرێتەوە....

ب- یـاخیبوونی ڕامیـاری:- ئـەم جۆرە یاخیبوونـەش لـە پێنـاوی ئـازادی و سەربەستی مرۆڤـ دایە.

(**لەتیف هەڵمەت**) کـە یەکێکـە لـە شـاعیرە دیارەکـانی قۆناغەکـە، بـە سـوود بینین لە ئەفسانە و هێما مێژووییەکانی ناو کلتوری نەتەوەی جیهـانی وێنـەی ئەم یاخیبوونە، پیشان دەدات و دەڵێت:—

پێتان ئەلێم .... یاخی بن ..... یاخی بن

لـــــەم هـــــەمـوو نـــەخشە و باجــــــە

یاخی ببـــن لەم مەیدانە ..... لەم گەراجە

کـــە مرۆڤ وەك ئـــــامراز تیایا هەڕاجـــە

یـــــاخی ببـــن .... یاخی ببـــــــــن

لـــــــــەو قـــــەمــــــــــــــــانــەی

کـــــــە ســــــووری خـــوێنی حەلاجـــــە

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

فەلسەفەی ژیـان و مـردن یـەکێکی تـرە لـەو مەبەسـتە گرنگانـەی کـە لـە شیعری قۆناغەکەدا بـوونی هـەبووە، لێـرەدا شـاعیرانی کـورد وەك بابـەتێکی گـرنگ لـەم مەسـەلەیە دووان، تێڕوانینــی هــزری و فەلســەفی خۆیــان لــەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو، هەندێکیان ڕەشبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە و بەشتێکی دەمامککراوی کاتییان زانیوە بـەڵام هەنـدێکی تریـان گەشـبینانە لـە ژیانیـان ڕوانیـوە و ڕووە گەشـەکانیان بەرجەسـتە کـردووە. هـەر بۆیـە پرسـیارە فەلسـەفییەکانی شـاعیران لـە چوارچـێوەی ژیـان و مـردن دابـوون و دواجـار

هـــەرخۆیان زۆر جـــار ڕەشـــبینانە وەڵامیـــان داونەتـــەوە، یـــاخود وەڵامـــی پرســـیارەکانیان بـــۆ خوێنـــەر بەجێهێشـــتووە. شـــێرکۆ بێکـــەس لـــە شـــیعری (گینگڵ)دا بەڕوونی تێڕوانینی خۆی دەربـارەی ژیـان و مـردن دەخاتـە ڕوو و دەڵێت:

دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ

دەمامکەکان هەڵبەنەوە ئەم شانۆیە هەرەس دێنێ

بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو گۆڕ هەڵکەنی شاری خەوە

بۆت ئەگەڕێم و گومـــان ئەسپ سوارێکە هاتووە....

ئـــامـــادەبـــێ

لە ژوانی یەك ناسینی لە دایك بوون و مرد نما.........

ئەسپ سوارێکە هاتووە و نەهاتووە.........

سمکۆڵ ئەکا و دابین ئەبێ و دابین ئەبێ سمکوڵ ئەکا

جڵەو ئەگرێ و جڵەو ئەگرێ!

****

ویستم ئەوە لە زەریایەك بگەیەنم

گەر جۆگەکان نەبن........ ناژی

خـــنکـــانـــدمـــی

ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم

گەر هەورەکان نەبن .....ناژی

ســـوتـــانـــدمـــی

تۆ کێی ـ تۆکێی؟

هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ........

شاعیرانی ئەم قۆناغـە کـەمتر کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری و کـارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆیان واتـە لـە هـەوڵی ئـەوە دابـوون کـە لـە شـیعری ئـەوان لابـدەن، تـەنها لـەو کاتانـەدا سـوودیان لێ بینیـون کـە شـیعرەکانیان درێـژە پێدەری ڕەوتی یاخیبوونی ئەم شاعیرانە بووە، لەگەڵ ئەم بارەشدا کاریگەری شیعری ئەم قۆناغە بەسەر تەواوی شیعری ساڵانی دوای لە ئەدەبی کوردیدا دیارە.

ڕوخسار و تەکنیکی شیعری کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ ــ ١٩٧٥) دا:

چۆن گۆڕان بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردی ئەم ماوەیەدا هات بە هەمان شێوەش گۆڕان بەسـەر ڕوخسـاری شـیعری کـوردی قۆناغەکەشـدا هـات. کـە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی لە فۆڕم و تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیە دەدوێین.

وێنەی شیعر یەکێکە لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئـەو گۆڕانـەی کـە بەسـەر فۆڕم و تەکنیکی شـیعری کـوردی ئـەم ماوەیـە داهـات، وێنـەی شـیعری لـەم قۆناغەدا بە تەواوەتی خۆی دەرباز کردووە لە لاسایی کردنەوە و جوینـەوەی وێنـەی دووبـارە، لـە شـیعری ئـەم قۆناغـەدا گـەلێك وێنـەی شـیعری جـوان بـەکارهاتووە کـە سەرچـاوەکەی لـە ڕووداو و کارەسـاتە مێژووییەکـە و نەتەوەیی و جیهانییەکانەوە وەرگیرابوون. لە شـیعری ئـەم ماوەیـەدا وێنـەی ڕووتی ڕەوانبێژی تێدا بەکار نەهاتووە، بەڵکو وێنەی شیعری لەم ماوەیەدا لە پێنـاوی گەیانـدنی پەیامێکـدا بـووە و مەبەسـتێکی تایبـەتی لەگەڵـدابووە.

هەرچی دەربارەی زمانی شیعریشە ئەوەی ئاشکرایە هیچ گۆڕانێك لە شـیعردا ڕوونادات بەبێ گۆڕان لە زمانی شیعردا، شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە کـە لـە زمانی خەڵك جیاوازە. شاعیران لەم قۆناغەدا هەوڵیانداوە کە وشەکان لـە نـاو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان دابڕن و ئاماژەی نوێیان بدەنێ، واتە

(واتای فەرهەنگی) لە وشەکان دادەماڵێت و واتای نوێیان پێ دەبەخشێ. ئەو گۆڕانە لە بەکارهێنانی وشەدا لەم ماوەیەدا بەڕادەیەکە کە زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیر دەکات. ئەمەش وا دەکات کە وشەکان راستەوخۆ واتا نەدەن بەدەستەوە. هەر بۆیەش زمانی شیعر لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بە ئاسانی لە واتای وشەکان ناگات. هەر دەربارەی زمانی شیعر لەم ماوەیەدا لە چوارچێوەی کوردی پەتیدا زمانە شیعرییەکە دەسوڕایەوە بەڵام بە ئاستێکی دەوڵەمەندتر و ئاڵۆزتر لە زمانی کوردی پەتی قۆناغەکانی پێشوو. لە پاڵ ئەم گۆڕانانەشدا گەلێك وشە و زاراوەی نوێ هاتە ناو زمانی شیعرەوە وەك وشە و زاراوەکانی ﴿ئەهریمەن ، ئاهوڕامزدا ، گیڤارا ، زەردەشت ، ئاڤێستا......هتد﴾ سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییەی لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاو دەکەوێت، گەلێك دەقی شیعری لە شیعری ئەم قۆناغەدا دەبینین کە لە پێناوی گەیاندنی راستەوخۆی مەبەستی شیعرەکاندا بە شێوەیەکی سادە خراونەتە بەردەست. لایەنێکی تر لەم بابەتە کە گرنگی زۆری هەیە بریتییە لە بەکارهێنانی (هێما و نیشانە) لە دەقە شیعرییەکاندا بەهێما و نیشانەی خۆماڵی و جیهانیەکانەوە.........

سەبارەت بە کێش ، شاعیرانی کورد زیاتر پەیڕەویان لە شیعری سەربەست کردووە لەگەڵ کرانەوە ڕێچکەکەشدا دیاردەی مامەڵەکردنێکی جۆراوجۆر لەگەڵ چەمکی هۆنراوەی سەربەستدا سەری هەڵدا و بووە هۆی ئەوەی کە زۆرجار هەرسێ چەمکی هۆنراوەی سەربەست و بێ سەرواو پەخشانە شیعر تێکەڵ بکرێت، بۆیە بەمەش تارادەیەك بەرهەمە چاکەکانی شیعری سەربەست دەشاردرانەوە.

دیـاریترین شــەقڵی شـیعری سەربەسـتی کـوردی دوای بڵاوبوونــەوەی بانگەوازی ڕوانگە لـەوە دابـوو ڕوویـان کـردە بـەکارهێنانی هەشـت برگـەیی و چواربڕگەیی.

بەڵام دەربارەی (سـەروا)ش بەهـەمان شـێوەی بـەکارهێنانی کـێش مامەڵـەی لەگەڵدا کراوە، چونکە نە سـەروای یـەکگرتوو نـە سـەروای (مەسنەوی) یـان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیە سوودی لە داستانە میللی و فۆلکلۆرییەکانی ناو کلتـوری کـوردی و جیهـانی بینیـوە ئـەم سـوودبینینەش راسـتەوخۆ یـان ناراستەوخۆ بووە. خاڵێکی تـر لـە تـەکنیکی شـیعری ئـەم ماوەیـەدا بریتییـە لەوەی کـە وەك مرۆڤـ مامەڵـە لەگـەڵ شـتە بێگیانـەکان کـراوە و یـاخود بـە پێچـەوانەوە لەگـەڵ شـتە بێگیانەکانـدا وەك مرۆڤـ دواون. هەرچـەندە ئـەم حاڵەتـە بـە شـێوەی تـر لـە شـیعری (گـۆران) دا دەبینرێـت. ئـەم حاڵەتـەش بریتییە لەوەی کە شاعیر لـە جیـاتی ئـەوەی پاڵەوانـەکانی لـە مـرۆڤ دروسـت بکات، پاڵەوانی دەقەکانی لە شاخ و دەشت و ئاو .... هتد دروست بکات.

لایەنێکی گـرنگ لـە شـیعری مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥) کـە بـە شێوەیەکی گشتی لێرەدا باسی بکەین بریتییە لە پەیدابوونی دەنگی شیعری شاعیرانی ژن کە لە ڕوو پەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینرێن، کە کاریگەری ئەم دەنگانە لە قۆناغی دواتری شیعری کوردیـدا دەردەکـەوێت کە بووە هەوێنی لە دایکبوونی گەلێك دەنگی زیندووی ژنە شاعیرانی کورد لە سـاڵانی دواتـردا، نموونـەی ئـەو ژنـە شـاعیرانەی لـەم ماوەیـەدا شـیعریان دەنووسی (دایکی سۆلاف، ئەرخەوان، شەونم بەرزنجی، دایا جوان.........).

شیعری كوردی له نێوان سالانی (۱۹۷۵- ۱۹۹۱)ز:

شیعری كوردی له ماوەی نێوان سالانی (۱۹۷۵- ۱۹۹۱) هەندێك لایەنی جیاوازی تێدایه له چاو شیعری كوردی له ماوەی سالانی (۱۹۷۰- ۱۹۷۵) بۆیه دەبێت به شێوەیەكی جیاو تایبەت باسی بكەین.

سالی ۱۹۷۵ شۆڕشی كورد تووشی نسكۆیەكی گەورە هات، ئەم نسكۆیه ڕاستەو خۆ كاردانەوەی هەبوو بەسەر باری ڕوناكبیری كوردی به گشتیو شیعر بەتایبەتی، له دەر ئەنجامی ئەمەوە گەلی كورد بۆ ماوەیەك تاساوە، نووسەرانیش ماوەیەك بەدوای وەلامێكی مەنتیقی هۆكارەكانی ئەم ڕوداوەدا وێل بوون. هەر لەگەل دەست پێ كردنەوەی شۆڕشدا شیعر وەك چەكێكی كارتێكەر گڕی سەند.

شۆڕش له كاتێكی دژواردا سەری هەلدایەوە كه پێویست بوو به هەموو شێوەو شیوازێكی خەبات بەشداری تێدا بكرێت یەكێك لەو شێوازانەی كه شۆڕش دەركی پێ كردبوو ئەدەب به گشتیو شیعر به تایبەتی بوو.

لێرەوە شیعر بووە هۆكاری ڕەت كردنەوەی واقیعو زیندوو كردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و شان به شانی تفەنگ له دژی دوژمن له سەنگەر دابووە. چونكه نەدەكرا لەو سەردەمەدا كه سەردەمی بەرەنگار بوونەوەو لێپرسراوییەتی بوو شاعیران بێدەنگ بن، بەلكه دەبوو ڕۆلی پێشڕەویی له شۆڕشدا بگێڕن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كه شیعر بەرەو بەرەنگار بوونەوەی ڕاستەوخۆ بچێت له بیرو مەبەستدا، واته جارێكی تر شیعری بەرەنگاریی له ئەدەبی كوردیدا بوژایەوە، ئەم جارەیان شیعر درێژەی به شەڕی ڕەوای كورد دەداتو بەرەنگار دەبووەو ڕەتی كردەوەو نەفرەتی له دوژمن دەركرد و واقیعی دەگۆڕیو هەولی دەدا سەر له نوێ كۆمەلگای كوردی شۆڕش گێڕ بنیات بنێتەوە. چونكه له م قۆناغەدا شیعری كوردی

ئەرکی گۆڕا بۆ بەرەنگاری، شیعری بەرەنگاریش بریتییە لەو جۆرە شیعرە کە درێژە بە شەڕ دەدات و بەرەنگار دەبێتەوەو ڕەت دەکاتەوەو دەگۆڕێتو سەر لە نوێ بنیات دەنێتەوە. شیعری بەرەنگاری لەم قۆناغەدا ئەو شاعیرانە دەیان نووسی کە:

ئـ- ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون.

ب- لە ناوەوەی کوردستان بوون بەلاّم ناڕازی بوون لە دوژمن.

پ- ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژیان.

نمونەی شیعری بەرەنگاری لەم شیعرەی (**ئەنوەر قادر محمد**) دا دەردەکەوێت.

خۆمن چەمە زستانە نیم، هەر هاوین هات هەڵپڕوکێم
ئەستێرە نیم، شەونەبێ نەتوانم بفڕم
خۆریش نیم، بەباڵەوە لەڕۆژدا ئاسمان تەی کەم
چۆن کپ ئەبم!
بەلاّم گیانە هەر کەویستم تەنیا شیعرێ بۆتۆ بڵێم
لێزمەی فرمێسك بوو بە دێرو بوو بە سنووری
ولاّتێ ناویان نا ولاّتی گریان
کە ئەنووسم، ئەبم بە پۆستە بەری تۆ
نامەی شادی بۆ ئاوارەی ناو شەقامو باخچەی هەموو
شارەکانی دونیا دەبەم

(هەتا کۆتایی (چۆن کپ ئەبم) بۆ لەبەرکردنە)

ئەم واقیعی سیاسییە تاڵەی قۆناغەکە وای نەکرد کە شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی بڕوات، بە ڵکو بەردەوام هیوای بە ئایندەیەکی گەش بووە، هەر بۆیەش شاعیرانی کورد بە چاوی ئومێدەوە بۆ ئایندەیان ڕوانیوە،

بەگـەش بینییـەوە ئاسـۆی ڕووناکیـان لـە ئاسمـانی کوردسـتاندا بینیـوە، (**موئەیـەد تـەیب**) کەلـەم ماوەیـەدا بـە شـێوە زاری کرمـانجی ژوورو شـیعری نووسـیوە، هیوایـەکی گـەورەی بەپاشـە ڕۆژێکـی مـەزن هەیـە، زوڵمـی زۆری دوژمن چۆکی پێ دانادات و سەربەرزانە دەڵێت:

سبە دایێ

پێلاڤا من ......

ژتـاجا میری بلند تـره

داوەتـا من......

ژ هەمی گۆڤەندا خۆشترە

بەژنو بـالا من ......

ژ بوهاریٚ ب خەملترە

ئەڤجا چاوا دێ کەی گری؟

سینگێ خۆیێ تەمەت دەریا

دێ ڤە قوتـی؟

پرچا خۆ یاوەکی بەفرێ

دێ ڤەچڕی؟

نەدایێ نە!

نەکەی نەکەی!

جل و بەرگێت خۆ ڕەش بکەی

دەرگەهێ کولکێ مەیێ خۆش

بۆ خەمو نیهارا ڤەکەی

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

بە شێوەیەکی گشتی شیعر لەم ماوەی نێوانی سالآن (١٩٧٥– ١٩٩١) دوودەستە شاعیر دەیان نووسی، دەستەیەکیان هەر ئەو شاعیرانە بوون کە دەنگی دیاری ماوەی نێوان سالآنی (١٩٧٠– ١٩٧٥) بوون لە وانە (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، عەبدولرەحمان مزوری، رەفیق سابیر، خەلیل دهۆکی، ئەنوەر قادر جاف، جەمال شارباژێری، جەلال میرزا کەریم، دلّشاد مەریوانی...... هتد)

دەستەیەکی تریان بریتی بوون لە وانەی کە دواتر لە شیعری کوردی دا شوێنی خۆیان گرتو بوونە دەنگی دیار لەوانە (ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، جەمیل ڕەنجبەر، قوبادی جەلی زادە، جەمال غەمبار، موئەیەد تەیب، سەعدولا پەرۆش، کەریم دەشتی، محەمەد عومەر عوسمان، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، جەوهەر کرمانج...... هتد).

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ناوەرۆکی شیعری کوردی لە ماوەی نێوان ئەم سالآنەدا زیاتر ناوەرۆکێکی بەرەنگارییانەی هەبووە، بەلآم لە چوار چێوە بەرەنگاریەدا گەلێك بابەتی لەخۆ گرتووە وەك ئەوەی شیعر دەبێتە هۆکاریَ بۆ شکاندنی ترس لە دوژمنو بەرزکردنەوەی ورەی مرۆڤی کورد بەرامبەر بە دوژمنو بەخشینی هیواو ئومێدی سەرکەوتن بە خەڵکی، کە شکستی شۆڕشی ئەیلوول تاڕادەیەك ئەو هیواو ئومێدەی بەرەو کزی بردبوو، بەلآم شیعر وەك هۆکارێکی بەهێزی ڕووناکبیری توانی بەشدارییەکی کارابێت لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورداو هاوکاری پێشمەرگە بووە لەسەنگەری بەرگریدا.

هەربۆیەش پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش شەهید وەك هێمای قوربانی دانی کوردو کوردستانیش وەك مەڵبەندی ژیانو خاکی پیرۆزی نەتەوە بوونە سێ توخمی سەرەکی شیعری بەرەنگاری. شەهید **(جەمیل رەنجبەر)** لەم

رۆژگارەدا کە خۆی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ بوو بە نوکی خامە لەمەیدانی بەرەنگاری دەنووسێت و بە ورەیەکی بەرزو گەشبینیەکی زۆرەوە دەڵێت:

رووبارێکی خوێناوی

ئەو بڕیارەی دروێنەی خەوی کردم

مەلی هەژار
لە فرگەی ژان هەڵدەنیشێ
پێشمەرگەی لێ دادەبەزێ
هەرچی کانیاوی سەنگەرە
بۆ رووباری بەهاری دەزێ

* * *

بڕیار وایە
بەهار بێت و
دەیان چەپکە نێرگزی جوان
لەسەر گۆڕی شەهید بڕوێ
بڕیار وایە
خوێنی رژاو
لە رووباری سەروەریدا
خوڕەی نەمردنی نەنوێ

* * *

بڕیار وایە
کۆتری دەنگی شوانەکان
لەقەد پاڵی شمشاڵێکا

فوو بکاتە جۆگەلەی دێ

بڕیار وایە

تـەوری دەسـتی خـۆری بەیـــان

گڕ بەرداتە بـارە داری زستانی شەو

بڕیار وایە

کۆتـری دەنگی شوانەکـان

لە دۆڵەکان شۆڕ ببێتەوەو

سواری ڕووبـاری خوێن ببێ

١٩٧٩/١٢/٢٩

(کۆپلەی یەکەم لەبەردەکرێت)

دوژمن لەم ماوەیەدا هەموو ڕێگاکانی قەڵاچۆکردنی کـوردی گرتبـووە بـەر یەکێك لەو کـارە دڕندانـەی کـە بەسـەختی لـەم ماوەیـەدا درێـژەی پێدا، لـە پرۆسـەی نەگریسـی ڕاگواسـتنی کـورد لـە ناوچـەکانی خۆیـانو نیشـتەجێ کردنیانو لەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستی بوو.

سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کورد لە ساڵانی هەشـتای سـەدەی ڕابـردوودا گەیشتە لوتکە بەوەی دەستی دایە ئەنفال کردنی کوردو کیمیا بـاران کردنـی هەڵەبجەو ناوچەکانی کوردستان، ئـەم کردەوانـەی دوژمـن بـە قێـزەون تـرین کاری جینۆ ساید دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخی کوردو ناوچەکەو جیهانـدا. هەربۆیەش شیعری کوردی هەوڵی داوە لە ئاست خەمی پڕ ناسۆری گەلەکەیدا بێتو، ئەم کارەساتانە ببنە هەوێنی دەقـە شـیعرییەکان هـەروەها شـاعیرانی کورد ویستیان لە ڕێگەی شیعرەوە هاواری کورد بۆ ڕای گشتی بەرزبکەنەوەو داوایان لە گەلانی ئازادی خوازی جیهان کردووە کە پاڵپشتی گەلی کورد بن لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانیاندا.

ئەوەتا بۆ مەرگبارانی هەڵەبجە **(جەوهەر کرمانج)** بە نوکی خامەی شیوەن دەکات بۆ ئەم تاوانە کەم وێنەیەی مێژووی مرۆڤایەتی دەڵێت:

(هەڵەبجە دووەم هاتن)

هەڵە بجە... بێشکە و جوڵانەی
ئەحمەد موختار، و، گۆران، بوو
هەڵە بجە...
جێگا نەزرگەی ئاشقان بوو
هەڵە بجە تاجی سەروەری
شەهیدانی کوردستان بوو
هەڵە بجە...
هەڵگری ئاڵای نەبەزینی
بیست و پێنج ملیون ئینسان بوو
کە هەڵە بجە شەهید کرا
کوردستانی گەورە گریا
کەهەڵە بجە ... دەهەزار چاو
دەهەزار مەچك و بازووی
بوون بە ئەڵقە و
داگیرکەر کردیانە پەنجە
ئەشکی چاوان بوون بەدەریا
ئاسمان گریا
زەوی گریا
دیوانی مەولەوی گریا
**

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە) ١٩٨٨

شـيعری کـوردی لـه مـاوەی نێـوان ئـەم سـاڵانەدا جگـە لـەو ڕۆحـە بەرەنگارییەی کەپێی دەناسرێتەوە جوانترین شـیعری بـۆ ژن و مەبەسـەکانی تری شیعر نووسیوە، لە خاسیەتو سیمای تایبەتی وا نووسـراون کـە لەگـەڵ ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی شیعری کوردی لە قۆناغەکەدا بگونجێنێ. لـەم لایەنەشـدا دەنگـی شـاعیرانی وەك (محەمـەد عومـەر عوسمـان، فەرەیـدون عەبدول بەرزنجی، قوبادی جەلی زادە، دلاوەر قەرەداغی، جـەمال غـەمبار.... هتد) دەبینرێت.

هـەر لـەماوەی نێـوان سـالانی (١٩٧٥– ١٩٩١) دا لـە ئـەنجامی چـوونی شاعیرانی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان بەهۆی زەبرو زەنگی دوژمنەوە ئـەم شاعیرانە ئاشنابوون بە شیعری گەلانی تر، ئەمەش زەمینەیەکی گونجـاو بـوو بۆ نزیك بوونەوە لە ڕۆشەنبیری جیهان، هەر ئـەم تێکـەڵاو بوونـەش وای کـرد کە شیعری کوردی لەم ماوەیەدا تاماوەیەك کەوتـە ژێـر کـارتێکردنی ئـەدەبی ڕۆژ ئاوا، ئەم کارتێکردنەش بە ئاشکرا بە شیعری دوای ئەم قۆناغەوە دیارە.

ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەیان نووسی زیاتر هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییان بۆ کوردسـتان هـەبووە بەتایبـەتی هەسـتی گەڕانـەوە بـۆ خاکی پیرۆزی کوردستان لە دەقی شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە، هـەر ئەمـەش وادەکات کە بلێین یەکێك لە سیمادیارەکانی شیعری ئەم ماوەیە سـەرهەڵدانی هەسـتی نـامۆ بـوون و غـەریبی شـاعیرانە کـە لـە ڕێـی شـیعرەکانییانەوە گەیاندویانەتە کوردستان، (**عەبدوڵلا پەشێو**) یەکێکە لـەو شـاعیرانەی کەهـەر لەسەرەتای ساڵانی (حەفتا)ی سەدەی ڕابردوو کوردستانی بەجێهێشتووە لـە شـیعری (سـەربازی ون) دا کـە لـەدەرەوەی کوردسـتان سـاڵی (١٩٧٨) نووسیویەتی هەستی پـڕ تاسـەی بەرامبـەر بـە خـاکی کوردسـتان و ژمـارەی زۆری شەهیدانی کوردستان دەردەبڕێتو دەڵێت:

سەربازی ون

کـــــە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،
بــــــۆ سەرگۆڕی سەربازی ون،
تــــاجە گوڵیـــنەیـــەك دێـــنێ،
ئەگەر سبەی
وەفدێك بێـــتە وڵاتی مــــن،
لێم بپرسێ:
کـــــوانێ گۆڕی سەربازی ون،
دەڵێم:
گەورەم!
لە کەنـــاری هـــەر جـــۆگەیــێ،
لـــــەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،
لـەبەر دەرگـــای هەر مـــاڵــێ ،
هەر کلــێسەیــێ،
هەر ئەشکەوتــێ،
لـــەسەر گـــا بەردی هەر شاخێ،
لــەسەر درەختی هــەر بـاخـــێ،
لەم وڵاتە:
لـــــەسەر هەر بستە زەمینێ،
لــــە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ،
مـــەترسە کەمێك سەرداخەو
تــاجە گوڵینەکــەت دانــێ!

٥/ ١١/ ١٩٧٨ — مۆسکۆ

(هەمووی بۆ لەبەر کردنە)

ڕەخنەی ئەدەبی

وشەی (ڕەخنەو) چەمکی (ڕەخنەی ئەدەبی) :

لە زمانی کوردیدا وشەی ڕەخنە بەرانبەر وشەی (نقد)ی عەرەبیو وشەی(کریتیك) لاتینی بەکار دەهێنرێ. هەرسێ وشەکەش لە بواری ئەدەبیدا بۆ یەك واتاو مەبەست بەکاردەهێنرێن و هەڵگری چەمکێکی دیاری کراون. ڕەخنەی ئەدەبی لەپاڵ مێژووی ئەدەبو تێوری ئەدەبدا دەبنە سێ لقی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی واتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات..

ئەرکی ڕەخنە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنو هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبییە واتە ڕەخنەی ئەدەبی لەو بنەما هونەری و بیریانە دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبییان لێ بنیات دەنرێ و بە شێوەیەکی زانستانە بەهای ئەو بنەمایانە دیاری دەکات، بەمەش ڕادەو ئاستی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەرو داهێنەریش دەستنیشان دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەدیبان بەرجەستەکەری جوانیو ڕەنگ پێدەرەوەو ڕەنگ ڕێژ کەری ژیانو دەروونی مرۆڤ بن ئەوا ڕەخنەگران بۆخۆیان بزوێنەری چالاکی ئەدەبیو بزووتنەوەی ئەدەبیو داهێنانی ئەدەبین.

بەو پێیە دەبێ (ڕەخنەگر) لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزا بێتو زانیاری تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەبو تێوری ئەدەبی میللەتەکەیو میللەتانی تر هەبێتو سەرباری ئەوەش کە چێژ لێوەرگرێکی ئەدەبیشە دەبێ زانیاری لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیریدا هەبێتو شارەزاییەکی گشتیشی لەزانستە مرۆییو زانستەکانی دیکە هەبێت.

مێژووی ڕەخنەی جیهانی :

لە مێژووی ڕەخنەی جیهانیدا دوو ڕێڕەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێن کە بریتین لە : ڕەخنەی ڕۆژئاوایی‌و ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتی، ئەو دوو ڕێڕەوە ڕەخنەییەش وەك چۆن تایبەتمەندی خۆیان هەبووە بەهەمان شێوە کاریگەریشیان لەسەر یەکتر هەبووە.

ڕەخنەی ڕۆژ ئاوایی :

سەرەتای ئەم ڕێڕەوە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین و لە ئەدەبی یۆنانییەوە دەستی پێکردووە

یەکەم هەنگاو لەو ڕێڕەوەدا کاتێ بەدی هاتووە کە لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنەکانییانەوە شانۆگەرییان پێشکەش کردووەو لیژنەیەکیان بۆ هەڵبژاردنی باشترین دەقی تراجیدی یان کۆمێدی کە بەشیعر بووە دەستنیشان کردووە. جا هەڵبژاردنی باشترین دەق لەلایەن ئەو لیژنەیەوە بۆ خۆی چالاکییەکی ڕەخنەیی بووە چونکە بەپێی چەند پێوانەیەکی هونەری‌و بیری دەقەکانیان هەڵبژاردووە هەر لەو ماوە مێژووییەدا، واتە سەدەی شەشەمی پێش زایین، شاعیرێکی یۆنانی کەناوی (ئەرستۆڤانیس)بووە، لە بەرهەمێکی کۆمێدی خۆیدا بە ناونیشانی (بۆقەکان) ڕاو بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی سێ شاعیری گەورەی یۆنانی خستووەتە ڕوو، ئەو سێ شاعیرەش (یوربیدز)و(ئەسخیلۆس)و(سوفوکلیس) بوون. لەگەڵ بوونی ئەو چالاکییە ڕەخنەییانەشدا دیارترین ڕێچکەی ڕەخنەی ئەدەبی لەلای یۆنانییەکان لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە کرایەوە دیارترین فەیلەسوفیش کە بیروڕاکانیان تا ئێستاش جێگای بایەخ پێدان بن (ئەفلاتوون)و(ئەرستۆ)ن.

(ئەفلاتوون)ڕای وابووە کە شاعیران ناتوانن ڕاستییەکان بگەیێنن بە خـەڵکی و لـەبری ئـەوەی چـاکەیان فێرکـەن هـەڵیان دەخەڵـەتێننو دەروونیـان تێـك دەدەنو وایـان لێ دەکـەن کـە جڵـەو بدەنـە دەسـت هەسـتو سـۆزیان نـەك ئەقڵیان.

هەرچـی (ئەرسـتۆ)بـوو ئـەوا ئـەمیان بـە پێچـەوانەی (ئـەفلاتون)ەوە بەرهـەمی شـیعری بەسـوودمەند دانـاوە، بەتایبـەتی تراجیـدیا کـە بەلایـەوە دەتوانێ دەروونـی بینـەر لـە هـەردوو هەسـتو سـۆزی تـرس و بـەزەیی پـاك بکاتەوە.

هـەر (ئەرسـتۆ)لـەو بەرهەمەیـدا کـە بەناوونیشـانی (هونـەری شـیعر)ە کۆمـەڵێ دەسـتوور و یاسـای هونـەری بـۆ تراجیـدیا دارشـتووە کـە بوونەتـە بناغـەی تیـۆری ڕەخنـەی ئـەوروپی بەگشـتی و بوونەتـە بنـەمای ڕەخنـەی کلاسیکی نوێ کاتێ وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لەسەدەی حەڤدەدا لـە فەڕەنسـا سەری هەڵداو گەشەی کرد.

لەو سەردەمەدا ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی فەڕەنسی کەناوی (بوالو)بـوو ڕاوبۆچوونەکانی (ئەرستۆ)ی جێگیر کردو کردنیە پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لە ئەوروپادا، هۆی ئەمـەش ئـەوەبوو کـە ڕێبـازی کلاسـیکی بۆخـۆی لـە ئاکـامی بوژاندنـەوەو لاسـایکردنەوەی بەرهـەمی یۆنانییـەکان و ڕۆمانییـەکان سەری هەڵداو.

گرنگترین بنەماو پێوانەی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ بریتی بوون لە: جڵەو دانـە دەسـت ئـەقڵ و ژیـریو دوورکەوتنـەوە لـە هەسـتو سـۆز و دەربڕینـی کەسـی و بایەخـدان بـە چـێژی دروسـت و گرنگیـدان بـە بـەها مرۆڤایەتییـە گشتییەکان.

لەدووای (ڕێبازی کلاسیکی)یش کە (ڕێبازی ڕۆمانتیکی) لە ئەوروپا سەری هەڵدا پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیکی ڕاستەوخۆ ڕەت کرانەوە، بەرادەیەك کە دەتوانرێ بوترێت ئەگەر پێوانەکانی ڕەخنەی کلاسیکی هەڵگێڕینەوە ئەوا پێوانەکانی ڕەخنەی ڕۆمانتیکمان دێتە بەردەست.

بەو پێیە دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بریتین لە: بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسیو دوورکەوتنەوە لە ئەقڵو گرنگیدان بەو بەهایانەی کە کەسینو بەلای تاکە کەسەوە گرنگن، لەم ڕووەوە نووسەرێکی ڕۆمانتیکی فەرەنسی کە (ئەلفرید دی موسێ)یە دەڵێ: ((ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەمە ئەقڵ))، ئەمە لە کاتێکدا کە (بوالو)ی ڕەخنەگری کلاسیکی بوو وتوویەتی: ((هەمیشە بەدەنگ ئەقڵەوە بچۆو لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە))

دیارترین ڕەخنە گری ڕێبازی ڕۆمانتیکی (مەدام دی ستال) و (سانت بیڤ)بوون، بەلای یەکەمیانەوە دەبێ دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوەی ژیانە کۆمەلآیەتی و خووڕەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت، بەلای دووەمیشیانەوە دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوەی هەستو سۆزی نووسەرە، هەربۆیە دەبێ ڕەخنەش تیشك بخاتە سەر دەروونی نووسەرو ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

دیارە ئەو پێوانە ڕەخنەییانەی لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بۆ شیعری (لیریکی– ویژدانی) دەستیان دەدا کە دیارترین بەرهەمی ڕۆمانتیکەکان بووەو بابەتەکانیان بابەتی کەسی بوون بەپێچەوانەی بەرهەمی کلاسیکەکان کە تراجیدیا و کۆمێدیا بوون و بابەتەکانیان مەوزوعی بوون نەك خودیو کەسی، لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی کۆمەڵێ ڕێبازی تری ئەدەبی سەریان هەڵدا

وەك ڕێبازی (ڕیالیزمی و ڕۆمانسیو هێما گەری و فۆرمالیزمی و هتد.....)
لەپاڵ ئەم ڕێبازە ئەدەبیانەشدا چەند ڕێبازێکی ڕەخنەیی هاتنە کایەوە کە گرنگترینیان ڕێبازی شیکاری دەروونی و ڕێبازی مارکسی و ڕێبازی شێوەگەرایی یان بنیاتگەری بوون.

بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەوروپی سەدەی نۆزدە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن و لە بازنەی تێڕوانینی کەسیی ڕەخنەگردا نەهێلرێتەوەو ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەقی ئەدەبی خۆیەوە بەدەست بهێنرێن

ڕەخنەی ڕۆژهەلاتیی (عەرەبی ئیسلامی):

مەبەست لەو ڕێڕەوە ڕەخنەییەیە کە سەرەتا لە ئەدەبی عەرەبیدا کراوەتەوەو پاشتر لەلایەن ئەدەبی میللەتە موسڵمانەکانی ترەوە فراوانترو بەربڵاوترکراوەو بووەتە تێورێکی ڕەخنەیی تایبەت بەو گەلانە، سەرەتای ئەم ڕێڕەوە لە ئەدەبی عەرەبی سەردەمی (جاهیلی)یەوە دەست پێدەکات، ئەوەش کاتێ کە هۆزە عەرەبەکان ساڵانە لە بازاڕی (عوکاز) لە نزیك مەککە کۆ دەبوونەوەو شاعیرانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەوکاتە کەناوی (نابغە ئەل زوبیانی)بووە خوێندوەتەوە ئەویش وەك دادوەرێکی ئەدەبیو ڕەخنەگرێك ڕاو بۆچوونی خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکان خستووەتە ڕوو، پێوانە ڕەخنەییەکانیش زیاتر هونەری بوونو لە دەوری وشەو واتای جوانو گونجاوو شیاوو شایستە سووڕاونەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ئاییني پیرۆزی ئیسلامیش پێوانە ڕەخنەییەکان لە ڕێنماییەکانی ئاییني ئیسلامەوە بەدەست دەهێنرانو لە ڕوانگەی باوەری

ئـاییني شـاعیرەوە لـەدەقی ڕۆنـراوەو داوا دەکـرا کـە شـاعیران دەبـێ (پەیامدار)بنو بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکە دابێت.

قۆناغێکی گرنگی ئەم ڕێڕەوە ڕەخنەییە سەردەمی عەباسییەکان بـووە کە بەهۆی تێکەڵاو بوونی ڕۆشنبیری گەلـە موسـڵمانەکانەوەو بـەهۆی ئاگـادار بـوون لـە ئـەدەبو ڕەخنـەی یۆنـانی بەتایبـەتی (هونـەری شـیعر)ەکـەی (ئەرستۆ)، پێوانە ڕەخنەییەکان فراوانتر بوون و بـەرەو بایەخـدان بـە لایـەنی هونەری براونو زیاتر ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییە پـەیڕەوی کـراوە کـە بەلایـەوە دەقی شیعری چنراوێکی زمانییـەو دەبـێ شـاعیر بایـەخ بەلایـەنی جوانکـاری دەقەکە بداتو لەو بـوارەدا توانـاو دەسـەڵاتی هونـەری خـۆی پیشـان بـدات، لەسەدەی نوزدە بەدواوە ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی ئەوروپی گەشەی کردووەو ئاوێتەی ڕێبازە ڕەخنەییـە جیهانییەکان بووە.

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی:

وەك ئاشکرایە ئـەدەبی کـوردی مێژوویـەکی دێرینـی هەیـە و کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش شیعر بـووە، گومانیشـی تێدا نییـە کـە لەگـەڵ لـەدایك بـوونو بـەرەو پێشچـوونی شـیعری کوردیشـدا ڕەخنـەی ئـەدەبیش سـەری هەڵداوەو گەشـەی کـردووە بـەو پێیـەی هـەر لەگـەڵ پەیوەنـدیکردنی دەقـی ئـەدەبی بـە گـوێگرەوە یـان بـە خوێنـەرەوە، تێڕوانینـی ڕەخنـەییش بـۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی دەق سـەرهەڵدەدات ئەگـەر بەشـێوەیەکی سادەو ساکاریش بێتو پێوانە ڕەخنەییەکانیش زانستی نەبن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا چـالاکیو بەرهـەمی ڕەخنـەییمان لەچـاو بەرهـەمی شیعریدا کزولاواز دەبینرێ چونکە تا ئێستاش وتارو لێکۆڵینـەوەی ڕەخنـەیی پـێش سـەدەی بیسـتەممان نەهاتووەتـە بـەر دەسـتو ئـەو بەرهەمـە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی بیستی سـەدەی ڕابردوو بە دواوە کە ڕۆژنامەگەری کوردی تیایدا بەرەو گەشەسـەندن چـووەو چاپەمەنی کوردیش بەرەو پێش هاتووە.

شاعیرانی کورد و هەندێ بۆچوونی ڕەخنەیی :

لەگەڵ ئەو دیاردەی کزیو لاوازییەی ڕەخنەی کوردیشـدا، دەکـرێ ئـەو ڕاستییە بخەینە بەردەست کە لە قۆناغە جیاجیاکانی شـیعری کـوردی پـێش سەدەی بیستەمدا چالاکی ڕەخنەیی لە ئارادا بووەو شـاعیرانی کـورد خۆیـان لـە بەرهەمـە شـیعرییەکانیاندا تێڕوانین و بۆچـوونی ڕەخنـەییان خسـتووەتە بەردەستو دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەییان کردووە.

شاعیرێك لەو شاعیرانەش کە لە بەیتە شیعرییەکانیدا کۆمەڵێ باسی ڕەخنەیی وورووژاندووە، (مەلای جزیری)یە کەلەیەکێ لە دەقە شیعرییەکانیدا دەڵێ:

ئەحسەن ژ ڤی نەزمی لەتیف چەندی سڤك هاتی خەفیف
مەحبوب بدەستێ خوی شەریف نەقدی مە مووهرو سککەدا
ئەحسەن ژ ڤی وەسفێ رەفیع ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع
تێتن ژ نوورێ وەك رەقیع بێ عەیب و نەقس و رەخنەدا

دوو دێری کۆتایی لەبەر بکرێت

لەو چەند بەیتەدا (مەلای جزیری) وشەی رەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنن لەپاڵ ئەو وشەیەشدا کۆمەڵێ زاراوەی رەخنەیی بەکارهێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بەچەند پێوانەیەکی رەخنەی شیعرییەوە، وەك (نەزمی لەتیف)و (سڤك) و (ئەشکال و ئەوزاعین بەدیع)، بەو پێوانانەش ئەو بنەما رەخنەییە دەستنیشان دەکات کە بەلایەوە: باشتر شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوانو چێژ بەخشو رەوان بن و واتاکانیشیان سوود بەخش بن.

شاعیرێکی تری کورد کە بەوردی ئاوڕی لەچەند کێشەیەکی رەخنەیی داوەتەوە(ئەحمەدی خانی)یە کە لە (مەموزین)ەکەیدا کۆمەڵێ پێوانەی رەخنەیی سەردەمەکەیمان بۆ دیاری دەکات، کاتێ دەڵێ:

لی هێڤی دکەم ژ موستەعیدان حەرفان نەگرن ل موستەفیدان
ئەڤ نامەئەگەر خرا پە گەر قنج کێشایە مە دگەل وی دوو سەد رەنج
نەوبارەیی تیفلی نەورەسیدە هەر چەند نەهن قەوی گوزیدە
لێ من ژ رەزان نەکر تەمەتوع مانەندی دزان بکەن تەتەبوع

دوو دێر لەبەر بکرێت

لێرەدا (خانی) ئەو راستییە دەخاتە بەردەست کەدەقی شیعری دوای لەدایکبوونی لەلایەن رەخنەگرانەوە رەخنەی لێدەگیرێ بۆیە ئەمیش داوا لە رەخنەگران دەکات کە لەکاتی رەخنە گرتندا رەنجو ماندووبونی شاعیریان

لەبەرچاو بێتو ئەگەر کەمو کورییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو ئەوا نەیکەنە بەهانەو بەیەکجاری دەقەکە بەبێ سوودو بێ کەڵك دابنێن چونکە هەموو دەقێك کە ڕەسەن بێتو دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایەو لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بە خراپی لە منداڵەکانی بروانرێ، بەو تێڕوانینە (خانی) ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنان هەر لای (خانی)و لەم دوو بەیتەدا کە دەڵێ:

ئەی خامە تەژی گەلەك درێژ کر   ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژ کر

هەرچەندە کەلام شوبهی دوڕبەت   بێ قەدر دبت دەماکو پڕ بیت

واتە: ئەی قەڵەمەکەم تۆ درێژەت بە باسەکەداوە، ئیتر بەسەو لە کورتی بیبڕەوە چونکو وتەکان ئەگەر وەك گەوهەریش بن کە زۆربوون بێ نرخ دەبن. وەك دیارە لێرەدا خانی باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەوروژێنێ کە ئەویش باسی (کورت بڕی)یە لە دەقی شیعریدا و بۆخۆی تا ئەمڕۆش پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییەو هەمیشەش داوا لە شاعیران کراوە کە هەوڵ بدەن بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە.

لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووشدا دەتوانرێ ئەو ڕاستییە بەدەست بهێنرێ کە چالاکی ڕەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووەو بەپێی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی چ شاعیران خۆیان بووبن یان گوێگرەکانیان بووبن ڕاو بۆچوونی ڕەخنەییان دەربارەی دەقی شیعری دەربڕیوە.

لەچەند بەیتێکی (نالی)دا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی خراونەتە ڕوو کە لەبنەما گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون. لەو بەیتەدا کەدەڵێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کردییە خۆکوردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

دیاره لێرەدا (نالی) ڕوو لەو کەسانە دەکات کە ڕەخنەیان لێ گرتووەو توانجی ئەوەیان لێ داوە کە شیعر بەزمانی کوردی دەڵێ‌و شیعری کوردیش بەهرەو هونەرمەندیی تیادا نییە، پێیان دەڵێ هونەرمەندیی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بەزمانی کوردی ئەو واتا جوانو ناسکانە دەربڕێ، بەم پێیەش (نالی) لێرەدا بەو پێوانە ڕەخنەییە (وشە و واتای) شیعری هەڵسەنگاندووە کە بەلایەوە بەهای دەق واتای جوانو نوێیە نەك هەر بەتەنها وشەو واژەی جوان و ڕازاوە.

لەبەیتێکی تردا نالی دەڵێ:

نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنایی زۆرو گەورە بە لەفزی کەم و بچووك

کەواتە لێرەدا (نالی)یش وەك ئەحمەدی خانی دەستنیشانی ئەو بنەڕەتە ڕەخنەییە دەکات کە بەلایەوە شیعری جوانو بەهادار ئەو شیعرەیە کە بەکەمترین وشە زۆرترین واتای دەربڕیوە.

لەچەند بەیتێکی (سالم)یشدا باس لەو پێوانە ڕەخنەییانە کراوە کە لەسەردەمەکەیدا ڕەخنەگران بایەخیان پێداوە وەك لەم پارچە شیعرییەیدا دەیبینین کەدەڵێ:

لە ڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشووق

کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشق بازانا

لەیەك لا نالی و مەشوی لە لایی سالم و کوردی

لە هەنگامەی هونەرگەرمی تکا جو بوون لە مەولانا

لە مەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون

بەکوردی هەریەکە تازی سواری بوون لە بابانا

دوو دێر لەبەر بکرێت

ئـەو چەشـنە شـانازی کردنـەی سـالم بـە توانـای شـیعری خـۆی‌و شـاعیرانی هاوڕێیەوە، پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵدەداتـەوە کـە بنـەڕەتێکی گرنگـی ڕەخنەیی لەو قۆناغە ئەدەبییەدا توانای بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێـژی بووە بۆیە دەڵێت(شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژی عـەرەبی بخەنـە ژێـر ڕکێفی خۆیان‌و بە زمانی کـوردی لـە مەیدانی ئەوزانسـتەدا ببنـە سوارچـاکی سەردەمەکەیان.

(حاجی قادری کۆیی)یش لە چەند بـەیتێکی شـیعرەکانیدا ئـاوڕی لـە چـالاکی ڕەخنەیی سەردەمەکەی داوەتەوەو کۆمەڵێ بنەڕەتی ڕەخنەییمان بـۆ دیـاری دەکات، وەك لەم بەیتانەیدا دەیبینین:

شەبیهی جۆلا کە رازی نەبێ بەسەر دری خـــۆی
مەڵێن فەسـاحەتی کـوردی بە فارســی نـــاگـا
بەلاغەتـێکی هـەیـە هیـچ زوبـانی نایگـاتـێ
لە بـێ تـەعـەسوبی کـوردانـە بێ رەواج و بەها
کە خۆتـی تێنەگەیێنی لە نـیکتەکانی نــەگـەی
ئەڵـــێی هەمـووی هـەزەیـانە خـوا بـەلای لێدا
بەلام ئەوانەی کە سەررافی زێڕو زیوی قســـەن
بەشـــاە ڕەوایـــە دەزانـــن سککەیـکـە ڕەوا

تەنها دوو دێر بۆ لەبەرکردنە

لێرەدا حاجی قادر زیرەکانە گرنگی ڕەخنەمان بۆ دەستنیشـان دەکـاتو ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزاو بەتوانا بن چونکە هەموو کەسێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنـەگر، کـە حـاجی بـە (سـەررافی زێڕوزیـوی قسـە) ناویـان دەبـات، لەلایـەکی تریشـەوە بـە پشـت بەسـتن بـە پێوانەیەکی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە کە پێوانەی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بووە

بـەهای شـیعری کـوردی دیـاری دەکـات و شـانی پـێ لێ دەدات لـە شـیعری فارسی ئەو چالاکیو پێوانە ڕەخنەییانە کە لە ئەدەبی کوردی پێش سـەدەی بیستەمدا تەنها لە شـیعردا ڕەنگیـان پێدراوەتـەوە و لـە وتـارو لێکۆڵینـەوەدا نەخراونەتە بەردەست.

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی*

لـەدوای جـەنگی جیهـانی یەکـەمو لەگـەڵ سـەرهەڵدانو بـەرەوپێش چـوونی چاپەمەنی کوردیدا ئەوانیش گەشەیان کردو بەرەو پێش چـوونو بـەرفراوانتر بوون.

لێرەدا ئاوڕ لە هەندێ لەو بەرهەمە ئەدەبییانـە دەدەینـەوە کـە لابـەلا تێڕوانینی ڕەخنەییان خستووەتە بەردەست یـان ڕاسـتەوخۆ بۆخۆیـان وتـارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بوون.

بەرهەمێك لەو بەرهەمانە کتێبێکی (ئەمین فەیزی بەگ)ە کـە لـە سـاڵی (١٩٢٠)دا بە ناونیشانی (ئەنجومەنی ئەدیبان) لە ئەستەمبوول چاپکراوە. لەو کتێبەدا بەکورتی بـاس لـە ژیـانی چـەند شـاعیرێکی کـورد کـراوە نموونـە لـە شـیعرەکانیان خراوەتـە بەردەسـت، بـەم پێیـە ئـەو کتێبـە دەچێتە خانـەی مێـژووی ئەدەبـەوە نـەك ڕەخنـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ ڕاو بۆچـوونی ڕەخنەیی دەربارەی ئەو شاعیرانە خستووەتە ڕوو، وەك ئەم تێڕوانینـەی کـە دەربارەی (نالی)یەو دەڵێ: ((زەکای ئینکـار نـاکرێ لاکـن ئەوەنـدە سـەنایعی لەفزییەی ئیستیعمال کردووە پیاو ڕەنگە بڵـێ شـیعری ئـەو نەتیجـەی علـم و ئیشتیغالە)).

دیارە لێرەدا مەبەسـت لەوەیـە کـە (نـالی) لـە داهێنـانی شـیعریدا زیـاتر بایـەخی بـە لایـەنی جوانکـاری داوەو هونەرمەندانـە مامەڵـەی لەگـەڵ دەقـی

* تێبینی : هیچ دەقێکی ڕەخنە بۆ لەبەر کردن نییە.

شـيعريدا كـردووەو داهێنانـەكانی ئاكـامی زانسـتو زانیـاری شـیعرییە زیـاتر لەوەی كە هەڵقوڵاوی بەهرەی شیعری بێت.

لەباسی (مەولەوی)یشدا ڕای وایەكە مەولـەوی لـە ڕێكخسـتنی سـەروادا داهێنانی كردووە كاتێ لە چوارینێكدا سەروای دێـڕی یەكـەم و سـێیەمی هـاو سەروا كردووەو دێڕی دووەم و چوارەمیشـی بـە سـەروایەكی تـر هـاو سـەروا كردووە، ئەم چەشنە بەكارهێنانەی سەرواشی لە شـیعری هـیچ میللەتێكـەوە وەرنەگرتووە بەڵكو خۆی دای هێناوە.

هەر لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوودا (شـیخ نـوری شـێخ سـاڵح)یـش ساڵی (١٩٢٦)لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بە زنجـیرە لێكۆڵینـەوەكی دەربـارەی ئـەدەب بەگشـتیو شـیعر بەتایبـەتی بڵاوكردووەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو لێكۆڵینەوەیە زیاتر دەچێتە خانەی تیۆری ئەدەبەوە بەڵام لەو باسـانەیدا كـە دەربـارەی (جـوانی) دەقـی ئەدەبییـە لـە تیـۆری ڕەخنـەی ئـەدەبی نزیـك دەبێتـەوە بـە تایبـەتی لـەو باسـەیدا كـە جیـاوازی نێـوان زمـانو شـیوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەو شێوازی زانستیو شێوازی ئەدەبی دیاری دەكات.

بەرهەمێكی تری بڵاوكراوەی نووسەرانی كورد لـە بـواری ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبیدا، ئەو وتارەیە كە نووسەرێك بە ناوی (سـیاپۆش) سـاڵی (١٩٣٢) بـە ناونیشـانی (شـاعرەكانمان) بـڵاوی كردووەتـەوە، ئـەم وتـارەش نـەك هـەر ڕاسـتەوخۆ دەچـێتە خانـەی ڕەخنـەوە بـەڵكو دەرگایـەكی نـوێش لەبـەردەم ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا دەكاتەوە، وشـیارانە دەیـەوێ سـیمایەكی تازە بە ئەدەبی كوردی بپۆشێ و بەرگێكی نوێ بكاتە بەر ڕەخنـەی ئـەدەبی كـوردی، بۆیـە دەڵـێ((شـاعیرەكانمان هـەتا ئێسـتا بڕواناكـەم لـە واتـەی سوپاسو ستایشی زیاتریان بیستبێ، یەكێك بە ((توتی شەكر گوفتار)) ئەوی

تر بە (بلبلی شیرین کەلام) ناوی لێ ناون، هەرچەندە ئەو ناونیشانەشیان لە لاپەڕەی هیچ پارچە کاغەزو گۆشەی هیچ ڕۆژنامەیەکدا بۆ نەنووسراوە بەڵام لە مێشکی خۆیان‌و هەندێ دەوروپشت و ناسیاویاندا زۆر چاك جێگیر بووە. بەڵێ هەتا ئێستا بێ لێکدانەوە هەڵمان کێشاون... بەڵام لەمەودوا ئەو دەورە ڕۆیشت کە بە زەرد بگوترێ زێڕو بەسەدەف بگوترێ مرواری، لەمەو دوا ڕۆشنایی زانین بەرچاومان ڕووناك دەکاتەوە هەموو شتێ وەکو خۆی دەبینین و پێویستە هەرشتە بە پێی بەرزی‌و نزمی خۆی ڕیزبکەین و بەپێی چاکی‌و خراپی ناوی لێ بنێین بەبێ بۆن نەڵێین نێرگزو بە نێرگز نەڵێین بێ بۆن))

هەر لەو وتارەدا (سیاپۆش) هەوڵ دەدات چەمکێکی نوێ بۆ شیعری کوردی بخاتە بەردەستو بەپێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێ، بۆیە دەڵێ((شیعر تەرجومانی دڵە چی بە دڵا بێت ئێش‌و ئازارو دەردو خەفەت و هیواو نائومێدی، باوەڕو ترس و بێ باکی‌و خراپی و چاکیمان بە کەلیماتی ڕێك‌و پێك لە شێوەیەکی دلگیرا بۆ دەردەخات کە هەرکەس لە ئانی خوێندنەوەیدا شێوەیەکی دڵی خۆی تیا دەبینێت، شیعر چرایەکە تاریکی ژیانمان بۆ ڕۆشن و یارمەتیمان ئەدات لە دۆزینەوەی حەقیقەتا)) جا لەگەڵ ئەوەی بەپێی ئەم چەمکەی شیعر بەگشتی شیعری کلاسیکی ڕەت دەکاتەوە بەڵام خودی وتارەکە بۆخۆی‌و لەو سەردەمەدا بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی گەلێ نوێ دادەنرێت و شوێنیکی دیار لە ڕێڕەوی ڕەخنەی کوردیدا دەگرێت.

لە دوای ئەم وتارەی (سیاپوش) وتارو لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ئەوتۆ لەسییەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاونەکراوەتەوە کە بەڕادەی ئەو گرنگ بن و ڕاستەوخۆ بچنە خانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئەوەی کەلەو ساڵانەدا دێتە بەردەست کتێبێکی (عەلی کەمال باپیر)ە کە ساڵی ١٩٣٩ بە ناوونیشانی

(گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەصرم) بڵاوی کردووەتەوە، ئەم بەرهەمەش دەچێتە خانەیمێژووی ئەدەبەوە نەك ڕەخنەی ئەدەبییەوە چونکە بەکورتی باس لە ژیانی چەند شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ دەکاتو نموونەی شیعرەکانیان دەخاتە بەردەست، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا بۆ وتاری ڕەخنەیی و کۆمەڵێ نووسەر لە بواری پراکتیکیدا کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەییان بڵاوکردووەتەوە، بێگومان ئەو وتارانەش لەئاستی جیاجیادا بوون و زۆر جار بۆخۆیان بوونەتەوە جێگای ڕەخنە لێ گرتن، هەروەك لەو وتارەی (جەمیل بەندی ڕۆژ بەیانی)دا دەردەکەویت کە تیایدا ڕوو لە گۆڤاری گەلاوێژ دەکاتو دەڵێ ((تکا دەکەم- لێت دەپاڕێمەوە- خۆت ئەم ئەرکی ڕەخنە بازییە بگرە مل وە مەیدە بەکەس وردبینانە وشەو وتەکان والابێژ کە مەیدان بەوە مەدە کە هەندێ کەس لە تویێی پەردەوە ئامانجی بێفەر بڵاو بکاتەوە یا وشەی بێ جێ بەکاربێنێ)).

لە ساڵی (١٩٤١ز) بەرگی یەکەمی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حلمی کەوتە بەردەستی خوێنەران، ئەگەر چی ئەم بەرگەی زیاتر دەچێتە خانەی مێژووی ئەدەبەوە بەڵام لە هەندێ شویندا ڕاو بۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی شاعیرەکان خستووەتە بەردەست.

لە پەنجاکانیشداو لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئاسۆی بەردەمی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبیش بواری چاکتری لەبەر دەمدا کردنەوە، لەساڵی (١٩٥٢)دا بە بڵاو بوونەوەی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەددین سوجادی خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای شیعرو شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون و بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتر لەبەر دەمدا کردنەوە.

لەساڵی (١٩٥٦)یشدا بەرگی دووەمی (شیعر ئـەدەبیاتی کـوردی)رەفیـق حلمی، لەپاڵ باسی ژیان و شیعری دەستەیەك لە شاعیری کوردا، کۆمەڵێ ڕاو بۆچونی ڕەخنەیی وردی دەربارەیـان خسـتووەتە ڕوو، وەك ئـەم تێڕوانینـەی کـە دەربـارەی (گـوران)ی شـاعیرەوە دەڵـێ:((گـۆران شـاعیرێکی (فەننان)و(واقعی)یە بێ ئەوەی لە رەغنـەیی یاخود لـە واتەکـەی خۆمـان بـە گومان بین، ئەڵێین (گۆران) بە ڕاستی بوێژێکی واقعیو فەننانە، بوێژێکـە کـە مادەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان واتە ژیانی کۆمەڵایـەتی کـورد هـەڵێنجاوە وە کردوویە بە (بوودەقە)ی ئەدەبا ئینجا لـەم وێنـە سـیحراوی و دڵ فریبـەدا کـە پێـی ئـەڵێن (شـیعر) بـۆی هێناوەتـە دەرێ) لەسـەرەتای سـاڵی (١٩٥٨) یشداو بە دەرکردنی گۆڤاری (شەفەق)لە کەرکووك و بەو وتارە ڕەخنەییانـەی کـە تیایـدا بڵاوکراوەتـەوە، ڕەخنـەی ئـەدەبیی گەشەسـەندنێکی دیـاری بەخۆیـەوە بینـی، چـونکە وتـارە ڕەخنەییـەکان ورد تـرو زانسـتانەتر بـوونو جێگـای بایەخپێـدانی ئـەدەب دۆسـتان بـوون هـەر بۆیـەش دەبیـنین کـە نووسەرانمان لەسەر لاپـەڕەی ئـەو گۆڤـارە کەوتوونەتـە ئـاڵو گـۆڕکردنی ڕاو بۆچوونی ڕەخنەیان دەربـارەی هەنـدێ باسـی ئـەدەبیو دەربـارەی شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە، وەك وتاری (کامەرانو دیارییەکە)ی مارف بەرزنجی و (کـوردو شـیعر)ی هەسـان و (کـوردو ئسـلوبی شـیعر)ی مـارف خەزنـەدارو (شیعرو نووسینی کـوردی) رەفیـق حلمـی و وتـارێکی تـری ڕەخنـەیی مـارف بەرزنجی بەناوونیشانی (کۆنو تازە لە شیعردا) کـە تیایـدا دەڵـێ ((شـاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆتو زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریـان دروستکرد. وازیان لە قافیـە هێنـا، وەزنیـان بـە چەشـنێکی کـە هەڵسوڕاند، جـاران وەزن لەسـەر کەرتـە شـیعر دائەمـەزرا، ئیمـڕۆ لەسـەر (تەفعیلـە)

دائەمەزرێ، گوێ نادرێتە کورتی و درێژی کەرتەکانی شیعر بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ ئەویش بە لانەدان لە وەزن)).

هەر لەساڵی (١٩٥٨)داو دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بواری ئەوە لەبەردەم نووسەرانی کوردی کرایەوە کە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بڵاوبکەنەوە، وەك لێکۆڵینەوەکەی (حسێن عارف) کە بەناوی (محەمەد سدیق عارف) و بەناوونیشانی (کامەرانو هۆنراوەی نوێ)وە بڵاوکرایەوەو لێکۆڵینەوەیەکی (محەمەدی مەلاکەریم) دەربارەی (حاجی قادری کۆیی)و لێکۆڵینەوەیەکی (کامیل حەسەن بصیر) بەزمانی عەرەبیو بە ناوونیشانی (کامران شاعر من کوردستان).

هەر لەبواری گەشەسەندنی ڕەخنەی کوردیدا نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کە بەکردنەوەی بەشی کوردی لە ساڵی(١٩٥٩–١٩٦٠ز) لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغداو بوونی بابەتی ڕەخنە بە پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشەداو وتنەوەی ئەو بابەتە بۆ ماوەیەك لەلایەن (گۆران)ی شاعیرەوە، ڕەخنە سیماو شەقڵێکی گەشترو زانستانەتری وەرگرت.

لە ناوەڕاستی شەستەکانیشدا بە ئامادەکردنی کۆمەڵێ نامەی ئەکادیمی لەلایەن ئەو خوێندکارانەی کە لەدەرەوەی عیراق بڕوانامەی دکتۆرایان لە ئەدەبی کوردیدا بە دەست هێنا بوو ڕەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی نوێی بەرەوپێش چوونی بۆ ڕەخسا، وەك (ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا) (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول)و(کورتەی مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی) (د. مارف خەزنەدار) و (حاجی قادری کۆیی– ژیانو بەرهەمی) (د.ئیحسان فوئاد).

لە ساڵی (١٩٧٠)شداو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (ڕوانگە)دا ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم چالاکیو جموجۆڵی ڕەخنەییدا کرایەوەو لەپاڵ بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەرانی سەربەو بزووتنەوەیەدا کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەییش دەربارەی بزووتنەوەکە خۆیو دەربارەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بڵاوکرانەوە، بەم پێیە خودی بزووتنەوەی ڕوانگە بوارێکی نوێو فراوانی لەبەردەم ڕەخنەشدا کردەوە، هەر بۆیە (شێرکۆ بێکەس) لەو کاتەدا وتوویەتی:((هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە دوو پێوانەی بۆ بکرێت پێوانەیەکی سیاسیو پێوانەیەکی هونەری ئەم دوو پێوانەیە دوولای یەك مەسەلە پێکدەهێنن کە ئەویش ڕەخنە گرتنی ئەدەبییە بۆیە بەیەکەوە گرێدراون و یەك کار ئەکاتە سەر ئەوی تر)).

لەدوای ساڵی (١٩٧٥)یش ئەگەرچی تا ڕادەیەك ئەدەبو ڕەخنەی کوردیش وەك شۆڕشەکەی تووشی جۆرە نوشستییەك بوو بەڵام خۆڕاگری و چۆك دانەدانی ئەدیبانو نووسەرانی کورد نەك هەر بووە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبیمان بەردەوام بێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە بەڵکو خولیای داهێنانو هەنگاو نان بەرەو پێش چوون بووبوو سیمای دیاری ساڵانی هەشتای ئەدەبی کوردیمان، دیارە ڕەخنەش لەو خولیایە بێ بەش نەبووەو کەم تا زۆر نووسەرانمان لە پێناو گەشەدان بە ئەدەبەکەمان تێڕوانینی ڕەخنەیی خۆیان بڵاو کردووەتەوە، وەك ئەو بۆ چوونەی کە نووسەرەکەی دەربارەی ئەدەبی ئەو ساڵانە دەڵێ : ((هونەرو ئەدەبیش چەکێکی کاریگەرن لە چەکەکانی خەباتی میللەت بۆ ئازادیو بەختەوەری و بە هیچ چەشنێك لە جۆرەکانی دیکەی خەباتی سیاسی جیا ناکرێتەوە بەتایبەتی لە قۆناغێکدا وەك قۆناغی ئەمڕۆی بزووتنەوەی نیشتیمانیمان)).

پــەخشـــــان

پەخشان بەشێکە لەئەدەب برتییە لەو دەربڕینو نووسراوانەی کە هەستو سۆزی مرۆڤ نیشان دەدات پەخشانی نویٚ بە گشتی بایەخ بە کێشو سەروا نادات.

جۆرەکانی پەخشان:

بەشێوەیەکی گشتی پەخشان دەکرێت بەم جۆرانەوە:

١- **پەخشانی زانستی:** ئەو پەخشانەیە کە باس لە بابەتێکی زانستی دەکات و بایەخ بە هەستوسۆز نادات، وەك بابەتەکانی (کیمیا، فیزیا، پزیشکی، بیرکاری....).

٢- **پەخشانی ئەدەبی:** ئەو پەخشانەیە کە زیاتر بایەخ بە هەستوسۆز دەدات بۆ ئەوەی کارلە بەرامبەرەکەی بکاتو چێژی پیٚ ببەخشیٚ، وەکو (وتاری ئەدەبی، چیرۆك، یاداشت، نامە، ژیاننامە، وەرگێرانی ئەدەبی، وتووێژە ئەدەبییەکان....).

وتـــــار

پێناسەی وتار: هونەرێکی ئەدەبییە نووسەر بە شێوەیەکی کورتو وردو سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات و بیروڕای خۆی دەربارەی دەخاتە ڕوو.

خاسیەتەکانی وتار:

١- کورتی، کە دەبێت وتار لە چەند پەڕەیەك تێپەڕ نەکات.

٢- جوانکاری لە دەربڕیندا.

٣- تەکنیك لە نووسیندا، کە هەر نووسەرێك ڕێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و دارشتنی بابەتەکەی بە زمانی ڕووناکبیری سەردەم.

٤- بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی بیرو هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی.

جۆرەكانی وتار:

وتار وەك بەشەكانی تری ئەدەب بابەتی هەمە چەشنە لەخۆ دەگرێت، لەوانە (وتاری سیاسی، وتاری ئایینی، وتاری رەخنەیی، وتاری مێژوویی، وتاری كۆمەلآیەتی.........).

لە قۆناغەكانی پێشووی خوێندندا باس لە سەرەتاو سەرهەڵدانی وتاری كوردی كراوە، لێرەدا لە رێرەوی گەشەسەندنی وتاردا باس لەچەند قۆناغێك دەكەین:

١- قۆناغی یەكەم- سالآنی (١٩٣٩- ١٩٥٨)ز:

بەڵگە نەویستە كە هەموو دەم گەشەسەندنو لاوازبوونی بەرهەمی ئەدەبی كوردیمان، پەیوەند بووە بەو بارودۆخە سیاسیو كۆمەلآیەتیو ئابوورییەی ئەو دەمەی بەرهەمەكەی تێدا هاتووەتە ئاراوە.

لە عێراق لە كۆتایی سییەكاندا لە ساڵی (١٩٣٩)دا گۆڤاری (گەلاوێژ)دەرچوو، كەبەدرێژایی (١٠)ساڵ تا (١٩٤٩) بەردەوامبوو. لەماوەی دەرچوونی ئەم گۆڤارەدا هەموو بەشەكانی ئەدەب بە تایبەتی وتار، گەشەسەندنێكی باشی بە خۆوە دیوە لە روخسارو ناوەرۆكدا.

هەر لە سالآنی دەرچوونی ئەم گۆڤارەدا تەوژمێكی تری وتار دەبینین بەهۆی دامەزراندنی كۆماری كوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦) كە لەو ماوە كورتەی تەمەنی ئەو كۆمارەدا ئەدەب بە گشتی هەنگاوی بەرەو پێش ناوە چەندان گۆڤارو رۆژنامەی هەمە چەشنە دەرچوون لەوانە (رۆژنامەی كوردستان ١٩٤٦، هەلآلە ١٩٤٦، گروگاڵی منداڵانی كورد ١٩٤٦،.......).

پاشان لە سالآنی چلو پەنجاكاندا لە عێراقدا پێش رووداونی شۆرشی (تەمموزی ١٩٥٨) چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تر هاتنە ئاراوە كە بەهۆیانەوە وتار هەنگاوی بەرچاوی ناوە، لەوانە (رووناهی ١٩٤١، نزار ١٩٤٨، هیوا

١٩٥٧،......) له وتار نووسه دیارەکانی ئەم قۆناغە (برایم ئەحمەد، حوزنی موکریانی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، جەلادەت بەدرخان، عەلائەدین سوجادی، روقیەی قادری، سوڵتان خانمی فەتاحی قازی،.......).

گرنگترین خاسییەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا :

١- زمانی وتارەکان گەشەیان بەخۆیانەوە بینی چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران(هەرچەندە هەندیك جار دەقاو دەق وشەی عەرەبی لە نووسیندا بەکارهێنراوە).

٢- نیشانەکانی خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە.

٣- بەهۆی سەرهەڵدانی وتار نووسی ژنەوە کە هاندانی ئافرەتی کورد بۆ خوێندن و خوێندەواری بابەتی سەرەکی ناوەڕۆکی وتارەکانیان بووە.

٤- زۆر وتاری وەرگێڕدراو لەزمانەکانی دیکەوە دەکرانە کوردی ناوەڕۆکی وتاری کوردییان پێ دەوڵەمەندتر دەکرا.

ئەم پارچەیەی خوارەوە نموونەی وتارێکی ئەدەبییە کە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بە خامەی (محەمەد ئەحمەد تەها - کامەران موکری) لە ساڵی (١٩٤٦) دا بڵاو کراوەتەوە بە ناوونیشانی (شەونمی بەری بەیان).

شەونمی بەری بەیان

((بەری بەیان بوو، هێشتا جیهان پەردەی دەستی لانەدابوو، ڕووم کردە باخێك، ئەم هەموو گوڵ و گوڵزارانە ئامادەبوون بۆ هاتنی بلبل دەست لە ملیان کات. دڵۆپی شەونم بریسکەی ئەهات، بە چەشنی فنجانی زیوی سەر ژێر پیاڵەی ئاڵتون، کاتێکم زانی بلبل بە ناڵینەوە دەرکەوت، کەچاوی کەوت بە گوڵ گەشاوە، ئەوەو قەترەی شەونمی زێڕینی لەسەر لێویەتی، تۆزێ دڵی هاتەوە جێی خۆی و دەستی کرد بە خوێندن و خەریك بوو دەم بەرێ دڵۆپێ لەو ئاورنگەی سەرلێوی گوڵ بخواتەوە، خەوی لێکەوت...)).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

٢- قۆناغی دووەم- ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٧٠)ز:

لــەم ســاڵانەدا زۆر گۆڕانکــاری سیاســی و کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و رووناکبیری روویانـدا، کـە کاریگەرییـەکی قووڵیـان لەسـەر ئـەدەبی کـوردی دروستکرد.

لـەدووای شۆڕشـی(١٤ ی تـەمموزی ١٩٥٨) چـونکە رژێمێکـی نـوێ دامـەزرا، یاساکانی رژێمی پێشوو گۆڕان، لەوانە بواری ڕادەربڕین و چاپەمەنی فـراوانتر و ئازادتر بوو، ئەمانە بوونە هۆی بەرەو پێش چوونی وتار لـەم قۆناغـەدا، بـە تایبــەتی بــەهۆی ئــەو گۆڤــار و رۆژنامانــەی کــەبلاو دەکرانــەوە لەوانــە (شەفەق١٩٥٨، ڕای گەل١٩٥٩، بلێسە١٩٥٩، رۆژی نوێ١٩٦٠......).

بەلاّم لە سەرەتای ساڵانی شەستدا بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشـی ئـەیلوول و تێکچوونی بارودۆخی سیاسی کوردستان بابەتی وتار بـەرەو لاوازی وسستی رۆیشتووە.

لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکان و دوواتـر بـەهۆی دەرچـوونی چـەند رۆژنامـەو گۆڤارێـك بـوار بـۆ گەشەسـەندنی وتـار ژیایـەوە، لەوانـە رۆژنامـەی (برایـی، برایەتی١٩٦٧، گۆڤاری سلێمانی ١٩٦٨) .

لە نووسەرە ناودارەکانی وتـار لـەم قۆناغـەدا (دکتـۆر عیـزەدین مسـتەفـــا، شێخ محمدی خاڵ، مارف بەرزنجی، مارف خەزنەدار، گۆران، رەمـزی قـەزاز، ئەبو زەید مستەفا سندی....)

گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا :

١- زمانی وتـار پوخـت تـر بـوو لـەڕووی وشـەو زاراوە دەوڵەمەنـد تـر بـوون، بەتایبەتی کە زمانی نووسینی وتـار بـە دیـالێکتی کرمـانجی خـواروو بـوو موتوربە کراوە بە وشەو زاراوەی دیالێکتەکانی دیکە.

٢-هەوڵ دراوە رێنووسێکی راست و درووست پەیڕەو بکرێت شێوازی هونەرییەکەشی بەرز و پڕ لە جوانکاری بێت.

٣-لەڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتی سیاسی بۆخۆی سەرەکیترین بابەتی وتار بووە، کە باسی بیری ئازادیخوازی و پێشکەوتن خوازی کراوە. زیاتریش جەخت لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی و مافەکانی کورد و یەکگرتنەوەی کوردستان کراوە.

٤- لەپاڵ گەشەسەندنی وتاری سیاسی، وتاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئاسۆی فراوانتریان لەبەردەم کرایەوە بە تایبەتی باسی ئەو بابەتانە کراوە کە پەیوەندیان بە نەتەوەی کوردەوە هەبووە.

٥- لەم قۆناغەش زۆر وتار لە زمانەکانی بێگانەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی لەهەموو بوارەکانی ئەدەبی و رووناکبیری.

نموونەی وتارێکی ئەم قۆناغە کە بە خامەی (ڕەمزی قەزاز) نووسراوە لە ساڵی (١٩٦٧)و لە ژمارە (٢٩)ی (برایی)دا بڵاوی کردووەتەوە و نووسیوویەتی:

((... ئەم گرانییە ئێستا بلاوبووەتەوە بە وڵاتا، گرانییەکی ڕاستەقینە و تەواو نییە، بەڵکو گرانییەکی دروستکراوە لەلایەن چەند جامبازێکی دڵ ڕەقی بێ بە زەییەوە، ئەمانە وەك زەروو وانە، هەمیشە خەریکی مژینی خوێنی چینی هەژار و کرێکارن، ئەمانە لەسەر لاشەی چینی هەژارو کرێکار بناغەی سامان و کۆشك و تەلاریان دادەنێن و ئەیبەن بە ئاسمانا، هەموو بیرو باوەڕ و ئاما نجیان لە ژیانا پارە کۆکردنەوەو دەستکەوتی خۆیانە ...)).

تەنها بۆ خوێندنەوەیە

٣- قۆناغی سێیەم - ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٩١)ز:

لــــە دوای دەرچـــوونی بـــەیانی (١١ی ئـــازاری ١٩٧٠)و تاڕادەیـــەك سـەربەخۆیی کوردسـتان بـۆ چـەند سـاڵانێکی کـەم هـەنگاوێکی تـری بـەم بزووتنەوەی ئەدەبی داوەو گەلێك یانەو کۆمەڵە دەرکەوتن کە هەر یـەکێکیان بۆ گەیاندنی بیری خۆیان چەند گۆڤـارو ڕۆژنامـەیان دەرکـرد کـە ئەمـە خـۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی تر وتاری بەرەو پێش برد. هەروەك ئەم بارودۆخـە بـووە هـۆی ئـەوەی بزووتنەوەیـەکی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری لـەناو نووسـەران و جـەماوەردا خۆڵقانـد و گـەلێك ڕۆژنامـە و گۆڤـاری ئـەدەبی و زانسـتی و ڕووناکبیری هاتنە مەیدانەوە لەوانە (زانیاری ١٩٧٠)، نووسەری کـورد ١٩٧١، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ١٩٧١....).

بێگومان ئەم ڕووە گەشەی بەرەو پێش چوونی وتار تـا سـاڵی (١٩٧٤)ی خایاند بەڵام ڕۆژانی هەڵگیرساندنەوەی شـۆڕش لەسـاڵی (١٩٧٤)داو نسـکۆی شـۆڕش لەسـاڵی (١٩٧٥) داو چـەند سـاڵێکی دوای ئـەو ڕووداوە بـۆ خۆیـان چەشنە ئاستەنگێکیان لەبەردەم ئەدەبی کـوردی بەگشـتیو هونـەری وتـاردا دروستکرد، بەتایبەتی کاتێ ڕاگەیاندنی کوردی لـەو چـەند سـاڵەدا ئـەو ڕووە گەشەی پێشووی نەماو کەوتە ژێر فشارەوە.

لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا نووسـەرانی کـورد لـە شـارەکاندا، لەوچـەند ژمارە کەمەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە لـەو سـەردەمەدا دەردەچـوون وەك (هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ)توانییان وتار بەرەو پێش بەرن هەر لـەپاڵ ئەمەدا نووسەرانی شاخیش لە بڵاوکراوەکانی ناو شۆڕشدا چالاکانە بایـەخیان بە وتار داوە بەتایبەتی وتاری سیاسی لە بڵاوکراوەکانی شاخ وەك (نووسەری کوردستان ١٩٨١، گزنگ ١٩٨٣، هەڵمەت ١٩٨٥، قەنـدیل ١٩٨٧، هەڵوێسـتی

ئەدەب ١٩٨٨، بانگ ١٩٨٩،.....)لە دەنگە دیارەکان و قەڵەم ڕەوانەکانی وتار لەم ساڵانەدا (تەها بەرواری، مستەفا نەریمان، عەبدولرەحمان مزوری، جەمال خەزنەدار، عەلی سەیدۆ گەورانی سەلاح شوان،.....).

هەروەها ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو نووسەرانی کورد لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بەرگرییان لە دژی سیاسەتی توانەوەی نەتەوەکەیان دەکرد، هەر بۆیە وتارەکانی ئەو ساڵانە بۆخۆیان دەبوونە بنەماو پێك هێنەرێکی پتەوی ئەدەبی کوردی.

گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا :

١- لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان زمانی وتار گەشەیەکی زۆر دیاری بەخۆیەوە دی کە لە قۆناغەکانی پێشووتر بەو رادەیە نەبینرابوو.
بە تایبەتی کە بەرنامەی خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بوون بە کوردی، ئەمەش وای کرد کە کۆمەڵێك وشەو زاراوەی نوێ بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و دەوڵەمەندتری بکات.

٢- لە دووای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی(١٩٧٥) دیاردەیەك کە بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت بە تایبەتی لە بلاوکراوەکانی ناو شاردا بریتی بوو لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ واتە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێماو نیشانە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەرەتای حەفتاکاندا نووسەران بێ ترس و سل کردنەوە هەست و سۆزو بیری خۆیان دەردەبڕی چونکە بارودۆخەکە ئازادی و سەربەستی بۆ نووسەران درووست کردبوو.

٣– لەم قۆناغەدا وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی كوردی بەكار دەهێنرا چونكە رژێمی دوژمـن بەنەتـەوەی كـورد، هـەوڵی شـێواندن و لـەناوبردنی زمانی كوردی دەدا.

٤– لە دووای نسكۆی (١٩٧٥) جیاوازی كەوتە نێوان نووسـەرانی شـارو شـاخ لـە خسـتنە رووی بابەتەكانـدا چـونكە ئـەو سەربەسـتییەی نووسـەرانی شـاخ هەیانبوو هەرگیز نووسەرانی شار نەیانبوو.

لەبەرئەوە وتار لە رۆژنامەو گۆڤارەكانی ناو شاردا پاشەكشەی كـرد بەرامبـەر ئەوە لەبڵاوكراوەكانی شـاخ واتـا نـاو شـۆڕش بایـەخی زۆری پێـدەدراو زیـاتر گەشەی دەكرد لەبەرئەوە نووسـەرانی شـار هـەوڵیان دەدا لـە ڕێگـەی وتـارە كۆمەڵایەتی و و مێژوویی و رۆشەنبیرییە گشتییەكاندا بیرو بۆچوون و هەسـت و سۆزی نەتەوایەتیان پیشان بدەن.

وەك لــەم دەقــەی (ســەبری بۆتــانی)دا نووســراوە كــە ســاڵی (١٩٨٣)دا بڵاوكراوەتەوە:–

((ئـەدەبا كـوردی ژ سـترانا زمانـێ كـوردی ڤـە دەسـت پێكریـە. لێ مخـابن نەهاتییـە نڤیساندن....ئەزڤێ دبێژم چكۆ بێگومان ئەگەر سترانەك تـەنێ ژی بـەری چـەند هـزار ساڵەكا بهاتـا نڤیسـاندن مەو بیانیـا ژی دێ بگۆتـا ژهنگـێ ڤـە پەیـدا بوویـە. ڤێجـا گەرەكە باشتر بهێتە زانین كـو سـترانا كـوردی شـعرە، سـەرهاتییـە، چیرۆكە، پەسـنە، ڕێزگرتنە، بیروباوەڕە، شیرەتە، ئەڤینە، ئۆڵ و ئاییینە، كورت و كرمانجی شین و شـادی وفەلسەفا ژینا میللەتێ مەیە.......)).

تەنها بۆ خوێندنەوەیە

فەرهەنگۆك

لێ مخابن	: بەڵام بەداخەوە
چکۆ	: چونکە
دێ بگۆتا	: دەمانگوت
ژهنگێ ڤە	: لەو کاتەوە
پەسنە	: وەسفە
شیرەتە	: ئامۆژگارییە

چیرۆکی کوردی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە

چیرۆکی هونەری وەك بابەتێکی ئەدەبی تازەی بێگانە هاتە ناو ئەدەبی کوردی یەوە، لە بنەڕەتدا هونەرێکی ئەوروپییە پێویستی ژیان وای کردووەو وەکو ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوبێتەوەلە کۆمەڵگای کوردیش وەزعی لەباری تایبەتی خۆی بۆ هەڵکەوت ئینجا سەری هەڵداو پێگەیشت، ئاشکراشە هەموو داهێنانێکی نوێ سادەو ساکار دەست پێدەکات ئینجا قۆناغ لە دوای قۆناغ گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین کە بێ ئەو سەرەتایە ئەوەی ئێستاهەیە نەدەبوو دوای ئەوەی لەقۆناغەکانی پێشووی خوێندن باسی سەرەتاو سەرهەڵدانو دەرکەوتنی چیرۆکی هونەری کوردیمان کرد ئەوا لەجەنگی دووەمی جیهانییەوە چیرۆکی هونەری کوردی بە پێی چەند قۆناغێکی مێژوویی دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

١- چیرۆکی هونەری کوردی لەساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٥٨

٢- چیرۆکی هونەری کوردی لەساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٧٠

٣- چیرۆکی هونەری کوردی لەساڵی١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٩١

١- چیرۆكی هونەری كوردی لەساڵی(١٩٣٩ - ١٩٥٨)ز

دەتوانین ئـەم قۆناغـە نـاو بنـێین بـە قۆنـاغی گەشەسـەندنی چـیرۆكی هونەری كـوردی، چـونكە لـەم قۆناغـەدا هونـەری نووسـینی چـیرۆكی كـورت نـەش‌ونمای كـرد كـە لێـرەدا دەرچـوونی چـەند گۆڤـارو ڕۆژنامەیـەك ڕۆڵێكـی بەرچاویان هەبوو لە گەشەسەندنی وەكو گۆڤارەكانی گەلاوێژ، دەنگـی گێتـی تازە لە بەغـدا هـاوارو ڕۆژا نـوو لـە شـام "شـەفەق" لـە كـەركوك، ڕۆژنامـەی "ژیـن" و "ژیـان" لـە سـلێمانی لێـرەدا باسـی چـیرۆكی كـوردی دەكـەین لـە گۆڤاری گەلاوێژ و گۆڤاری هاوار....

چیرۆكی كوردی لە گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٩-١٩٤٩)ز

یەكێك لەو هونەرە ئەدەبییانەی گۆڤاری گەلاوێژ لە (١٩٣٩- تـا ١٩٤٩) ڕۆڵێكی ئاشكراو دیاری لە جـێگیر بـوون و ڕەگ داكوتانیـدا هـەبووە چـیرۆكی هونەری كوردییە. (گەلاوێژ) هەرلە یەكەم ژمارەیەوە گۆشەیەكی تایبـەتی بـۆ چیرۆك داناوە ناوی (چیرۆكی ئەم مانگە)ی لێناوە كە لەسەرجەم ژمارەكـانی ئەم گۆشەیە دەبینرێت تا دوازمارەی كە ژمارە (١١٦)یـە چـونكە بەبەشـێكی سەرەكی ئەدەبی نوێیان زانیوە، هەر لەم گۆڤارەدا ئاوڕ دانـەوە لـە چـیرۆكی وەرگێڕاو كارێكی زۆر بەجێ بووە بـۆ چـاوكردنەوەی لاوەكـانی ئەوسـاش بـە كەڵك بووە بەتایبەتی چیرۆكە وەرگێڕاوەكـان هـی ئـەو نووسـەرانە بـوون كـە ناوبانگیان هەبووە لـە جیهانـدا.... سـەرنجی خوێنـەرو نووسـەرانی كوردیـان ڕادەكێشـا بۆئـەم ناوانـە (بـەلزاك، مەكسـیم گـۆركی، چـیخۆف، مۆپاسـان، ئەندرسـن، تۆلسـتۆی، جـبران خلیـل جـبران، توفیـق حكـیم...هتـد) چـیرۆكەكانیش زیـاتر لـە زمـانی ئینگلیـزی وەردەگێـڕدران هەندێكیشـیان لـە زمانی عەرەبییەوە.

بابەتێکی دیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە ناکۆکیو ململانێی نێوان دووچینی سەرەکی کۆمەڵ بوون، دەرەبەگو ئاغاکان لەلایەکو جوتیارو ڕەشو ڕووتی کوردستان لەلایەکی ترەوە کە وێنەی ژیانی پڕ مەینەتی ئەو ڕۆژانەی شەڕی دووەمی جیهانی بوون، هەر لە پای ئەو بابەتەدا ڕەخنە گرتن لە نەریتو خووڕەوشتی دوواکەوتووی کۆمەڵایەتی بووە بابەتێکی تری چیرۆك لەو ماوەیەدا. لە چیرۆکەکانی (گەلاوێژ) ئەوەش دەبینرێت کە نووسەرەکان بەتەواوی لایەنگیری جوتیارن هەروەها لە بەشێك لە چیرۆکەکانی (گەلاوێژ) ئافرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆك، پەنجە بۆ ئەو نیوەی کۆمەڵە درێژکراوە، باسی هەندێك دەردەکانی چەوساندنەوەی ئافرەت کراوە وەك شیربایی، کچ فرۆشتن، مەبەستی نووسەرەکانیان ڕەخنە گرتن بووە لە دواکەوتوویی کۆمەڵگەو لەوانەی دەبنە هۆی ئەم دواکەوتنە.

هەر ئەم چەشنە بایەخدانەی چیرۆکنووسانی کورد بەو کێشەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بووە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەو ڕێبازی ڕیالیزمی هەنگاو بنێت، دیارترین چیرۆك نووسەکانی گەلاوێژ، (شاکر فەتاح، عەلائەدین سجادی، برایم ئەحمەد)بوون.

تەکنیك و زمانی دارشتنی چیرۆکەکان:

ئەگەر چی چیرۆکەکانی سەرەتا چ لە رووی زمانەوە بێت کە لە رووی تەکنیکییەوە پێشکەوتنی ئەو تۆیان پێوەدیار نییە واتا زمانی نووسینی چیرۆکەکان کوردی پەتی نییە وەکو زمانی نووسینی ئەو سەردەمە، پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی هەروەها لە رووی تەکنیکییەوە بەگشتی شێوازی چیرۆکەکان گێرانەوەی ئاساییەو هیچ کاریگەرییەکی هونەری نوێی چیرۆکی پێوەنییە، زیاتر شێوەی راپۆرت نووسینیان پێوەدیارە یاخود گەلێ چیرۆکنووس تەقەلایان داوە باسێکی فۆلکلۆری یا ئەفسانەیی بێنن بەرگی چیرۆکێکی هونەری بەبەردا بکەن.

لەم قۆناغەدا زمانی چیرۆکەکان بەرەو کوردی پەتی سفت ورەوان دەروات پاك دەبێتەوە لە وشەی بێگانە لە جێگایان وشەی کوردی رەسەن یان وشەی گونجاو بەکارهێنراوە. هەروەها شێوەی هونەری نوێ و تازەتر بەکارهاتووە، واتا دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی گەلاوێژ لەرووی تەکنیکی هونەرییەوە لەچاو پلەی پێش خۆیان بەرەو پیش چوون سیمای هونەری نوێیان پێوەدیارە، رستەو وەسفەکان بەسۆزو کاریگەرن و زنجیرەی باسەکان هەر لەسەرەتاوە تا ئەنجام باش بەیەکەوە بەندن و خوێنەر رادەکێشن بۆ چێژ لێوەرگرتنیان.

چیرۆكی كوردی له گۆڤاری هاوار (١٩٤١ – ١٩٤٣)ز

گۆڤاری (هاوار) له ساڵی (١٩٣٢ز) كه له شام دەردەچوو لەم قۆناغەدا واته له ساڵانی(١٩٤١ تا ١٩٤٣) بایەخی زۆری داوه به بڵاوكردنەوەی چیرۆك له نرخ و بەهای ئەم هونەره تازەیه باش تێگەیشتووه.

لەسەر لاپەڕەكانی ئەم گۆڤارەشدا چەند چیرۆكنووسی به توانـاو بەهرەمەنـد هەڵكەوتن كه دیارترینیان (جەلادەت بەدرخان و كامەران بەدرخان، قەدری جان، ئوسمان سەبری ، نورەدین زازا.... هتد) بوون چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار به شێوەی كرمانجی ژوورو بەشی بۆتانی نووسراون، هەندێكیان به چیرۆكی هونەری دادەنرێن چونكه پلەی هونەریان بەرزه هەندێكی تریشیان سیمای حەكایەتی فۆلكلۆری كوردییان پێوەدیاره هەندێكی تریشیان لەسەر زمانی گیانداران نووسراون...

له ڕووی ناوەرۆكەوه زیاتر هەوڵیان داوه مەسەلەی نەتەوایەتیو خەباتی چینایەتی بخەنه ڕوو ڕەخنه له ناهەمواری ناو كۆمەڵگا بگرن هەروەها دەردی هەژاریو نەخوێندەواری بخەنه ڕوو ئەم گۆڤارەش بایەخی داوه به چیرۆكی وەرگێڕاو بەتایبەتی له زمانی فەڕەنسی و عەرەبییەوه دەكرانه كوردی هەندێك جاریش هەر چیرۆكه كوردییەكان له هەمان ژمارەدا كراون بەفەرەنسی كه ئەمەش ئەزموونێكی تازه بووه له ئەدەبی كوردیدا.

لەڕووی تەكنیكیشەوه بەشی هەره زۆری چیرۆكه نووسراو و بڵاوكراوەكان له ئاستێكی هونەری پێشكەوتوودان و تەواو وتۆكمەن چونكه چیرۆكنووسەكان زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزییان زانیوه.

چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨)

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٨ لـە شـاری کـەرکووك گۆڤـاری ((شـەفەق)) دەرچوو کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی هونەری کوردی بۆ نموونە:-

گرەوێکی رێکخست بۆ باشترین (٣) سێ چیرۆکی کوردی بۆ ئەم مەبەستەش سێ خەڵاتی تەرخان کرد کە لە ئەنجامدا چیرۆکی (چای شیرین)ی (حسین عـارف) پاداشتی یەکـەمی وەرگـرت کـە بـەناوی خواسـتراوی (محمد صدیق عارف) بڵاوکرایەوە، چیرۆکی (چەندم لێ ئەستێنی)ی (مستەفا صالح کەریم) پاداشتی دووەمی پێدرا، چیرۆکی (شەوێکی درێژ)ی (محەمەد ساڵح دیلان)ی شاعیریش پاداشتی سێیەمی پێدرا.

لەم ماوەیەدا چەند چیرۆك نووسێك بۆ یەکەم جار دەستیان دایە بڵاوکردنـەوەی چـیرۆکی کـورت کـە لـە قۆناغـەکانی دواتـریش هـەر ناویـان دەدرەوشێتەوە وەکو (حسێن عارف - محەمەد مەولود (مەم) - شێخ مارف بەرزنجی - جەمال بابان - محـەرەم محەمـەد ئـەمین - کاکەمـەم بۆتـانی - حەسەنی قزڵچی ... هتد).

لەم قۆناغەدا چەند چیرۆکنوسێك چیرۆکی مـام ناوەنـدی بـۆ یەکـەمین جـار بڵاودەکەنـەوەو جـێگیری دەکـەن لەوانـە (جـەمال بابـان) بـە چـیرۆکی (خـانزاد)و (پەڵـە هـەورێکی چـڵکن)، (جـەمال نەبـەز)یش بـە چـیرۆکی (لالـۆ کەریم)و (محمد صالح سعید)یش بە چیرۆکی (کاروانی)... کـە ئـەم چـیرۆکانە ماوەی ڕووداوەکانیان زیاترە لە هی چیرۆکی کورتو ژمارەی کەسەکانیشـیان زیاترە لە هی چیرۆکی کورت بەڵام ناگەنە چیرۆکی درێژ واتا (ڕۆمان).

دەبێت ئـەوەش بـزانین کـە پێشـتر دوو چـیرۆکی مامناوەنـدی نوسـراونەتەوە بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـەکاتی خۆیـدا بـە کتێـب بـڵاو نەکراونەتـەوە بۆیـە نەیانتوانیوە ئەم چیرۆکە لـە کـاتی خۆیـدا جـێگیر بکـەن کـە چـیرۆکەکانیش (لەخـەوما)ی (جـەمیل صـائیب)و (مەسـەلەی ویـژدان)ی (ئەحمـەد موختـار جـاف)بـوون کـە یەکـەمیان لـە سـاڵی (١٩٢٥) نوسـراوەتەوەو لـە سـاڵی (١٩٧٥)چـاپ کـراوە، دووەمیشـیان لـە سـاڵی (١٩٢٩)نوسـراوەتەوە و سـاڵی (١٩٧٠)چاپکراوە.

٢- چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٥٨- ١٩٧٠) ز

لـەم قۆناغـەدا بـەدوواوە بـەهۆی ئـاڵۆزبوونی بـاری سیاسـی وڵات وبەرپابوونی شۆڕشی نەتەوەیی ئەیلوول لە سـاڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمـی قاسـم، ئەدەبی کوردی بەسەردەمێکی شەوزەنگ و تاریك تێپەڕی، چونکە بە ئاشکرا بەربەرەکانی چاپەمەنی کوردی دەکرا، ئـەم بارودۆخـەش کەبەسـەر مێـژووی نەتەوایەتیماندا هات پەردەی نائومێدی باڵی کێشـا بەسـەر ئـەدەبی کوردیـدا چەند ساڵانێکی خایاند، دیارە چیرۆکی کوردیش کپی و سسـتی و دواکـەوتنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەم بارودۆخە هەر وا نەمایەوە، لە ناوەڕاستی سـاڵانی شەستدا چیرۆکی کـوردی تـا ڕادەیـەك پشـووی پیـا هاتـەوە، چـەند گۆڤـار و ڕۆژنامەیەکیش دەرچوون و زەمینـەیەکی لەباری بۆ رەخسا کە جارێکی دیکـە پێش بکەوێتەوە و هەندێك لە چیرۆکنووسەکانی ئەم قۆناغە(مارف خـەزنەدار، جەمال بابان، کاکە مـەم بۆتـانی، دکتـۆر کـاوس قـەفتان، ئەحمـەد محەمـەد ئیسماعیل و هەندێکی تریش).

چیرۆکەکانی ئەم سەردەمە دوو جۆری سەرەکین:

- هەندێکیان زۆر سادەن‌و بابەتەکانیان دوور لە ڕوخساری هونەری خراونەتە بەرچاو، لە جوغزێکی نائومێدی دەخولانەوەو پێشکەوتنیان بەدەست نەهێناوە.

- بەشێکی تریشیان گەشەو پێشکەوتنیان پێوە دیارە، چ لە ڕووی ناوەرۆك‌و ڕووالەتی هونەری‌و ڕەوانی زمانەوە بێت چ لە ڕووی ئەوەی کە مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیار بێت، قارەمانەکانیان کەسانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بوون، ڕووداوەکانیش ڕووداوی سەردەمەکە بوون، ناوەرۆکی چیرۆك لەم قۆناغەدا بایەخی بە کێشەی سیاسیی و کۆمەلایەتی‌و چینایەتی سەردەمەکە داوە.

لەم قۆناغە بەدواوە چیرۆکنووسەکان هەوڵیان داوەزۆر بە ئاشکرا باسی بابەتە سیاسیەکان بکەن لەبەر ئەوەی چیرۆکنووسەکان زۆربەیان لەگەڵ شۆڕشی کورد و سەر بەبزووتنەوەی نیشتمانی بوون چ بە بیرو باوەڕ بێت یان بەکردار، ڕۆژانەش بە چاوی خۆیان چەوساندنەوەو ڕاوو ڕووت و زوڵمو ئەشکەنجەدانی گەلەکەیان دەدیت بەدەستی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نرخی هونەری چیرۆکەکان بێتە خوارەوە لە داهێنان بکەوێت، زمانی چیرۆکەکان سادە بن، شێوەو تەکنیکیان لاواز بێت. بە ئاشکراش مەبەست بدەن بە دەستەوە، هەندێك جاریش بارو دۆخی سیاسی پوختی و ڕەوانی پێشووی لاواز کردووە لە ڕووی دارشتنداچیرۆکەکانی بەرەو چڕکردنەوە بردووە تا رادەیەکیش ڕەمزییان بەکارهێناوە

٣- چیرۆكی هونەری كوردی لە ساڵی (١٩٧٠ - ١٩٩١)ز

ساڵی ١٩٧٠ بە قۆناغێكی نوێ دادەنرێت لە مێژووی گەلی عیراق بە گشتیو گەلی كورد بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا بۆ یەكەمین جار حكومەتی عیراق دانی بە مافە ڕەواكانی گەلی كورد نا، لە ڕێكەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ كە لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی گەلی كورد مۆری كردبوو، ئەمەش بەماوەی گەشەسەندنو ئاڵوگۆڕ دادەنرێت لە هەموو ڕوویەكەوە دیارە ئەمەش زەمینەیەكی لەبارو ڕێگە خۆشكەر بوو بۆ ئەوەی چەندین دەزگای ڕۆشەنبیری كوردی بێتە كایەوە، هەروەها كۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤاری جۆراوجۆر بە زمانی كوردی دەربچن وەكو ڕۆژنامەكانی (هاوكاری– برایەتی– بیری نوێ– ژین) هەروها گۆڤاری (بەیانو ڕۆژی كوردستانو رۆشنبیری نوێ) كە هەموو ئەمانەش زەمینەیان بۆ بڵاوكردنەوەی كۆمەڵێك چیرۆك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەدا لەگەڵ چاپ كردنی چەندین كۆمەڵە چیرۆك.. كە دواتر بوون بە هۆی گەشەسەندنی زیاتری چیرۆكی كوردی چ لە ڕووی ڕووخسارەوە بێت یان لە ڕووی ناوەرۆك، خۆ دەرچوونی بەیانی (ڕوانگە) لە بەهاری ساڵی (١٩٧٠) یەكێك بوو لەو هەوڵ و ڕێبازە نوێیانەی كەوای كرد ژمارەیەك چیرۆكنووس پەیدابن جگە لە سازدانی كۆڕی ئەدەبیو زاڵبوونی كەشو هەوایەكی باش بۆ گفت كردن لەسەر باری ڕۆشنبیری گشتی، ڕوانگە چیرۆكی كوردی لە سستیو جوینەوە ڕزگار كرد. قەوانە كۆنەكانی لە ئەدەب وردوخاش كرد زەمینەیەكی نوێی بۆ چیرۆكی كوردی ئامادە كرد، دیوارێكی لە نێوان چیرۆكی كۆنو نوێدا دروست كرد. بە تەكنیكی تازەو بەكارهێنانی دیالۆگ و مەنەلۆگو چڕكردنەوەی گێڕانەوەو بەكارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆكی كوردی بەرز كردەوە. لەسەرەتای ساڵانی حەفتادا كۆمەڵێك

چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بەردەوام بوون بەلام بە بۆچوونی تازەو کەرەستەی تازەوە بەردەوام بوون، وەك چیرۆکنووسان (حسێن عارف و محەمەد مەولود (مەم)و کاکە مەم بۆتانیو مستەفا سالح کەریم و ئەحمەد محەمەد اسماعیل)..هەروەها چەند چیرۆکنووسی تازەش بۆ یەکەمین جار دەستیان بە نووسینی چیرۆك کرد کە دواتر ناوبانگیان پەیدا کردو بەردەوامن تاوەکو ئێستا وەکو (محەمەد موکری و محەمەد فەریق حەسەنو رەئوف بێگەرد و ئەنوەر محەمەد تاهیرو دکتۆر نافیع ئاکرەییو شەعبان مزویری و شێرزاد حەسەن...)

لەم قۆناغەدا دوو ڕووداوی تر کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردییەوە هەبوو کە ئەوانیش شکستی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو لە ناوەڕاستی سالانی حەفتادا، ڕێك لە سالی ١٩٧٥ بە پیلانی دوژمنانی کورد. هەروەها هەلگیرساندنی شەڕی ١٩٨٠– ١٩٨٨واتە شەڕی درێژ خایەنی هەشت سالەی نێوان عیراقو ئێران، بمانەوێو نەمانەوێ ئەم ڕووداوانە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر چیرۆکی کوردیو ئەدەبی کوردی بەگشتی هەبوو، لەسالی ١٩٧٠ بەدواوە بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی چیرۆکی کوردی گۆڕان هەرچەندە هەندێ لەو بابەتانەی پێشوو دووبارە دەبنەوە بەلام لەپال کێشەی کرێکارو خاوەنکاری دەولەمەند، گیرو گرفتی شاریش بووە هەوێنی چیرۆك.. لەدوایی سالی ١٩٧٥ جۆرە چیرۆکێك پەیدابوو کە دەتوانین ناوی بنێین چیرۆکی بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد چونکە پاش شکستی ١٩٧٥ بوونو مانەوەی کورد کەوتە مەترسی، تاوانی لەناو چوون و جینۆساید بە ئاشکرا بەرامبەر کورد پەیڕەو دەکرا کورد کەوتە بەرامبەر هێزێکی دڕندەی وەك بەعس کە خاوەن تازەترین چەك بوو، بۆیە

چیرۆکنووسە کوردەکان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەرشان کە ئەویش داکۆکی کردن بوو لە نەتەوەی خۆیانو هاندانی خەڵك بوو بۆ بەرگری کردنو هۆشیارکردنەوەی کورد لەڕووی بیرو باوەڕەوە.... چیرۆکەکانی کاکە مەم بۆتانیو محەمەد موکریو محەمەد فەریق حەسەنو ڕەئووف بێگەردو ڕەئووف حەسەن شاهیدی ئەمانەن، ئەمە لەڕووی ناوەرۆکەوە لە ڕووی ڕووخساریشەوە دەتوانین بڵێین:—

(١) چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سوودی لە بەیتو لاوك و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە کەئەمەش ئاوڕدانەوەیەکی پیرۆز و سەرەتایەکی لەبار بوو بۆ چیرۆکنووسانمان کە ئاوڕ لە گەنجینەی (بەیتو لاوکی)کوردی بدەنەوە و بەکاریان بێنن بۆ خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی هیوا و خەمەکانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ وەك لە چیرۆکی (لاوکی سوارەی محەمەد فەریق حەسەن) و (بەیتی سمۆ)ی ڕەئووف بێگەردو (هێڵەگ)ی عەبدوڵلا سەراج...

(٢) هەروەها لە چیرۆکی کوردی (جەفەنگ)واتە ڕەمز بە شێوەیەکی فراوانو بەربلاو بەکار هێنراوە کە شێوەیەکە لە شێوەکانی تەکنیك بۆ جوانکاری بەکاردێت، هەروەها بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی چیرۆکنووس بەتایبەتی لەو بارودۆخانە ڕێی دەربڕینی ڕاستەوخۆ لە نووسەران دەگیرێت بەهۆی بارودۆخی سیاسی توندو تیژی داگیرکەران بۆ نموونە (ڕەوە بەران) ڕەمزی داگیرکەرە یان شەڕ خوازییە... (دار بەڕوو) ڕەمزی کوردو خۆڕاگری کوردو ڕەگ داکوتانی ئەوە لە ناو خاکی کوردستان (ئەسپ) زۆر جار ڕەمزی شۆڕشە.

(٣) چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سوودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە کە ئەمەش چەکێکی تازەی دایە دەست نووسەر، بووە هۆی شکاندنی قاڵبی

خۆبەستنەوەی چیرۆکنووس لە کاتێکی دیاریکراو کە ئەمەش لە چیرۆکەکانی (حسێن عارف، شێرزاد حەسەن و محەمەد موکری، ئەحلام مەنسوور، ئەنوەر محەمەد تاهیر، عەبدوڵلا سەراج) دەبینرێت.

(٤) کاریگەری ئەدەبی بێگانە واتە چیرۆکی گەلانی تر زۆر بەئاشکرا دیارە بەسەر چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتینیو ئەڵمانیو ڕووسی.. بەشێوەیەکی ئاشکرا لە نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاو هەشتادا ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە دەکرێت سوود لە ئەزموونی چیرۆکی گەلانی تر وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەند کردنو بەرەو پێش بردنی ئەزموونی چیرۆکی خۆمان.

(٥) لە ڕووی زمانەوە ناکرێت بڵێین کە زمان لای هەموو چیرۆکنووسەکانی ئەم قۆناغە وەکو یەك یا بەیەك ئاست ناو بنرێت بگرە لای چیرۆکنووسیش لە کۆمەڵە چیرۆکێکەوە وەکو ئەوەکەی تر نییە زمان لای هەندێك چیرۆکنووس زۆر سادەو ساکارە درێژە پێدەری زمانی نووسینی چیرۆکە لە قۆناغەکانی پێشوو تر لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم بەڵام لای هەندێك چیرۆکنووسی تر زمانی نووسینی چیرۆکەکان جیاواز ترو چڕوپڕ ترو تۆکمەتر بوو، بۆ نموونە چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن) بەئاشکرا خاوەن زمانێکی دەوڵەمەندی تایبەت بە خۆیەتی زمانی شیعر زاڵە بەسەر زمانی چیرۆکەکانی دا کە خوێنەر ڕادەکێشێت وای لێدەکەن چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی وەربگرن ئەمەش بە ئاشکرا لە هەردوو کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تەنیایی) و (گوڵی ڕەش) دیارە کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٨٣ز دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراونەتەوە...

زمان لای (حسێن عارف)یش زمانێکی کوردی تۆکمەو بە پێزە بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تویێشووی سەفەرێکی سەخت) و (گەلەگورگ) کە یەکەمیان لە ساڵی ۱۹۷۹دا بڵاو کرایەوەو دووەمیان لەساڵی ۱۹۸۳ بڵاو کراوەتەوە بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی (گەلە گورگ) زمان زۆر دەوڵەمەندترو شیرینترو سەرنج ڕاکێشترە لەچاو هەموو چیرۆکەکانی پێشووی.

ڕۆمـــان لە ئەدەبـــی کـــوردیدا

ڕۆمان واتــە چـیرۆکی درێـژ کـە ڕووداوەکـانی زۆر چـڕو پـڕن، مـاوەی ڕووداوەکـانی زۆر دوور و درێـژترن لـە هـی چـیرۆکی کـورت و چـیرۆکی مـام ناوەندی هەروەها ژمارەی کەسەکانیشی زیاترن لە هی چیرۆکی کـورت و مـام ناوەندی پێویستە ئەوەش بووترێت کە تا ئێستاش سـنووری نێـوان ڕۆمـان و چیرۆکی درێژ بە وردی دەست نیشان نەکراوە.

ڕۆمان نووسین یەکێکـە لـە هونـەرە ئەدەبییـە گرانـەکان لـە سـەدەی حەڤدەهەمەوە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە بـەڵام چـەرخی زێڕینـی ڕۆمـان لـە ئـەوروپا سـەدەی نۆزدەهـەم و نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمە، زۆر لـە ڕەخنەگران ڕۆمان بەداستانی سەدەی تازە ناودەبەن، نووسینی ڕۆمان لە ناو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات زۆر دواکەوتووە لە چاو گـەلانی ڕۆژئـاوا.... لـە کاتێکـدا دەیـــان ڕۆماننووســـی نـــاوداری وەك تۆلســـتۆی، هـــەمنگوای، بـــەلزاك، دیستۆفیسکی، گۆرگی.....هتد. لـە ئـەوروپاو لـە هـەموو جیهـان ناوەکانیـان دەدرەوشێتەوە، ڕۆمانەکانیان بەبەردەوامی وەردەگێردرێن بـۆ سـەر زۆربـەی زمانەکانی جیهان ئەوا لێرەو لەوێ تاك و تەرا ناوی ڕۆماننووسـانی عـەرەب و فارس و تورك دەبیسترێت، نووسینی ڕۆمان لەناو کورد دا زۆر دواکەوتوو ترە لە چاو نەتەوەکانی تری عەرەب و فارس و تورك چونکە ئەو بارودۆخـەی کـە بۆ نووسەرێکی عەرەب و فارس و تورك هەڵکەوتووە هەرگیز بـۆ نووسـەرێکی کـورد هەڵناکـەوێت بگـرە زۆر جـاریش نووسـەری کـورد دژایـەتی دەکرێـت و دەرفەتی چاپکردنیش بـۆ نووسـەری کـورد زۆر دژوار و ئەستەمە، لێـرە بـە دواوە زۆر بە کورتی باس لە قۆناغـەکانی دەرکـەوتن و گەشەسـەندنی ڕۆمـان دەکەین بە زمانی کوردی:

سەرەتای ڕۆمان نووسین لە ئەدەبی کوردیدا

بۆ یەکەمین جار نووسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لە ناو کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەستی پێ کردووە، یەکەمین هەوڵیش لەلایەن نووسەری گەورە "عەرەبی شەمۆ" دراوە کە لە ساڵی ١٩٣٥ز ڕۆمانی "شڤانی کورد" بە دیالیکتی کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی نوسیووەتەوە ئەم ڕۆمانە دواتر کراوە بە رووسی و فەرەنسی و ئەرمەنی .... ئینجا دواتر هەر "عەرەبی شەمۆ" ڕۆمانەکانی "کوردی ئەلەگەز" و "بەربانگ" و ئینجا لە ساڵی (١٩٦٦ز) "قەڵای دمدم"ی نووسییەوە دوای "عەرەبی شەمۆ" چەند نووسەرێکی کوردی سۆڤیەتی تر دەستیان کردووە بە نووسینی ڕۆمان لەوانە "حاجی جوندی" کە ڕۆمانی "هەواریێ" و "بەهار هات"ی نووسییەوە، "عەلی عەبدولرەحمان" ڕۆمانەکانی "خاتێ خانم" و "گوندی مێرخاسا"ی نووسی، ئەم ڕۆمانانە بەشێکی زۆریان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمان لەناو کوردستاندا چونکە تا درەنگ نەگەیشتوونەتە بەشەکانی کوردستان. نووسەرانی کورد لەناو بەشەکانی کوردستاندا ئەم ڕۆمانانەیان نەخوێندۆتەوەو چاویان پی نەکەوتوونە.

- ڕۆمانەکان بە شێوە زاری کرمانجی ژووروو بە ڕێنووسی پیتی لاتینی نووسراون، زمانی نووسینیان زۆر سادە و ڕەوانە.
- بیر و باوەڕی سیاسی ئایدلۆژیەتی سۆشیالیزمی سۆڤیەتی پێشوو بەسەر ڕووداوەکان زاڵە.
- شێوەی ڕۆمانەکان گێڕانەوەیە وەکو داستان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان چونکە بناغەی نووسینی ڕۆمانەکانی داستان ئەفسانەو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردین دوورن لە تەکنیکی تازەو هاوچەرخ.

قۆناغی چەسپاندن

لە کوردستاندا وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا تا ساڵانێکی درەنگی سەدەی بیستەم هیچ ڕۆمانێك بە زمانی کوردی نەنووسراوەتەوە بەڵام دواتر دوو هەوڵی لەبەر چاوو دیار هەن کە دەتوانین بیانکەینە بناغەی بنیادی ڕۆمانی کوردی بە هەر بارێکدا تەماشایان بکەین ناتوانین بە دەست پێشکەرییەکی گەورەیان نەزانین ئەو دوو هەوڵەش هەردوو ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی ڕەحیمی قازی و "ژانی گەل"ی برایم ئەحمەدن، لە ساڵی ١٩٦٠ز لە شاری بەغدا ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی ڕەحیمی قازی چاپکرا، ڕۆمانەکەش ڕووداوەکانی دەربارەی سەردەمی دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"ە لە مەهاباد و لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٦ز، نووسەر چونکە خۆی لە ڕووداوەکان بەشداری کردووە و لەناو جەرگەی ڕووداوەکان بووە بۆیە لە خەباتی ئەو ساڵانەی کورد دەدوێت، ڕووداوەکان تێکەڵ بە چەند کێشەیەکی تر دەکات بەتایبەتی کێشەی جوتیار لەگەڵ دەرەبەگدا پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ز ڕۆمانی "ژانی گەل"ی برایم ئەحمەد هەر لە بەغدا چاپکرا کە نووسەر خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٥٦ز نووسیویەتییەوە بەڵام لەبەر نەبوونی دەرفەتی گونجاو نەیتوانیوە لە کات و سەردەمی خۆیدا چاپی بکات.

ئەم ڕۆمانە زیاتر لە ڕۆمانی پێشمەرگە دەنگی دایەوە و لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو کاتە کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاوکرایەوە، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە حەفتاکاندا ڕێك لە ساڵی ١٩٧٦ ڕۆمانی ((قەڵای دمدم))ی عەرەبی شەمۆ، لەلایەن شوکر مستەفا لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو کرابە دیالێکتی کرمانجی خواروو، کە تێیدا نووسەر ڕووداوی مێژوویی و بابەتی فۆلکلۆری لە شێوەی ڕۆمانێکی هاوچەرخی سەرکەوتوو

دارِشتووه. زمانی نووسینی ڕۆمانه کوردییەکان لەم قۆناغەدا زمانێکی تۆکمە و کوردییەکی زۆر ڕەوانە کە خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانانە سیماو شەقلی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشی بوو ڕووداوەکان خۆماڵین و لەناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواری هەڵهێنجراون بەڵام زیاتر کێشەی نەتەوایەتی و خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی زیاتر هەستی پێ دەکرێت. شێوەی نووسین زیاتر گێڕانەوەیە دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ هەروەها دوورە لە تەم و مژ و ئاڵۆزی.

قۆناغی گەشەسەندن

ئەم قۆناغە لە ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات کە دوو دیاردەی ئاشکرا دەبینرێت:

١) ژمارەی ڕۆمانی خۆماڵی نووسراو بە زمانی کوردی زیاتر دەبینرێت لە چاو قۆناغەکانی پێشوو.

٢) هەروەها ژمارەی ڕۆمانی وەرگێڕاو لە زمانی بێگانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

ئەم دوو دیاردەیە لەم سەردەمەدا دوو دیاردەی دڵخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ببنە ڕێگا خۆشکەر بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان لە زمانی کوردی، چونکە پێشتر ژمارەی ڕۆمان بە زمانی کوردی لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین. بۆ نموونە "حسێن عارف" لە ساڵانی هەشتا هەردوو ڕۆمانی "شار" و "ئەندێشەی مرۆڤێك"ی چاپکرد، "عەزیزی مەلا ڕەش"یش "کوێخا سێوێ" و "غەوارە" خەسرو جاف "کۆردەرە" و "هیچ"ی چاپکرد، عەبدوڵڵا سەراج "هەڵکشان بەرەو لووتکە"ی چاپکرد، دکتۆر نافیع ئاکرەیی "بوهژین"ی چاپکرد. لە شاخیش دوور لە سانسۆری حکومەت "محەمەد موکری"

ڕۆمانەکانی "سەگوەڕ" و "تۆڵە" و "هەرەس"ی بە دوو بەرگ چاپکرد، "حەمە کەریم عارف"یش "کۆچی سوور"ی چاپکرد. لە ئەورووپاش بەتایبەتی لە سوید هەندێك ڕۆمان بە زمانی کوردی چاپکران لەوانە ڕۆمانی "مرنا کاڵەکی ڕەند" و "هاوارا دیجلەیێ" محەمەد ئوزۆن بە دیالیکتی کرمانجی ژووروو.

دیارە ڕووداوی سیاسی و باسی خەباتی ڕەوای کورد، ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ و داخی کوردستان بووە هەوێنی چاو هەڵهێنانی ئەم بەرهەمە تازانە. زمانی ڕۆمانەکانیش پاراو ترو پوخت تر و چڕتر کراونەتەوە ئەمە لەپاڵ دیاردەی بایەخدان بە شێوەزاری ناوچەیی جوتیاران لەم ڕۆمانانەدا هەروەها باس لە کێشەی گوند نشینەکان دەکەن وەکو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش. ئەگەر چی لەم قۆناغەشدا شێوازی گێڕانەوە بە زۆربەی ڕۆمانەکانەوە دەبینرێت هەست بەوەش دەکرێت کە ڕۆمان نووسەکان بایەخیان بە تەکنیکی نوێو مۆنۆلۆج داوە سەرکەوتووانەش بە کاریان هێناون.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم قۆناغە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کە ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی نەوەدەکان زۆر زیاتر پێشبکەوێت، گەشەسەندنێکی وا بەخۆیەوە ببینێت کە هەرگیز گەشەسەندنی وای بە خۆیەوە نەبینیبێت.

لەپاڵ ئەم ڕۆمانە کوردییانەدا کۆمەڵێك ڕۆماننووسی کورد هەن کە بە زمانی بێگانە ڕۆمان دەنووسن بە ڕەچەڵەکیش کوردن و ناوبانگی جیهانییان هەیە وەك "یەشار کەمال" کە بە تورکی دەنووسێت و هەندێك لە ڕۆمانەکانی کراون بە کوردی وەك "ئەفسانەی چیای ئاگری" و "حەمەدۆك" بە چوار

بەرگ "کاریتە" و هی تر... (سەلیم بەرەکات) بە عەرەبی دەنوسێت کە کوردێکی سوریایە وەك ڕۆمانەکانی "پەڕ" و "دلشاد" کە کراون بە کوردی یان (ئیبراهیمی یونسی) کە بە فارسی دەنووسێت کە ڕۆمانی "دایکم دوو جار گریا" کراوە بە کوردی ئەم ڕۆمانەی دەربارەی کارەساتی ئەنفالکردنی گەلی کوردە لەلایەن ڕژێمی بەعسی درندە، هەروەها، (عەبدولمەجید لوتفی) کە ئەویش بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی دەنووسییەوە وەك ڕۆمانی "پێشبینی لێزانە قەرەجەکان" کە کراوە بە کوردی لەلایەن شوکر مستەفا.

ئەگەر چی ئەم ڕۆمانانە لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێن بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە بەشێکی زۆریان باسی ژیان و خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەکەن.

نموونەی شیعری

بابا تاهیری هەمەدانی

(٩٣٧ – ١٠١٠)ز

بابا تاهیری هەمەدانی، ناوی تاهیرە، (بابا) یان پێ وتووە چونکە یەکێ بووە لە پیاوە چاکەکانی (ئەهلی هەق)ی ئاینی یارسان.

ساڵی لە دایکبوونی بابا تاهیر ئاشکرا نییە، لە زۆر سەرچاوە باسی کراوە، بەڵام بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان لە ماوەی نێوان نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازدەمی زاینی ژیاوە، لە دایك بوون و کۆچی دوایی بە ساڵانی (٩٣٧ز – ١٠١٠ز) دیاری کراوە.

شیعرەکانی بابا تاهیر بە شێوەزاری (لوڕ)ی نووسراوە، کە یەکێکە لەو شێوەزارانەی کە بەشێك لە ئەدەبیاتی کوردی پێنووسراوە، زۆربەی شیعرەکانی بابا تاهیر (دوو بەیتە) کە بریتییە لە چوار نیوەدێڕ، قافیەی نیوەدێڕی (یەکەم و دووەم و چوارەم) وەکو یەکە، بەڵام قافیەی نیوە دێری سێیەم جیاوازە، جگە لە شیعری (دوو بەیتی) نزیکەی (٥) پێنج (غەزەل)یشی هەیە.

بابا تاهیر لە شیعرەکانیدا فەلسەفەیەکی قووڵ و واتایەکی بەرزو جوان دەدرەوشێتەوە.

نموونە لە دوو بەیتەکانی بابا تاهیر:

مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
بەموو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
ئەگەر دەستوم ڕەسەد خونت وەرێژوم
بوینم تا چ ڕەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ

وشه : واتا

موو : من

بەموو: لەگەڵ من

دەستوم ڕەسەد: بکەویە بەر دەستم

بوینم: ببینم

خونت وەڕێژوم: خوێنت دەرێژم

(دیارە تۆ وەکو شێر و پڵنگی ئەی دڵ، هەمیشە لەگەڵ من لە جەنگ دای، ئەگەر بکەویە بەر دەستم خوێنت دەرێژم، بۆ ئەوەی ببینم ڕەنگت چۆنە).

مەولەوی

(١٨٠٦ – ١٨٨٢)ز

ناوی (عەبدول رەحیمی)ە، کوڕی سەعیدە، لە هۆزی (تاوەگۆزەییە)، لە ساڵی (**١٨٠٦ز**) لە خاکی جوانڕۆ لە دێی (**تاوەگۆز**) لە دایکبووە، لە ساڵی (١٨٨٢ز) لە گوندی (سەرشاتە) کۆچی دوایی کردووە. مەولەوی مەلایەکی یەکجار شارەزا بووە، بە تایبەتی لە عەقیدە دەستێکی باڵای هەبووە، لەسەرەتا نازناوی (مەعدومی) ئینجا (مەولەوی) کردۆتە نازناوی خۆی.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سروشتی کوردستان، کاریگەری تەواوی لەسەر شیعرەکانی مەولەوی هەیە، کە شیعری بۆ هەر چوار وەرزی ساڵ و کوێستانەکانی جافایەتی گوتووە، لەگەڵ شیعری دڵداری و ئاینی و لاواندنەوە و..... هتد.

دیارە کە سەرجەم شیعرەکانی بە شێوەزاری (هەورامی) نوسیوە.

مەولەوی جگە لە دیوانەکەی، چەند بەرهەمێکی تری هەیە، بەتایبەتی لەسەر (عیلمی کەلام) کە دەستێکی باڵای لەو زانستە هەبووە وەك: (الفضیلة، العقیدة المرضیة، الفوائح) و هەروەها نامیلکەیەکی بە زمانی فارسی هەیە، کە باسی ئوسولی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات.

نموونەیەك لە شیعری مەولەوی

ئەم پارچە شیعرە کە دەربارەی سروشتە، تیایدا وەسفی سەرچاوەی (زەلم) دەکات:

١) وەهاران سەیرەن، سەوزەی دیـــــاران
نـم کەوت نە دیدەش، چون شەو بێداران

٢) پـــەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان
ســـــایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان

٣) بـــۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانـۆ وەنـەسیم جـێب جـەمـین گـــوڵ

٤) چـــون دێـوانـەی شـۆر ئـازیز نەسەردا
شـــە تـاو سەرهۆرگرت وەدەشت و دەردا

٥) تـــوولانی چون هیجر خاتـــر پرداران
ڕەوان وێنەی وەصـــڵ گەردن بێ گەردان

٦) های جەشنۆی وەش ڕۆح ئەفزای کاوان
ئـــای جەشاخەی تـاف ساف ســــەرداران

دوو دێری یەکەم بۆ لەبەر کردنە

لێکدانەوەی شیعرەکە :

١- واتە: بەهارە وەختی تەماشایە، سەوزە گیای دەشت و کێوەکان ئاونگ نیشتووەتە سەر چاویان، وەك پیاوانی خوا کە شەو ناخەون، بیر لە خوا دەکەنەوەو فرمێسك لە چاویانا دەدرەوشێتەوە.

٢- (مانیا) واتە (ماندوو) واتە: خێوەتی گوڵاڵەکان سێبەریان بۆ دڵی ماندووی پڕ لە خەفەتەکان کردووە.

٣- (مانۆ) واتە (ئەشوبهێ)، (جێب) واتە (سینگ و بەرۆك): بۆنی بەرە بەیان لە هەوای سینگ و بەرۆکی نازداران دەچێت، لە خۆش کردنی دەماخی دڵدا.

٤- (شۆڕ) واتە (عەشق): مانای ئەم دێرە لەگەڵ دێرەکانی دوای خۆی لێك دەدرێتەوە.

٥- (تووڵانی) واتە (درێژ): لافاوی بەهار سەری خۆی هەڵگرتووە رێگای دەشت و دەری گرتووە، وەك دڵدارێك کە عەشقی یار لە دڵی عاشقی دەردەداران، ساف و مەنگە وەك گەیشتن بە یاری گەردن بێ گەرد.

٦- (وەش) واتە (خۆش)، (شاخە) واتە (هارە): مانای ئەم دێرەش لەگەڵ دێری دوای خۆی لێك دەدرێتەوە.

پرتەوی هەکاری

(١٧٥٦– ١٨٢٥)ز

ناوی مستەفا بەگی کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی محەمەد کوڕی ئێزدین شێرە، بە بنەماڵە لە میرانی ناوچەی هەکارییە.

نازناوی (پرتەوی هەکاری) یان (شاپرتەوی هەکاری) بۆ خۆی داناوە، لە ساڵی (١٧٥٦)ز، لە ناوچەی هەکاری لە دایکبووە، لەگەڵ ئەوەی زانیاری تەواوی لە ژیانی نەماوەتەوە، بەڵام وەك دەرکەوتووە لە ساڵی (١٨٢٥)ز کۆچی دوایی کردووە.

ناوچەی هەکاری وەك ناوەندێکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەند کاریگەری هەبووە، بۆ خەملاندنی چێژو خەیاڵی پرتەو، چونکە ناوچەی هەکاری شوێنی لەدایکبوون و ژیانی هەندێ لە زاناو شاعیرە هەڵکەوتووەکانی وەك (عەلی تەرەماخی و عەلی حەریری و فەقێی تەیران و مەلایی باتەیی و ئەحمەدی خانی) و گەلێکی تر بوون، هەر بۆیە بەناوەندێکی گەورەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستانی باکووردا دەرکردووە.

لە ڕووی ڕووخسارەوە، وەکو هەموو شاعیرە کلاسیکەکانی تری ئەدەبی کوردی، شیعرەکانی لە (غەزەل و قەسیدە) پێکهاتووە، جگە لەمانە کۆمەلێك چوارین و پێنجین و موستەزادی هەیە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، موناجات و ستایشی پێغەمبەر و دڵداری و وەسفی خۆشەویست و سروشت، هەموو لایەنێکی شیعرەکانی گرتۆتەوە.
شیعرەکانی بە زاری کرمانجی سەروو نوسراوە، کە یەکێکە لەو زارانەی بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کوردی پێنووسراوە لە کۆن و ئێستادا.

نموونەیەکی شیعری (پرتەوی هەکاری) لە هونەری موستەزاد

ئیرۆکە م تـالیع سەحەریێ دلبەری سەلما
مەشیا ب خرامان
مەستانە وەش، کە چ کولەھ و قـامەتی ڕەعنا
شەنگا شەبی ڕیحان
ئەڤ شیوەو ئەڤ عیشوەو ئەڤ ناز و نەزاکەت
ئەسلن م نەدی بوون
یا ڕەب ژ هەمی دەردە و بەلا و ئافاتی دنیا
حافز کو ب یـەزدان

(هەمووی بۆ لەبەرکردنە)

لێکدانەوەی شیعرەکە :

١- ئیرۆکە: ئەمرۆکە، م: من، تالیع: بـەخت، مەشیا: ڕۆیشـت، واتـە (ئـەمڕۆ بەیانی زوو، بەختم وا دەرچوو، کە دولبەری سەلما ڕۆیشت بە خەرامان).

٢- وەش: ڕۆیشت، کە: کو، کو لەھ: بەرز و قیتو قۆز، واتە (ڕۆیشـتنێکی بـە لەنجەولارو (سەرخۆشانە) و بەرزو قیت، بەژن و باڵای وەکو شـەنگەبی ناسـك لە شێوەی ڕێحان).

٣- ئەڤ: ئەم، واتە(ئەم شێوە ڕۆیشتنەو ئەم عیشوەتەو ئەم نازە و نەزاکەتە هەرگیز هاوتای نییە، من نەم دیوە.

٤- خوایە لە هەموو دەرد و بەڵاو ئافاتی دونیا بیپارێزی، لەبەر خاتری نـاوی خۆت (یەزدان).

حەمدی

(١٨٧٨ – ١٩٣٦)ز

ناوی ئەحمەدە کوری فەتاح بەگی حاجی ئیبراهیم بەگی مەحمود بەگی ساحێبقرانە، لە ساڵی ١٨٧٨ز لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە شەوی (١٢)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٦)ز کۆچی دوایی کردووە لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی نێژراوە.

شیعرەکانی حەمدی بەزاری کرمانجی خوارووا نووسراوە وەك هەر شاعیرێکی کلاسیکی کوردی، کێشی عەرووزی عەرەبی، یەك سەروای بەکارهێناوە، بنیاتی شیعرەکانی جگە لە قەسیدەو غەزەل، گەلێ تەرجیع بەندە و تەرکیب بەند و چوارینی هەیە.

لە ڕووی ناوەرۆکەوە شیعری (نیشتمانپەروەری و ئاینی و دڵداری و وەسفی سروشتی کوردستان)ی هەیە. حەمدی خاوەن بیرو باوەڕێکی کوردانەی بەرزبووە، هەر بۆیە شیعرەکانی ڕاستگۆیانە لە دڵ و دەرونێکی پاکەوە هەڵقوڵاوە.

نموونەیەك لە شیعری حەمدی كە لە ساڵی ١٩٢٧ وتویەتی:

كوردستان

ئەی وەطەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی كوردستانتە

ئیفتخاری میللەتی كورد شەوكەتی عینوانتــە

بەستە سەربەرزی ئێواران، سبەینان مانگ و ڕۆژ

وەك نیشانی ئیفتخاری سنگ و نەجمەی شانتە

بەرق ئەدا و ئەرژێ وەكو ئەمواجی گەوهەر چەشمەكان

ئــاوە یــا ڕۆحــی ڕەوانی چەشــمەی حەیــوانتــە

ئاوە یا نوورە لە عەكسی خۆر كە ئەبریسكێتەوە

ئەهلی حیكمەت وا ئەزانێ دوڕەكانی (كان) تە

گوڵگوڵی سوور و سپی خاڵخاڵی خاكی ڕەش ئەڵێ

بۆ درەیی و روخسار و سورمەی رشتنی چاوانتە

عاشقی ڕەنگی خەزانی تۆیە بۆیە دێ بەهار

فەسڵی هاوین گەرمە مەیلی بەفرەكەی زستانتە

(دوو دێر بۆ لەبەركردنە)

(كان) واتە مەنجەم، ئەو شوێنەی كانزای لێ دەردێت.

بەشی ڕەوانبێژی

د. عزیز گەردی

پێداچوونەوەی زانستی

سادق ئەحمەد عوسمان　　محسن احمد كريم

فاروق نورالدين ئاغۆك

ژ	ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەشی ڕەوانبێژی	ژمارەی لاپەڕە
١	ڕەوانبێژی	١٩٩
٢	لێکچواندن	١٩٩
٣	خواستن	٢٠٥
٤	ڕەگەزدۆزی	٢٠٩
٥	دژیەك	٢١٤
٦	جوانی بایس	٢١٧
٧	تێهەڵکێش	٢١٩
٨	سەرچاوەکان	٢٢٢

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی ئەوەیە قسەو هۆنراوە ڕەوان و جوان و کاریگەر بێ و لەگەڵ بار و دۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسەکردنەکە بگونجێت بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بە ڕوونی لە خوێنەر بگەیەنێ و چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات. ئەمەش بە هەڵبژاردنی وشەی لەبارو دارشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیربێژییانە دێتە دی.

زانستی ڕەوانبێژی لەو هونەر و دەستوور و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە مایەی رەوانی و جوانی کاریگەری قسەو پاراستنی لە لێڵی و شل و شێواوی.

لێرەدا باسی بەشێکی کەم لە بابەتەکانی رەوانبێژی دەکەین:

لێکچواندن

ئ- پێناسەی لێکچواندن : لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە. بۆ ڕوون کردنەوەو چەسپاندنی سیفەتی شتێك، ئەو شتە لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت کە سیفەتە مەبەستەکەی تێدا زاڵە، بۆ ئەوەی سیفەتەکە بەم بەراوردە ڕوون بێتەوەو بەزێدەڕەویی دەربکەوێت. ئەو شتەی بابەتی باسەکەیە پێی دەگوترێ (لێچوو) و ئەوەی بۆ بەراورد و ڕوونکردنەوە ناوبراوە پێی دەگوترێت (لەوچوو). سیفەتی هاوبەشی نێوان ئەم دوو بنەڕەتە پێی دەگوترێت (رووی لێکچوون) و دەشێ ئامرازێکیش هەبێت دوو بنەڕەتەکە بەیەکەوە ببەستێت پێی دەگوترێت (ئەوزاری لێکچواندن).

نموونەیەك:

دڵم هەروەك سەماوەر پڕ لە جۆشە
خەریکی سۆز و گریان و خرۆشە

لەم دێڕەدا. لێکچواندن لە نیوەی یەکەمدایە. (ناری) دەیەوێ باسی دڵی پڕ جۆش و خرۆشی خۆی بکات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆش و خرۆشە دڵی خۆی لەگەڵ سەماوەر بەراورد کردووە کە هەمیشە لە کوڵ و جۆشدایە. بابەتی باسەکە دڵی شاعیرە، ئەمە (لێچوو)ە، سەماوەر بۆ ڕوون کردنەوەی سۆز و خرۆشی دڵی شاعیر هاتووە، ئەمە (لەوچوو)ە. سیفەتی هاوبەشەکە جۆش و خرۆشە، ئەمە (ڕووی لێکچوون)ە (هەروەك)یش ئەوزاری لێکچواندنەکەیە.

ب- بنەڕەتەکانی لێکچواندن:

لێکچواندن بە گشتی لە چوار بنەڕەت پێك دێت:

١- (لێچوو) ئەمە بابەتی باسەکەیە. لە هەموو بنەڕەتەکان لە پێشترە، چونکە باس باسی ئەمە. ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون.

٢- (لەوچوو) ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی (لێچوو) دێت کە بەراوردەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

ئەم دوو بنەڕەتە (لێچوو و لەوچوو) بنەڕەتی بنچینەیین لە لێکچواندندا. بەبێ ئەم دووە لێکچواندن دروست نابێت هەر کام لەم دووە لابدرێت لێکچواندنەکە نامێنێت.

٣- (ڕووی لێکچوون) سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەیە ئەم سیفەتە لە لێکچواندنی ئاساییدا، لە (لێچوو) بێ هێز و لە (لەوچوو) بە هێزە.

٤- (ئەوزار) ئەو وشەیە کە دەوری بەیەکەوە بەستنی هەردوو بنەڕەتی بنچینەیی لێکچواندن (لێچوو و لەوچوو) دەگێڕێ. ئەمە هەندێ نموونەی ئەوزاری لێکچواندنن: (وەك ، وەکو ، هەروەك ، لەو دەکا ، لەو دەچێ ، ئاسا، چون ، وێنەی ، چەشنی...)

ئەم دوو بنەڕەتەی دواوە (ڕووی لێکچوون و ئەوزار) بنەڕەتی بنچینەیی نین، بۆیە دەشێ باس بکرێن و دەشێ فڕێ بدرێن.

نموونە:

دڵم زنجیر ئەکەم ئەمما لە یاری دڵڕوبا چ بکەم؟
ڕەگم وشکە وەکو پووشە، لە قووەی کارەبا چ بکەم؟

(قانیع)

لێکچواندن لە نیوەی دووەمدایە ((ڕەگم وشکە وەکو پووشە..)) قانیع ڕەگی خۆی لە وشکایەتیدا بە پووش چواندووە. بنەڕەتەکانی لێکچواندنەکە ئەمانەن:

١- ڕەگی شاعیر: لێچووە

٢- پووش: لەوچووە

٣- وشکایەتی: ڕووی لێکچوونە

٤- وەکوو: ئەوزاری لێکچواندنە

پ- بنەڕەتە باسکراوەکانی لێکچواندن:

- بۆی هەیە هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن هاتبن وەکو دوو نموونەکەی سەرەوە.
- بۆی هەیە سێ بنەڕەت هاتبن ئەمەش دوو جۆرە:

ئـ- بۆی هەیە سێ بنەڕەتە باسکراوەکان (لێچوو و لەوچوو و ئەوزار) بن و ڕووی لێکچوون نەهاتبێ. نموونە:

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ

(نالی)

لە نیوەی دووەمدا، لێکچواندنەکە بریتییە لە (شەرابم عەینی زەهری مارە) بەبێ یار شەرابی خۆی بە زەهری مار چواندووە. لەم لێکچواندنەدا، تەنیا سێ بنەڕەت هاتوون.

١- شەرابی شاعیر: لێچووە

٢- زەهری مار: لەوچووە

٣- عەینی: ئەوزارە

(ڕووی لێکچواندن) کە کوشندەییە، نەهاتووە چونکە خوێنەر خۆی دەیزانێت.

ب- بۆی هەیە سێ بنەڕەتە باسکراوەکان (لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێکچوون) بن و ئەوزاری لێکچواندن نەهاتبێ، نموونە:

کوڕ ئایینەیێ جەمالێ زاتن

کەچ مەظهەرێ پورتەوا صیفاتن

(خانی)

لە نیوەی یەکەمدا، لێکچواندن لە (کوڕ ئایینەیێ جەمالێ ذاتن) دایە خانی (کوڕی) بە (ئاوێنە) چواندووە کە جوانی زات پێشان دەدەن.

١- کوڕ: لێچووە

٢- ئایینە: لەوچووە

٣- جەمالی زات پێشاندان: ڕووی لێکچوونە

(ئەوزار) نەهاتووە

– بۆی هەیە تەنیا دوو بنەڕەتە بنچینەییەکە(لێچو ولەوچوو) هاتبن و دوو بنەڕەتە نابنچینەییەکە (رووی لێکچوون و ئەوزار) نەهاتبن وەك:

دەمێك بوو چاوەڕێ ی بەفرێکی وا بووم مژدە بیٚ باری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یـــاری

(پیرەمێرد)

لێکچواندن لە(سەری شاعیرە) کە بە(بەفر)ی چواندووە.

سەرم: لێچووە

بەفر: لەوچووە

ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتووە.

پرسیار

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا، لێکچواندن دەربێنەو بنەڕەتەکانی لەیەک جیا بکەرەوە:

١- ئەمن کێوم، سەرم شاخە، هەناسەم
نەسیمە، چاوەکانم، مێزەرم، تەم (حاجی قادری کۆیی)

٢- قەلبێ مە شوبهێ زێری ژ فەیزاتە جەلا گرت
ما رووسیەه و سیفر سیفەت رەنگی سەدا گرت (جزیری)

٣- دێ بەتاو ئەشکی دوو چاوم هەروەکوو دیجلەو فورات
مەزرەعەی غەم سەوزە، تێراوە لەبەر ئەم دوو شتە (کوردی)

٤- تاکەی چون مەجنوون وێڵی هەردان بم؟
تاکەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟ (مەولەوی)

٥- لارو لە نجەت، بەستەیە، مۆسیقایە، گۆرانی یە
بەژن و بالآکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە. (هەردی)

٦- ئەیلەفەڕ دل، تو ئافتابی
تەن شبهی کەتان، تو ماهتابی (خانی)

خواستن

ـ- پێناسـەی خواستن: خواستن ئـەو لێکچواندنەیە کـە تـەنیا یـەکێ لـە دوو بنەڕەتە بنچینەکەی هاتبێ و ئەوی تر نەهاتبێ.

نموونە:

ئیلاهی! نەرگزا مەی مەست و نازك
ژ دەستی خوار و بەدخواهان بپارێز

(جزیری)

(ئیلاهی: خودایە، مە = ئێمە، ژ: لە ، خوار: لارو خراپ، بەدخواه: بەد نیاز)

خواستن لـە وشـەی (نـەرگز) دایـە. مانـای وشـەکە جـۆرە گوڵێکـە. جزیـری یارەکەی خۆی بە (نـەرگز) چـواندووە (یـار) (لێچـووە)، (نـەرگز) (لەوچـووە) (مەست و نازك) (ڕووی لێکچوونە) (ئەوزار) نەهاتووە. بەڵام لەو لێکچواندنەدا دیارە (جزیری) لە دوو بنەڕەتـە بنچینەییەکە (یـار ، نـەرگز) تـەنیا یـەکێکی هێناوە (لەوچوو – نەرگز). ئـەوی تـری فـڕێ داوە (لێچـو – یـار) لـەم دێـڕە شیعرەدا (نەرگز) بۆیار بەکارهاتووە.

نموونەیەکی تر:

وانەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەرئەکا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکا

(هەردی)

لەم دێڕە شیعرەدا خواستن لە (دەستی غـەم) دایـە. لەبـەر وشـەی (دەسـت) یەکسـەر بیرمـان بـۆ ئـەوە دەچـێت کـە (غـەم) بـە (مرۆڤـ) چـوێنراوە. غـەم (لێچووە). مرۆڤـ (لەوچووە). ئەمە دوو بنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچـواندنن. لەم دووەدا تەنیا (لێچوو – غەم) هاتووە، (لەوچوو – مرۆڤـ) نەهاتووە.

ب. جۆرە سەرەکییەکانی خواستن:

خواستن لە رووی دەرکەوتنی یەکێ لە دوو بنەڕەتە بنچینەییەکەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

١- خواستنی ئاشکرا: ئەو خواستنەیەکە لە دوو بنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندن تەنیا (لەوچوو) هاتبێت و (لێچوو) فرێ درا بێت.

نموونە:

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

ئاڵتوونی دار ئەرژێ بگریـــــن

(گۆران)

خواستن لە وشەی (ئاڵتون) دایە. لەبەر وشەی (دار) دەزانین مەبەست لە وشەی (ئاڵتوون) ئاڵتوونی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو گەڵای زەردە. واتە گۆران گەڵای زەردی بە ئاڵتوون چواندووە: گەڵای زەرد (لێچووە) ئاڵتوون (لەوچووە). لەم دووە (لێچوو- گەڵای زەرد) فرێ دراوە و تەنیا (لەوچوو - ئاڵتوون) باس کراوە. ئەم جۆرە خواستنە، کە (لەوچوو) هاتبێ و (لێچوو) فرێدرابێ پێی دەگوترێ (خواستنی ئاشکرا).

٢- خواستنی درکاو:

تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگـــــرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو

(نالی)

(چەمەن ئارا: ڕازێنەرەوەی چەمەن، وانەبوو: نەکرایەوە)

لە نیوەی یەکەمدا خواستن لە (تا نەگریا ئاسمان) دایە. لەبەر وشەی نەگریا (نەگریا) دەزانین (ئاسمان) بە (مرۆڤ) چوێنراوە. ئاسمان (لێچووە)، مرۆڤ

(لەوچووە). لێرەدا تەنیا (لێچوو — ئاسمان) هاتووە و (لەوچوو — مرۆڤ) فڕێ دراوە، ئەوەندە هەیە (گریان)ی مرۆڤ دراوە بە ئاسمان کە نیشانەی خواستنەکەیە.

لە نیوەی دووەمدا، خواستن لە (لێوی غونچە وانەبوو) دایە لەبەر وشەی (لێو) دەزانین (غونچە) بە (مرۆڤ چوێنراوە). غونچە (لێچووە). لێرەدا تەنیا (لێچوو — غونچە) هاتووەو (لەوچوو — مرۆڤ) نەهاتووە. (لێو) نیشانەی خواستنە.

ئەم جۆرە خواستنە کە (لێچوو) بگوترێ و (لەوچوو) فڕێ بدرێ پێی دەگوترێ (خواستنی درکاو).

پرسیار

لەم دێڕە شیعرانەدا خواستن دەربێنەو بنچینەکەی ڕوون بکەوەو جۆرەکەی دیاری بکە:

١- لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ
مانگێك هاتە دەر پڕ لەخەت و خـــاڵ!!

(حەمدی)

٢- شێر لەبێشە دەرپەڕی دەست بەخەنجەر
ڕوو بەڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنــــــان

(سالم)

٣- ئەو هەردوو نیهالی عەرعەرا شەنگ
ڕوو نیشتنی میسالی غونچە دڵتەنگ

(خانی)

٤- ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبنی بەفری گـــــــران
کانی پێی سڕ بوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی

(حاجی)

٥- ئەڵێن ساڵ دوانزە مانگە
من مانگم دی چواردە ســـاڵە

(پیرەمێرد)

٦- چاوەکەم ئەمڕۆ لەگوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نـــواند
نەك نمەك گیربم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند

(حەریق)

ڕەگەزدۆزی

ئـ- پێناسـەی ڕەگـەزدۆزی: ڕەگـەزدۆزی ئەوەیـە دوو وشـە یـان زیـاتر لـە شێوەدا، واتە لە دەنگەکان وەکو یەك وا بن یـان لەیەکـەوە نزیـك بـن، بـەڵام مانایان جیا بێ. ئەگەر یەك مانایان هەبێ ڕەگەزدۆزی دروست نابێت.

نموونە:

ئەگەر خاڵت بڵێم مشکی خەتـای
عەزیز من ئەمەم عەینی خەتـایە

(حاجی)

لە کۆتایی هەردوو نیوە دێڕدا، وشەی (خەتا) هاتووە، هەردوو وشەکە لە شـکڵدا یـەك شـتن بـەڵام لـە مانـادا جیـان. یەکـەمیان (خـەتا) شـوێنێکە لـە تورکستانی چین، کەچی دووەم بەمانای گوناه و تاوان هاتووە.

نموونەیەکی تر:

بە ئـاه و گریان دیسان هاتەوە هەوری نیسـان
جگەر پڕئـاو و ئـاور وەك عـاشقی بێ قـــــەرار

(وەفایی)

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزی لە وشەکانی (ئـاو) و (ئـاور — ئـاگر) دایـە. ئـەم دوو وشەیە هەر چـەندە لـە شـکڵدا کـت ومـت وەکـوو یـەك نـین بـەڵام لەیـەك نزیکن. جیاوازییان تەنیا ئەوەیە کە وشەی (ئاور) یەك دەنگ (ر)ی کۆتایی لە وشەی (ئاو) زیاترە.

ب– جۆره سەرەکییەکانی ڕەگەزدۆزی: ڕەگەزدۆزی دوو جۆری سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو.

١- ڕەگەزدۆزی تەواو:

ئەوەیە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی دەیانگرێتەوە، لە شکڵدا کت و مت و بێ جیاوازی وەکو یەك وابن. واتە لەم خاڵانەی خوارەوە وەکوو یەك بن:

- ژمارەی دەنگەکان
- جۆری دەنگەکان
- ڕیزی دەنگەکان

نموونە:

ئەوەی ڕێگەی لەکوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خوا لە ئەلحەدو گۆڕی

(مەلای گەورە)

رەگەز دۆزی تەواو لەنێوان وشەی(گۆڕی) ی کۆتایی نیوەی یەکەم و (گۆڕی)کۆتایی نیوەی دووەمدایە، ئەم دوو وشەیە روخساریان وەکوو یەك وایە، بەلاّم مانایان جیاوازە؟ یەکەمیان واتە ڕێگە لێ گۆڕین کە کارە، بەلاّم دووەمیان ناوە واتە(قەبر).....

٢- ڕەگەزدۆزی ناتەواو:

ئەوەیە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی دەیانگرێتەوە لەشکلدا کت و مت وەکو یەك نەبن، جیاوازییان هەبێ بەڵام لەیەکەوە نزیك بن.

جیاوازییەکە دەبێ تەنیا لە یەکێ لەم خاڵانە بێت:

- ژمارەی دەنگەکان
- جۆری دەنگەکان
- ڕیزی دەنگەکان

بۆی هەیە وشەکان لە ژمارەی دەنگەکانەوە جیاوازبن، واتە یەکێ لە وشەکان دەنگێك یان ئەگەر وشەکە درێژ بوو، دوو دەنگ لەوەی دی زیاتر بێ. زیادەکەش لەواتە لە سەرەتا یان لە ناوەڕاست، یان لە کۆتایی وشەکە هاتبێت. نموونە:

مەعشووق تویی ب فەخر و نازی

عاشق تویی لێك بێ نیـــــازی

(خانی)

ڕەگەزدۆزی لە وشەکانی (ناز) و (نیاز) دایە، دووەمیان (نیاز) یەك دەنگ (یـ) لە یەکەمیان (ناز) زیاترە و دەنگە زیادەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی وشەکەوە (ـ یـ ـ).

- یان وادەبێ وشەکان لە جۆری دەنگێك جیاوازبن، جا ئەو دەنگەی گۆڕاوە چ لە سەرەتا، یان لە ناوەڕاست، یان لە کۆتایی بێ.

نموونە:

پیری بە تەنیا رەحمەتە

پیری و هەژاری زەحمەتە (حەمدی)

– له دێره شیعرەکەدا ڕەگەز دۆزی ناتەواو لەنێوان ووشـەکانی (ڕەحمەتـە) و (زەحمەتە) دا هەیە چونکە دەنگی یەکەمیان جیایە.

– بۆی هەیە وشەکان له ڕیزبوونی دەنگەکان جیابن. نموونە:

یەك زێدە شیرین زیادە مەحبـــوب

یەك ڕووحی قولووب حووری مەقلوب

(خانی)

له نیوەی دووەمدا، ڕەگەزدۆزی له وشەکانی (ڕووح) و (حوور) دایە. ئەم دوو وشـەیە لـە ژمـارە جـۆری دەنگـەکان وەکـوو یـەکن، بـەڵام ڕیـزی دەنگـەکان گۆڕاوە.

	١	٢	٣
یەکەم	ر	وو	ح
دووەم	ح	وو	ر

پرسیار

لەم دێرە شیعرانەی خوارەوەدا، ڕەگەزدۆزی دەربێنەو جۆرەکەی بنووسەو دیاری بکە:

١- ئەی خامە تەژی گەلەك درێژ کر

ئەڤ نامە بەسە تە پـــڕ قـرێژ کـر

(خانی)

٢- ئێمە هەر چەندە کە قەومێکی زۆرین

بەڵام چونکە قەومێکی خۆخۆرین

بۆیە دائیما والەژێر دەستی زۆرین (بێ کەس)

٣- با نەچێتە لای رەقیبان، یار ئەنیسی خانە بێ

لازمە ئەو ئاسکە لـــەولانەبێ لـــەولانـــــەبێ

(زێوەر)

٤- شکانیان کەمانچەی دەستم

بەڵام زوو فریاکەوت هەستم

(کامەران موکری)

٥- گوڵ لەناو باخا پێکەنی تـــــــــا رۆژ هەڵات

گوڵ لەناو ماڵی منا پێ ی پێکەنی تا رۆژهەڵات

(حەریق)

٦- قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پڕشنگی نیگـــا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

(گۆران)

دژیەك

ئـ- پێناسـەی دژیـەك: دژیـەك ئەوەیـە دوو وشـە دژو پێچـەوانەی یـەكتربن. وەكــوو: گــەورەو بچــووك، پــاك و ناپــاك، مــردن و ژیــان، بــەهێز و بــێ هێز.....نموونە:

مەژی بــۆ مردن، بمرە بـــۆ ژیان
چۆن قازانج ئەكەی تا نەكەی زیان

(برایم ئەحمەد)

(لەم دێرە شیعرەدا دژە یەك لەنێوان ئەم وشانە دا هەیە

مردن × ژیان

قازانج × زیان

ئەكەی × نەكەی

ب- جۆرە سەرەكییەكانی دژیەك: دژیەك دوو جۆری سەرەكی هەیە:

ئـ- دژیەكی ئەرێ: ئەوەیە وشەكان هەریەكە لە رەگەزێكی سەربەخۆ بن، لە مانـادا دژو پێچـەوانەی یـەكتر بـن وەكـوو (خەنـدەو گریـان، تـاڵ و شـیرین، سەركەوتن و ژێركەوتن.......هتد) وەكوو:

چ رووناكی بێ، چ تاریكی، چ نزمی بێ یـــا بــــەرزی
بە خۆشی بێ وەیا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەسەر ئــــەرزی

(پیرەمێرد)

دژە یەكی ئەرێ لەم دێرە شیعرەدا ئەمانەیە:

رووناكی × تاریكی

نزمی × بەرزی

خۆشی × تاڵی

ب- <u>**دژیەکی نەرێ:**</u> ئەوەیە دوو وشەکە بە نەفی یان نەهی بووبن بە دژیەك وەکوو پاك × ناپاك ، مەرد × نامەرد ، بڕۆ × مەڕۆ ، بەهێز × بێ هێز...

<u>**نموونە :**</u>

ئەی کوردی جەفا دیدە بەسە قەیدی ئەسارەت

نادان بە کوتەك حاڵی دەبێ، دانا ئیشـــارەت

(قانیع)

دژیەك لە نێوان (دانا × نادان) دایە. کە هەردوو وشەکە لەیەك ڕەگەزن بەڵام بە نەفی بوونەتە دژیەك.

پرسیار

لەم دێڕە شیعرانەدا چی دژیەك هەیە دەری بێنەو جۆرەکەی دیاری بکە:

١- گەلێکم رۆژگاری تاڵ و شیرین رابوارد ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا ببینم سەردەمێکی تـــــر

(هێمن)

٢- ئەوەی ڕزقی موقەڕەڕە بۆخۆی دێ
سەد دەفعە بخوازێ یـــا نەخوازێ

(حاجی)

٣- یارم لە ئەندەروون هات دەستی رەقیب لەدەستا
غەمناك و شادمانم، رەحمەت عەزابی هێنـــــا

(سالم)

٤- نێرگزێن شەنگ و مەستن چەپ و راست
ساقیان جام و دەستن چەپ و راست

(جزیری)

٥- دژمن ل مەشانە دۆست غەمگین
فەرزە مرنا چەکۆ و تـــاجدین

(خانی)

٦- ئەگەر دۆستم، ئەگەر دوژمن بزانم
ئەوەندەم تێگەیێنە کامەیـــــانم

(مەدهۆش)

جوانی بایس

ئەوەیە دیاردەیەك هۆی دروست و راستەقینەی خۆی هەبێ، بەلآم ئەو هۆیە بخرێتە لاوە بۆ جوانکردن و رازاندنەوەی شیعرەکە هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێ کە زۆر دوور بێت لە هۆیە درووست و راستەقینەکەی خۆی.

وەکوو لەم هۆنراوەیە

مانگی نویٚ بۆیە هەموو شەو زیاد ئەکاو ئەشنێتەوە

تا جەمالی هەروەکو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە

کاتیٚ بوو بە چواردەهەم شەو تیٚ ئەگا نابیٚ بە ڕووت

جا لە داخا وورده وورده کەم ئەکا و ئەتوێتەوە[1]

(عەلی کەمال باپیر)

لێرەدا شاعیر زۆر وەستایانە دەیەوێت بە خۆشەویستەکەی بلێت کە کەس لەو جوانتر نی یە دێت مانگی یەك شەوە لە زیادکردنی بەردەوامی دەباتەوە سەر ئەوەی کە دەیەوێت خۆی وەکوو رووی یارەکەی بڕازێنێتەوە، بەلآم کە لە شەوی چواردە دەبێتە مانگی تابان ئەو کاتە تیٚ دەگا کە هێشتا لە جوانی دا نەگەیشتۆتە یارەکەی، بۆیە لە داخ و خەفەتا ورده ورده بەرەو نەمان دەچێت کە ئەمەش هۆی راستەقینەی نی یە تەنها بۆ جوانکردنی شیعرەکە بەکاری هێناوە.

---

١ – دیوانی کەمالی – عەلی باپیر ئاغا / لا ١٩٥ ، چاپی ١٩٨٦ .

پرسیار:

لەم دێڕە شیعرەنەدا جوانی بایس دەربێنەو دیاردەکە دەست نیشان بکە و هۆیە جوان دروست کراوەکە ڕوون بکەوە:

١- لە خەوفی تەلعەتی، رۆژ هەروەکو شێت
بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێـــوان

(نالی)

٢- شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت
پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە

(دیلان)

٣- نارنج و تورنج شوبهی زینێ
زەربوییێ ل عیللەتا ئەڤینێ

(خانی)

٤- لە لێواری حەوزا گوڵاڵەو بەییـــوون
ساوان، ئەلەرزن، لە تاو نقووم بوون

(گۆران)

٥- پەڵەی گوڵاڵە لە ترسی چنـــوور
ناو جەرگی سووتاو ڕەش هەڵگەڕاوە

(دیلان)

٦- خوێنی پاکی لاوی کوردانە رژاوە کێو و کـــەژ
بۆیە وا ئێستاکە سوورە، رەنگی گوڵناری هەیە!!

(ئەحمەد موختار جاف)

تێهەڵکێش

پێناسەی تێهەڵکێش: ئەوەیە شاعیر یان نووسەر، نیو دێڕ، یان دێڕێك یان سەراپای هۆنراوەیەك، یان پەندێك، یان ئایەتێك، یان فەرموودەیەك، یان قسەیەکی نەستەق بێ دەستکاری وەربگرێت و لەناو دووکەوانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە، جاناوی خاوەنەکەی ببات یان نەبات: نموونە:

بۆ فەلەك ناکەم تەنەزوول هەروەکو نووری ئەڵێ
(من بە چەرخی ئاسمان سپڵە ئیستیهزا ئەکەم)

(کەمالی)

لێرەدا دیارە (کەمالی) نیو دێرە شیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح)ی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە. ناوی (نووری)شی لە پێشەوە هێناوە.

نموونەیەکی تر:

دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یـــادم
دەبێ وەك کوشتمت بشپرســـی دادم
((کەبارگەت بۆ هەوار تێك نا عەزیزم
شکا ئەستوندەگی تاولی مـــرادم))

(هەژار)

(هەژار) دێرە شیعرێکی هێمنی تێهەڵکێش کردووە بێ ئەوەی لە شیعرەکەیدا ناوی خاوەنەکەی بێنێ چونکە دێرە شیعرەکەی هێمن زۆر بەناوبانگەو خوێنەری شیعرەکانی هێمن دەیناسێتەوە.

نموونەیەکی تر:

بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین

((اطلبوا العلم ولو بالصيـــــــن))

(حاجی)

لەم دێڕەدا (حاجی) فەرموودەیەکی پێغەمبەری بەدەقی خۆی تێهەڵکێش کردووە، بێ ئەوەی دەستکاری بکا، یان بیکابە کوردی.

تێبینی: هەموو پێنج خشتەکییەکانی شاعیرێك لەسەر شیعری شاعیرێکی تری دەکا بەر ئەم هونەرە دەکەوێت.

پرسیار

١- قەدری میللەتتان بە جارێ شکـــان

نە حەیاتان ما، نە ناوونیشـــان

باری تەعنەتان وا هاتە سەرشـــان

((وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشـــــان))

(بێکەس)

٢- گوڵ لەسەر لقی خۆیا رەنگینـــــە

((بەردیش لە جێگای خۆی سەنگینە))

(پیرەمێرد)

٣- رۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الا ما سعی)

هیچ کەسیش هێزی فەلاح ئیش کێڵانی نییە

(دڵدار)

٤- لە دوو ئاوان کە یەکدەگـــــری دوو میسرەعی بەیتی مەولــــــەوی

(سیروانی ئەم چەم تا نجەڕۆی ئەوچەم بدەن بە یەکدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم)

(پیرەمێرد)

٥- سەیری کە ئەڵێ ی خوێنی رژاوی گەشی تۆیە

(سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لــــەسەردا)

عەلی کەمال باپیر(کەمالی)

٦- تا نەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا

فائیدەی چــــــــی (ربنا انزل علینا مائدە)

(صابری)

سەرچاوەکان

١-	محمد عارفیٚ جزیری	سگڤان عبدالحکیم	١٩٨٤- بغداد
٢-	گۆڤاری سلێمانی ژ (٩)ی ساڵی ١٩٦٩	د. شوکریە رەسول	١٩٨٩ - هەولێر
٣-	المدخل لدراسه الادب الکردی المدون باللهجه الشمالیه ــ جزء الاول	تحسین ابراهیم الدوسکی	١٩٩٣
٥-	ڕۆلی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا	نامەی ماجستیر ــ هیمداد حسین بکر	١٩٩٥
٦-	هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نێهنی کوردیدا (١٩٦١ ــ ١٩٩١)	نامەی ماجستێر ــ نەوازد علی ئەحمەد	٢٠٠٠ سلێمانی
٧-	مێژووی پەخشانی کوردی تا ساڵی (١٩٨٠)	عەلادین سجادی	٢٠٠٠ هەولێر
٨-	ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی سەردەمی کۆماری کوردستانی (١٩٤٣ ــ ١٩٤٧)	نامەی دکتۆرا ــ هیمداد حسین بکر	٢٠٠١
٩-	(گۆڤاری دەنگی گێتی تازە) سەرهەڵدان و دەوری لە پێش خستنی زمان و هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێراندا	پ. د. شوکریە رەسول	٢٠٠٣ سلێمانی
١٠-	ڕۆژنامەی (برایی ــ برایەتی ١٩٦٧ ــ ١٩٧٤)و ڕۆلی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا	نامەی ماجستیر ــ ئاریان ابراهیم احمد	٢٠٠٤ سلێمانی
١١-	چیرۆکی هونەریی کوردی	حسین عارف	١٩٧٧ بەغدا
١٢-	لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی	عومەر مەرعوف	١٩٧٨ بەغدا

	کوردی	بەرزنجی	
١٣-	چیرۆکی نوێی کوردی	حەسەن جاف	١٩٨٥ ـ بەغدا
١٤-	بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوریدا	ئەحلام مەنسور	١٩٩٩ـ سلێمانی
١٥-	گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع	عەتا قەرەداغی	سلێمانی ـ ٢٠٠٤
١٦-	ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا	محەمەد دلێر ئەمین محەمەدد	سلێمانی ـ ٢٠٠٤
١٧-	الروایه الکوردیه	عبدالرحمن پاشا	اربیل ـ ٢٠٠١
١٨-	خۆشخوانی	عەلائەدین سوجادی	بەغدا ـ ١٩٧٨
١٩-	ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا	عەزیز گەردی	ب١ بەغدا ـ ١٩٧٥
٢٠-	ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا	عەزیز گەردی	ب٢ هەولێر ـ ١٩٧٥
٢١-	ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا	عەزیز گەردی	ب٣ سلێمانی ـ ١٩٧٩
٢٢-	ڕەوانبێژی	عەزیز گەردی	هەولێر ـ ١٩٩٢
٢٣-	دیوانی مەولەوی		
٢٤-	مێژووی ئەدەبی کوردی	د. مارف خەزنەدار	

بەشی خوێندنەوە

شێخ سەعیدی پیران

١٨٦٨ — ١٩٢٥

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحموودی ((کلّدار))ە، لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە، لە گوندی ((پیران)) کە کەوتۆتە ژووروی ((دیاربەکر))ەوە هاتۆتە دنیاوە، کلّدار لە قەبی بنەماڵەی باوکی بووە، پیاوێکی زاناو نیشتمانپەروەربووە لەگەڵ لاوە خزمەتی خۆی کردووە یەکێك لەبەر ئەوە کە خەلیفەی ((مەولانا خالد)) بووە تەریقەتی ((نەقشبەندی)) لە ناوچەی کوردستانی تورکیادا بڵاوکردۆتەوە، لەم ڕووەوە خۆیشی بووە بە شێخێکی پایەبەرزو تا دوانزە هەزار مریدو پەیڕەویکەری هەبوو، لەوانە بووە بە تەواوی بەسەر ئەو وڵاتانەدا زاڵ بووە.

یەکێ باری عیلمیو زانایی وەکو چۆن شێخێکی بەرزبووە زاناو عالمێکی بەرزتر بووە، گەلێ ئیجازەی تەدریسی داوە بە فەقیەکانی لەمانە دوانزە عالمی هەرە گەورە لەو لاتەدا دەستنێژو ((مجاز))ی ئەم بوون.

یەکێ لەباری نیشتمانیدا لە باوەڕی شێخ سەعیددا حکومەتی ئەو سەردەمەی عوسمانی لە ڕێگای شەریعەتی ئیسلامەوە نەچووە بەڕێوە، ئەمیش بۆهاتنەوە سەرڕێ ئەو حکومەتەو بۆ کەمکردنەوەی ئەو سەرانەو پیتاکانە کە حکومەت خستبوونیە سەر دانیشتوانی وڵات هەستا، نیشتمانپەروەرانی تری کورد دایانە پاڵی، شۆرشی ١٩٢٥- ١٩٣٠ی کوردی لە وڵاتی تورکیادا پەیدابوو، لە ئەنجاما بەهۆی هەندێ کەمو کووڕیەوە کە پەیدابوو سەرنەکەوتن، شێخ سەعید گیراو لەلایەن تورکەکانەوە خنکێنرا.

ئەم پیاوە توانی لەو ماوەکەمەی ژیانیا پێشەواییەکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەی خۆی لەو وڵاتەدا بگرێتە دەست. لەپایەی زانیاریو ئەدەبیو

هونەریدا یەکەم کەسێ بووە لەو ناوچەیەدا هۆنراوە کوردیو فارسیو عەرەبیەکانی سۆزێکی دەدا بە مەردم. پیاوێکی بەسامان بووە. لە نان بدەییو دیوەخانداری دا بەسە بۆ ئەو کە پێشڕەوی شۆرشێك بووە. ناوبانگو ((طریقة))ی مەولانا خالد لە شێخ سەعیدی پیرانەوە لەو ناوەدا دەنگو ئاوازی پەیداکرد. کۆڕی مەدرەسەو خانەقاکەی وەکو پوورەی هەنگ وابوو، لە دوولاوە بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕێگای ((طریق))و شەریعەت رووی تێکراوە. ئەو دوو ڕێگایە بوو کە لە ئەنجاما ڕچەی شکاند بۆ شۆرشی نەتەوایەتی. ئەم سێ ڕێچکەیە کە شێخ سەعیدی پیران گرتبووی بوون بەسێ شارێگە کە مریدانو پەیڕەوی کەرەکانی هەرسێ ڕێگاکە لە پاش خوێشی لەسەری بڕۆنو شوێن ماڵەگەورە هەر کوێر نەبێتەوەو هەر ئاوەدان بێ.

میر شەرەفخانی کوڕی میر شەمسەددین بدلیسی ڕۆژکی

شــەرەفخان لــە ڕۆژی بیســتەمی زیلعقــدەی ســاڵی ٩٤٩ کۆچــی داو ١٥٤١ زایین لە شارۆچکەی (کرهرود) لە نزیك شاری (قوم) لە ماڵی قازییەکی قـومی (کەدەچنەوە سەر قازی شریحی کوفی) لە دایك بـووە دایکـی کچـی میرخـان بووە.

لە (٩) ساڵیدا دەگەڵ شازادان لە کۆشـکی شـاهی تۆماسـبی سـەفەوی بـۆ ماوەی سێ ساڵان خوێندوویەتی، لە ١٢ ساڵیدا لەسەر داواکـاری هۆزەکـەیان کـراوە بــەمیر چــونکە بــاوکی گوشــەگیریی هەڵبــژاردووە....... ناردراوەتــە سەرسـالیانو مەحموود ئاباد لـەلای شـیروانانەوە ...... پاش ماوەیەك چۆتە لای خاڵی کە مەحەمەد بەگی حاکمی هەمـەدان بـووە وە لـە هەمـەدان ژیـاوە وکچی خاڵی مارە کردووە. سێ ساڵیش لە هەمەدان ماوە.

لە هەرای سوڵتان بایەزیدا کە پەنای بەشـای ئێـران هێنـا بـاوکی کرایـەوە میرو گروهرودیان دایە.... دوای چەند ساڵێك دیسان باوك بۆ کوڕ دەسـتی لـە میرایـەتی بــەردا. شــەرەفخان بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ هەمیشــە وەك یــاوەرو ڕاوێژکارێك لەگەڵ شادا بوو لێی جیـا نـەدەبوو.... بـە لەشـکر ناردیانـە سـەر ئەحمەدی خــانی (بیــە)وە بەســەر وڵاتەکــەی ڕادەگەیشــت. سـولتان هــاشمی حاکمی گەیلان بە ١٨هەزار سوارەوە هێرشی بـردە سـەر شـەرەفخان کـە لـە چوارسەدو پەنجا سوار پتری نەبوو. لەشکری گەیلانی شـکاندو سـێ منـارەی لەسـەریان بـەرزکردەوەو گـەیلانی گـرتو لـە پاشـان لەسـەر خواسـتی خـۆی هاتەوە قزوین.... دیسان لەسەر خواستی خۆی ناردویانەتـە وڵاتـی شـیروانو ناوچەکانی، تـەرکاتو ئـەرش و ئـاق داش و قـەباڵـەو و بـاکۆ و کـەناراوی دراوەتێ کە خۆیو هۆزەکەی پێی بژین. لە پـاش هەشـت مـانگ لـەوێ بـووە

شـا ه تۆماسـب مـردووەو ئیسـماعیل مـیرزا ناردوویـە بردوویەتییـە قـەزوینو کردویەتی بە میری کوردستانو لوڕستانو گۆرانو هەر کوردێك کاری بە شای ئێران بووە لە رێگەی میرشەرەفەوە دەبووایە پێی بگا.

دوایـی شـایان لێـی ڕەنجانـدووە و ناردوویەتییـە سـەر نەخچـەوان......
سالێكو وچوار مانگ حاکمی نەخچەوان بوو سولتان مرادی سێیەم بـە هـۆی خوسرەو پاشای میری میرانی وان عەفونامەی بۆنـاردووەو هاتۆتـەوە بـدلیس جێگەی باوباپیرانی. ناوچەی موشو چەند جێگەیەکی تری بۆ خراوەتە سـەر بدلیسو سالآنە ٤١٠ هەزار ئاقچەی داهات بوو.

خۆی دەڵێ: ئەمرۆکە دوامین رۆژی مـانگی قوربـانی سـاڵی ١٠٠٥ کۆچـی و ١٥٩٦زاییینییـە لـە سـایەی سـەری سـولتان مەحەمـەد خانـەوە فـەرمانڕەوای بدلیسمو کاروباری خۆم داوەتە دەست شەمسەددینی کوڕم میرشەرەفخان لە ساڵی ١٠٠٥ کۆچی ١٥٩٦ زاییینیدا تەواوبوو لە دانانی پەرتووکی شـەرەفنامە" ئەوەی کە باسی میرەکانی کورد دەکات.

قاسم ئەمین و ئازادکردنی ئافرەت

ساڵێك لە ساڵان هەشتی ئازار هاتەوە..... سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیەی ئیشم تێدا دەکرد وتی:

هیچت بۆ هەشتی ئازار نەنووسیوە؟ ناتەوێ لە ڕۆژی ژنانی جیهاندا شتێك بنووسێت.

وتم: بەڵێ، ڕۆژی ژنان وادێت، دیارە لەناو ژنانی جیهاندا ژنانی عێراقیش جەژن دەگێڕن. ڕۆژنامەکەمان بە عەرەبی دەنووسرا، لەبەر ئەوە بۆ باسێك گەڕان کە بۆ خوێندەواری عەرەب بێتو لە باسی ژنان بە دەرنەبێتو لە جەمسەرێکەوە بە کوردیشەوە ببەسترێتەوە. دوو وێنەم هات بەبیردا، بە خامە دوو نەخشەم بۆ کێشان، بالێرەدا نەخشەی وێنەی یەکەمیان بکەم بە کوردی.

دوو وێنەی موناسەبەت

(١)

قاسم ئەمین......

لە بیرەوەریی ئەودا دەچمە سەر چیرۆکی – تۆو خاكو با – ئەو چیرۆکەی بەرەو گەلێك کەسی تری ڕاکێشام، گەلێك کەسی وا کە تاڵی بیرێکی وا کە بەم خاکەوە بەسترابێت پێکەوەی گرێداوین.... ئەو تاڵە تا دێت بە هێزتر دەبێتو پێچ دەخواتو پتەو دەبێتو منو ئەوان لە جوغزێکی وا گەورەدا کۆدەکاتەوە، کە هەموومان هەر سەربەووینو ئەو جوغزەش زۆر فراوانە......

ئەو پیاوە یەکێکە لەوانەی لە خاکی پاکی ئێمەدا لە دایك بووە، ڕەشەبایەکی تیژهاتووە... نازانم ڕەشەبای شەڕبوو، یا هەر هەوڵدانو ئاوارەییە کۆنەکەی ئادەمیزاد بووە بە دوای پاروو ناندا، یاشتێکی تر بووە؟

هەر چۆنێك بووبێت، هەر ڕەشەبایەكی باڵدار بووە، یا ئەو تۆوە خۆی باڵداربوو لە ناوجەرگەی شاری سلێمانیدا، بەسەر گەلێك لووتكەی بەرزدا فڕیوەو بەمەڵەوانی بەسەر گەلێك دەریادا ڕۆیشتووەو ڕێگەی بڕیوەو گەیشتۆتە كەنار رووباری نیل، وەك پێشینان وتویانە:

(دەوەن ببێت بە دار، لەبنیدا بحەوێنەوە فەقیرو هەژار).

بەڵێ، درەختێك بوو، سێبەری زۆری زۆر دوور دەڕۆیشتو لەگەڵ جوغزی سێبەری تردا لە كۆڕی مەسەلەیەكدا یەكیان دەگرتەوە، كە بووە بەیەكێك لە مەسەلە هاوچەرخییەكانی جیهانی ئەمڕۆ.

ئازادكردنی ژنو قاسم ئەمین. دووسەر ناوون، دوو ناونیشانی بەیەكدا چووی یەك مەسەلەن. ئێمەش وەك گەلانی خەباتكاری تر، لە چیرۆكی شارستانیدا بەشمان بە هەردوو سەرناوو بەم دەستكەوتەوە هەیە. بەڵێ، هەموو هاوبەشین، بەڵام ئێمە هەتا هەتایە هەر لە كڵاو رۆژنەی شانازییەوە دەڕوانینە قاسم ئەمین. كەڵە پیاوی مەسەلەیەكەو شانازیی پێوە دەكەین. تۆوێكە بە دەم باوە فڕی، درەختێكی میسریی سێبەرداری وای لێڕوا كە بە ستایشەوە باسی یەكەم نیشتمانی بكرێت ... لەبەر ئەوە شانازیی پێوە دەكەین...... ئەم تۆوەی لە كوردستانەوە ڕۆیشت دڕكی لێ نەڕوا....

ئەمەی سەرەوەم بە عەرەبی نووسیبوو، دیارە ئەمە وێنەیەكی ئەدەبی بوو..... چەند دێڕێكی مێژوو بوو لێی زیاد كرابوو، خامە سێبەری خۆی پێ بەخشیبوو. بەڵام ئەو ڕاستییەی پەڕتووكی مێژوو نووسیویانە ئەوەیە كە قاسم ئەمین خۆی ساڵی ١٨٦٥ لە تۆرە (طرە) لە میسر لە دایك بووە. بەڵام

مەحەمەد ئەمین بەگی باوکی کە لە سوپادا ((میر ئالای))بوو، خەڵکی سلێمانییەو بەدەم فرمانەوە لە سلێمانییەوە گەیشتە میسر.

قاسم ئەمین لە ئەسکەندەرییە گەورەبوو و لەوێ دەستی کردووە بە خوێندن، پاشان هاتۆتە قاهیرەو (ئەزهەر)ی تەواوکردووە. زۆر لە پێشەوا شێخ مەحەمەد عەبدەو لە سەعد زەغلوولەوە نزیك بووە. پاشان چووە بۆ فەرەنساو لە زانستگای مونبیلیە کۆلێجی حوقوقی تەواو کردووەو ساڵی ١٨٨٥م هاتۆتە میسر. لە دادگاکانی میسردا لە (حاکم)ییەوە دەستی پێکردووەو هەر لە دادگادا گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز.

قاسم ئەمین لە پاڵ دیبلۆمی حوقوقدا، گەلێك بیری تازەی لە فەرەنسەوە هێنایەوە. هەر لەوێ بیری لە ژیانی ئافرەتی رۆژهەلات دەکردەوە. بە باوەڕو بڕیارەوە هاتەوەو ئاڵای ئازادکردنی ئافرەتی هەڵگرت. داوای دەکرد کە ئافرەتی میسری، یا عەرەبو موسڵمان هەموو عەباو پەچە فڕێدەن، بخوێنن، لە هەموو کاروبارێکدا هاوبەشی پیاوبن.

ساڵی ١٨٨٩ پەڕتووکی ((ئازادکردنی ئافرەت))ی بلاوکردەوە. ئەم بیرە تازەیە کۆنەپەرستانی وروژاند، کەوتنە هاوارو هەڵلاو بەرپەچ دانەوەی. قیژە قیژی کۆنەپەرستان ئەو پیاوە خاوەن بیروڕابەری سارد نەکردەوە، نەیترساند، بەڵکو زیاتر پێی داگرتو ساڵی ١٩٠٦ وەلامی هەموو ئەو کۆنە پەرستانەی بە پەڕتووکی ((ئافرەتی تازە))دایەوە. ئەم بیرە پێشکەوتنخوازانەی بوو بە هۆی کۆمەڵە موناقەشەو لەسەر نووسنێکی زۆر. هەندێك بەرپەچیان دایەوەو هەندێك پشتیان دەگرت. زۆر نووسەری بەناوبانگی سەردەمی خۆی ڕاکێشایە کۆڕی مەسەلەی رۆژ گەیاندی بە پلەیەکی نوێ.

ئەگەر سەیری نووسینەکانی قاسم ئەمین بکەین دەبینین نووسەر پەنا دەباتە بەر بەڵگەو بە هێمنی پێسەلماندنو خۆی لە شێوەی خوتبەدانو پیشەسازیی نووسینو بچووك گەورە کردن بە دوور دەگرێت، ئەمە لەو دوو پەڕتووکەیدا کە باسمان کردنو لەو کۆمەڵە نووسنەدا بە ناوی ((وشەکانی قاسم ئەمین بەگ))ەوە بڵاوکراونەتەوە دیارن. زۆر وتار لەسەر ژیانی ئەم کەڵە پیاوە نووسراون. دیارترینیان پەڕتووکی ئەحمەد خاکییە کە ناوی ناوە ((قاسم ئەمین)).

ئێستاش لە جیهانی عەرەبدا کە ناوی ئازاد کردنی ئافرەت دێت، بێ پەروا ناوی قاسم ئەمین بە یەکەم ڕابەردێت. بەڵی......

ڕابەری ئازادکردنی ئافرەتی عەرەبە، نووسەرێکی جوان نووسو پاك نووسو پێشکەوتنخوازی عەرەبە. بەڵام تۆ بڵێیت حەمەئەمین بەگی میر ئالآ کە بەداخی گەڕانەوەی نیشتمانەوە سەری ناوەتەوە، ئەوەی لە بیردا بووبێت، کە لە هەموو سەرچاوەکەیدا ناوی خۆی بە هۆی ئەو کوڕە بلیمەتەیەوە تۆمار دەکرێتو دەنووسرێت: نووسەرێکی گەورەی عەرەبەو لەڕەچەڵەك دا کوردە.

ئایا دەبێت زانیبیتی کە ڕۆژێك دێت ئێمەش شانازی بەو تۆوە باڵدارەوە دەکەین، کە لە خاکی میسردا سێبەری داوەو دڕکی لێ نەڕواوەو دەیکەین بە بەڵگەیەکی تری پێوەندیی پیرۆزی کوردو عەرەب؟

لێكدانەوەی وشەكان:

ناتەوێ	تەنەڤێت ، ناخوازی
بەڵی	لەبێ
دەنووسرا	دهاتە نڤیسن
جەمسەر	لای سەر
ببەسترێتەوە	بێتە گرێدان
بیر	هزر
خامە	قەڵەم ، پێنووس
بیرەوەری	بیرانین
دەچمەوە	ڤەدگەرێم ، دزڤرم
تاڵ	تار
پێچ دەخوات	دفەتلیٚ ، لوول دەخوات.
جوغز	دائیرە
سەربەوین	ئەم ئێت وینە
لووتکە	ڕەخ
بەیەكداچوو	چوونە ناڤ هەڤ
كڵاو ڕۆژنە	كولوك
شانازی	سەرفرازی ، سەربلندی
دڕك	دڕی ، ستری ، خار
ئاڵا	بەیداغ
وروژاند	ئاراندی
كەڵە پیاو	مرۆڤێت مەزن
تۆو	توخم ، تۆڤ

پرسیار و ڕاهێنان

١- قاسم ئەمین كێیە؟

٢- بۆچ بۆتە یەكێك لەڕابەرانی ئازادكردنی ئافرەت؟

٣- چۆن ئێمەش مافی شانازیمان بەو كەڵە پیاوە هەیە؟

٤- ساڵی ١٩٧٥، ساڵی جیهانیی ئافرەت بوو، وتارێك لەم بارەیەوە بنووسەو یادێكی قاسم ئەمین بكەوە.

«ئیبن سینا»

گەورەترین‌و بەناوبانگترین زاناو عـالمی سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی (ئـەبو عەلی سینا)یە کە یەکێکە لە زانا بێ هاوتاکانی جیهانی ئیسـلام، نـاوی (ئـەبو عەلی کوڕی حسین کوڕی عبداللە)یە کە بە (ئیبن سینا) ناوی دەرکـردووە، لـە ساڵی (٣٧٥)ی کۆچی لە (ئەفشنە)ی بخارا لە دایك بووەو باوکی خەڵکی بەلخ بووەو یەکێك بووە لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی سامانی‌و لە دێـی (خـریثین) کـە سەر بە بخارایا فەرمانبەر بووە. ئیبن سینا زۆر زیرەك‌و بلیمەت بووە، هەر لە منداڵییەوە لە خوێندن‌و زانست‌و هونەردا، لـەریزی پێشـەوە بـووە، ئـەدەب‌و حیکمەتی خوێندووەو ئینجـا رووی کردۆتـە پزیشـکی‌و زۆری پێ‌نەچـووە کـە بووە بە شارەزایەکی تەواو لە زانستی پزیشکی‌و حەڤدە ساڵی تەواونەکرد کە بوو بە پزیشکێکی نـاودارو پەیوەنـدی لەگـەڵ بارەگـای سـامانییەکاندا پەیـدا کـرد. ئـەوە بـوو دووای نـەمانی سـامانییەکان (بخـارا)ی بەجێ‌هێشـت‌و رووی کردە (خوارزم)و چەند ساڵێك لەوێدا مایەوەو لە دواییدا چوو بۆ (گورگان) بـۆ لای (قابوسـی کـوڕی وەشمگـیر) بـەڵام لـەو کاتـەدا (قـابوس) کـوژراو (ئـەبو عەلی)نەی دی، لەبەر ئەوە لـە (گورگانـەوە) چـوو بـۆ (رەی)و (مجدالدولـە)ی دەیلەمی تیمارکرد لەبەر ئـەوە (مجـد الدولـە) زۆر نوازشـی کـرد، دوای ئەمـە چوو بۆ هەمـەدان‌و لـەوێ لەگـەڵ (شمـس الدولـە)ی کـوڕی (فخـر الدولـە) کـە حاکمی هەمەدان بوو دۆسـتایەتی کـردو هەمیشـە لـە گەڵیـدا بـوو تـا بـوو بـە وەزیـری، بـەڵام لـە زەمـانی (شمـس الدولـە)ی کـوڕی فخـر الدولـەدا خرایـە زیندانەوە، دووای بەرەڵلابوونی چوو بۆ لای (علاءالدولەی کاکویە) کە حاکمی ئەصفەهان بوو، ئینجا دەستی کرد بە دانـانی پـەرتووك‌و نووسـراو، تەنانـەت چەند پەرتووکێکی بەناوی خۆیەوە دەرکرد تا لە ساڵی (٤٢٨)ی کۆچـیدا کـە لەگەڵ (علاءالدولە)دا چـوو بـۆ هەمـەدان کۆچـی دوایـی کـردو لەوێـدا نێـژرا.

هەروەکو وتمان (ئەبو عەلی) یەکێکە لە بلیمەتەکانی جیهانو ناوی لە لیستەی زاناو پزیشکو حەکیمو فەیلەسووفەکانی جیهاندا وەك ئەستێرەی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە (ئەبو عەلی) زۆر لە هاتووچۆو سەفەردا بووە، بەڵام گەلێك پەرتووكو نووسراوی بەنرخی لەپاش بەجێماوە، لە پەرتووکە بە ناوبانگەکانی (ئەبو عەلی سینا) — شفا — یە لە حیکمەت، کەبریتییە لە باسی دەربارەی فەلسەفە، مەنتیق، ریازی، تەبیعیو ئیلاهی)و بە گرنگترین پەرتووك دادەنرێت لە فەلسەفەدا لەلایەن موسلمانانەوە نووسرابێت. هەروەها (نجات) کە لە حیکمەتە، بەڵام لە پزیشکیدا پەرتووکی (قانون)ە کە بەگرینگترین پەرتووکی (پزیشکی) دادەنرێت لە جیهانی ئیسلامداو گەلێك لێکدانەوەو شەرحی لە سەرکراوە، تەنانەت یەکێك بووە لەو پەرتووکانەی کە قوتابخانە پزیشکییەکانی ئەوروپا وانەیان تێدا دەخوێند، هەروەها پەرتووکی (الاشارات والتنبیهات) لە حیکمەت..... ئەمانە هەمووی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، بەڵام چەند پەرتووکێکی بە فارسی نووسیوە، وەکو (دانشنامەی علائی) کە بەناوی (علاء الدولە)ەوە نووسیویێتی. لە (مەنتیقو حیکمەتو تەبیعیو ئیلاهی) جگە لەمانەش — ئیبن سینا — چەشەی شاعیری بووە شیعریشی وتووە بە فارس عەرەبی، ئیبن سینا گەڵێك شاگردو قوتابی هەبووە کە لە ژێر دەستیدا وانەیان خوێندووە، وەکو (عبید جوزجانی) لە ساڵی (٤٠٣)دا چۆتە لایو (ئەبو عەبدوڵلا مەحەمەدی کوڕی ئەحمەدی معصوم)و (ئەبو الحسن بهمنیار کوڕی مرزبان) کە خەڵقی ئازەربایجان بووە.... هەتا هەتایە ناوی (ئەبو عەلی سینا) لە لاپەڕەکانی مێژووی عیلمو هونەرو ئەدەبیاتدا سەرتۆپەو جێی شانازی میللەتانی جیهانی ئیسلامییە. و هەر ئیبن سیناو هاوڕێیانی ئەو بوون کە دەرگای کۆشکی زانستو عیلمییان خستە سەرپشتو بوونە هۆی ئەوەی کە شاگردانو

قوتابییانی تر لەناو میللەتانی موسڵماندا پەیڕەویان بکەنو بەردەوام بن لەسەر دانانو نووسینو وەرگێڕانو شەرحی گەلێك لە زانستەکان، چ دینیو چ عیلمی، چ ئەدەبی، پەرتووکخانەی ئیسلامی بێبەش نەکەن لەو زانستو هونەرانە، تەنانەت ببێت بە سەرچاوەیەك بۆ زاناو عالمەکانی ئەوروپاو هەموو جیهان سوودی لێ وەربگرێت.

لێکدانەوەی وشەکان:

ئەفشنە : دێیەکە سەر بە (بخارا) لە ناوچەی ماوراءالنهر.

بەلخ : شارێکە لە ئەفغانستان لەسەر سنووری ئەفغانو سۆڤیت.

سامانی : دەوڵەتی سامانی لە ناوچەی ما وراء النهر لە ساڵی ٢٧٩دامەزرا.

خوارزم : ناوچەیەکە لە ما وراء النهر.

گورگان : ناوچەیەکە لە ئێران.

گفتوگۆ:

١- ئەبو عەلی سینا بە چی بەناوبانگە؟

٢- ئایا ئەبو عەلی سینا دەبێت بە زانایەکی جیهانی بناسرێت؟

٣- ناوی پەرتووکە گرنگەکانی ئەبو عەلی سینا بنووسە؟

تـاگور

ئەم سەرزەمینـەی ئێمەی تێدا دەژین گـەلێك ڕۆڵـەی پاڵـەوانو قارەمـانو پیـاو چـاكو شـاعیرو زانـاو فەیلەسـوفی پێگەیانـدووە، كـە هـەموو وەكـو ئەسـتێرەی گەشـی پرشـنگدار لـە ئاسمـانی زانسـتو هونـەری مرۆڤایەتیـدا دەدرەوشێنەوە، لەوانەكانی پێشوودا باسی چەند كەسێكمان لەوانە كرد چ لە نەوەی كورد و عەرەب و ئێرانـی، وەیـا ڕۆژهـەڵاتیی یـا ڕۆژئـاوایی، ئێسـتاش باسی زاناو شاعیرێكی بلیمەت دەكـەین كـە نموونـەی مرۆڤایـەتیو پەیكـەری خۆشەویستیو كانی دڵسـۆزیو پۆپـەی زیرەكـی بـووە، ئـەویش (ڕابنـدرانات تاگور)ی هیندییە.

هیندستان هەر وەكو چۆن كانی هەموو جۆرە بەروبوومێكی سروشتیی بووە، مەڵبەنـدی خۆشەویسـتیو ئیلـهامی شـیعرو مۆسـیقاش بـووە، سـەرزەمینی (بودا) و (غاندی) و (نەهرۆ)، سەرزەمینی بە هاراتو پیتوفەڕێك كە دەوڵەتە ئەوروپاییـەكان خـەویان پێـوە دەدیو هـەوڵو كۆششـیان داگیركردنـی بـوو، بەڵام هندستان بە هۆی ڕۆڵە ڕۆشنبیرەكانیەوە زوو خۆیـان لـە دیلێتـیو زۆرو ستەم ڕزگاركرد، لەوانـەی كـە كۆششـی چـاو لێـی ناپۆشـرێتو دەوری بـاڵای هەبوو لە پێش خستنی ڕادەی ئەدەبیاتو خوێنـدەواریو شـیعرو شـاعیرێتی، (تاگور)ە.

(ڕابندرانات) حەوتەمین كوڕی (دڤنـدرانات) تـاگورە كـە لـە ڕۆژی شەشـی ئایـاری ١٨٦١دا لـە (كەلكـەتا) لـە دایـك بـووە. بـاوكی تـاگور كابرایـەكی خوێنـدەوارو، دەسـتدارێكی دەوڵەمەنـد بـووە، تـاگور تـا چـەند پلەیـەك لـە هندستان خوێندویەتیو لە دواییدا بە فەرمانی باوكی لەگـەڵ بـرا گەورەكەیـدا چووە بۆ (لەندەن) تاكو لە دانشگای حقووق (قانون) بخوێنێت. بـەڵام تـاگور

چونکه شێت و شەیدای شیعرو مۆسیقا بوو. ئەوەندە گوێی نەدایە ئەو خوێندنەو دەستی کرد بە خوێندنەوەو وانەکردنی شیعری شاعیرە هەرە بەرزەکانی ئینگلیز، وەك شکسبیر، ملتون ، پیرو ، شیلیو لە دواییدا چەند وتارێکی دەربارەی (گۆتەو دانتیو بترارکو، تاسو) لە گۆڤاری (بهارای) کە برا گەورەکەی دەریدەکرد بڵاوکردەوە، لەگەڵ چەند پارچەیەکی وەرگێڕاو لە شیلیو ڤیکتۆر هۆگۆ، بڵاوکردەوە لەگەڵ ئەمانەشدا خەریکی مۆسیقاو نەواو ئاواز بوو، کەمێك لاتینیشی خوێند، کە گەڕایەوە بۆ هیندستان دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، وەکو (گۆرانی ئێواریٚ) ئەمانەی شتێکی تازە بوون لە شیعری (بەنگالی) هندستاندا لەبەر ئەوەی گۆڕانێکیدا بە شیعری بنغالی ناویان نا (شیلیی بەنگال)، چونکە لە ڕووی کێشو قافیەو بابەتو ناوەرۆكو ڕوخسارەوە لە شیعری بەنگالیدا گەلێك شتی تازەی هێنایەکایەوە.

تاگور لە نمایشنامەدا دەستێکی باڵای بووە، لەوانە (تۆڵەی سروشت)ە. لە ساڵی ١٨٨٧دا دیوانێکی تازەی بڵاوکردەوە بە ناوی (هێلو رووەکان) — خطوط ومسطحات — کە یەکەم قەسیدەی ناوی (ژیان)ەو تێیدا دەڵێت:

نامەویٚ بمرم لەم دنیا جوانە

دەمەویٚ بژیم لەگەڵ خەڵکدا

لە ژێر تیشکی ڕۆژدا لەناو ئەم باغچە پڕ گوڵە،

ڕێم بدەن تا لەناو ئەو دڵە زیندووانەدا شوێنێك بدۆزمەوە،

لەسەر ئەم زەمینە سەردەکات.

پڕە لە جیابوونەوە، لەبەیەك گەیشتن لە گریان،

وازبێنە با خانوویەکی نەمر دروست بکەم،

لەتانو پۆی خۆشی خەڵكو ناخۆشیان،

ئەگەر نەمتووانی بهێڵە تا هەم لە ناویان شوێنێك پەیدا بکەم. رێم بدە بەیانیو ئێواریێ گوڵی گۆرانی نویێ بڕوێنم تا بیکەنەوە.

گوڵەکانم بەزەردەخەنەوە ببەن.

ئەگەر سیس بوو (هەڵوەری) حەیف فڕێی بدەن.

ئا بەم جۆرە تاگور لە ژیان گەیشتبوو، بەم جۆرە دڵی دەکردەوە بۆ هەموو مرۆڤێك، تاگور بە هۆی نەخۆشی دایکییەوەو مردنی بێبەش بوو لە خۆشەویستی و کۆشی دایك، لەبەر ئەوە ئەم بێبەشییە لە بەرهەمەکانیدا دیارە.

تاگور گەلێك وڵاتی دیوەو لە زۆریاندا موحازەرەی وتووە، وەك ئینگلترە، یابان ، روسیا ، عێراق. لە رۆژی (١٧)ی ئابی ١٩٤١دا، تاگور دڵی گەورەی پڕ لە خۆشەویستیو سروشو ئازادیو شیعرو مۆسیقای بۆ هەتاهەتایە لە لاپەڕەی مێژوودا، جێگیرو پڕ بە پڕێتیو هەمیشە میللەتی هیندو وڵاتی هیندستان شانازی پێوە دەکەن، چونکە بەراستی رۆڵەیەکی دڵسۆزی وڵاتو میللەت بووەو بەپێی تواناو دەسەڵاتی کۆششی کردووە جێ دەستی لەگەڵ جێ دەستی هاوڕێ دڵسۆزەکانی تردا، لە رۆشنبیری هیندیدا بە تایبەتی لە ئەدەبیاتدا دیارەو سوود بەخشە.

لێکدانەوەی وشەکان:

پاڵەوان	:	ئازا ، نەبەرد ، قارەمان
بلیمەت	:	زیرەك
مەڵبەند	:	شوێن (مرکز)
بەهارات	:	داودەرمانی چێشت و خواردەمەنی
فەرمان	:	ئەمر
کێش	:	وەزن
نمایشنامە	:	(مسرحیە)
موحازەرە	:	(محاضرە)

گفتوگۆ:

١- تاگور کەیو لە کوێ لە دایك بووە؟

٢- ئایا دووری تاگور لە دایکییەوە کاری کردە سەرشیعرەکانی؟

٣- تاگور دەوری چی بوو لە ئەدەبیاتی بەنگالیدا، بەتایبەتی لە شیعردا؟

٤- ئەو چەند دێرەی کە لە شیعری تاگورەوە وەرگێڕاوە، بە ئینشای خۆت بینووسەو وەکو شیعری لێ بکە.

مەلا مەحەمەدی کۆیە

١٩٤٣ — ١٨٧٦

مەلا مەحەمەدی کۆیە کە بە مەلای گەورە بەناوبانگە، کوڕی حاجی مەلا عەوڵای جەلی زادەو لە ١٨٧٦ی زایینی لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە. بنەماڵەی جەلی زادە هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە بە عالمو زانایی هاتونەتە خوارەوە، لە هەموو رۆژێکدا دەستە جڵەوی عیلمیان لەو وڵاتەدا بە دەستەوە بوو، مەلا مەحەمەد خۆی فیکرێکی روونو رۆشنبیرییەکی تەواوی هەبووە. دەتوانرێت لەناو مەلایانی وڵاتی کوردەواریدا بەوە دابنرێت کە پێشڕەوی رۆشنبیری بووە، چ لەلایەن کاروباری نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیەوە. لە لاپەڕە پانو درێژەکەی ژیانیدا گەلێك رووپەڕەی لە ژیانی خۆیدا هەڵگێڕاوەتەوە، هەر لە وانە وتنەوە لە ژووری فەقێیان تا قازییەتیو ئیشی میری، تا ئەندامەتی ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراق. کە کەوتە ساڵی ١٩٢٨، ئیتر بە تەواوی لە هەموو فرمانێکی میریی کەناری گرتو ژیانی خۆی بە تەواوی تەرخان کرد بۆ وانە وتنەوەو پەڕتووك دانانو رووناك کردنەوەی بیروباوەڕی خەڵك، تا ماهەر ئەمەش ئیشی بوو. لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ ئەو شوێنی هاتنە دنیایەی بوو بە مەڵبەندی هەتاهەتاییو کۆچی دوایی کرد.

بێجگە لەو رێبازانە کە مەلامەحەمەدی کۆیە گرتبوونی ئەو رێبازەی کە ئاووڕدانەوە لە کچو رێگەدان بەسەربەستیی ئافرەت لە کۆمەڵدابوو ئەمەیان بەرانبەر بەو لە هەموویان گرنگترو بەسوودتر بوو. مەلا مەحەمەد لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو بەبێ دەستیاوی ئەو کۆمەڵە وەیا ئەو نەتەوەیە پێش ناکەوێت. ئافرەت دەبێت رێگای خوێندن بگرێت بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە بە تەواوی بێتە ناو کۆمەڵەوەو شان بەشانی پیاو بۆ

پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵە بچن بەرێوە. پێشـەکی ئەمـەی لـە خۆیدا بـەدیهێنا. لە سـاڵی ١٩٢٦دا نـەوەك هـەر کچـی خـۆی خسـتە مەکتەبـەوە، بـەڵکو وتـی دەبێت لە مەکتەبدا لەگەڵ کوڕدا لەسەریەك کورسی دابنیشن بۆ ئەوە پێکەوە وانەی پاشەرۆژی نەتەوەی خۆیانو مێژووی نەتەوەکانی تریش بخوێنن.

ئەم هەنگاوەی کە ئەم هاویشتی گەورەترین هەنگاوێك بـوو بـۆ ئـەو رۆژە، چونکە ئافرەت لەو ناوچەداو لـەو رۆژەدا زۆرتـر لـە مافـەکانی زەوت کرابـوو. ئەو هێنای ئەو بیرو باوەڕە کە لە دڵیدابوو بەرانبـەر بـە سەربەسـتی ئـافرەت بـەکردەوە پیشـانی هـەموو کەسـێکیدا، ئینجـا بـە زمـانێکی پـاراویش هاتـە مەیدانو بوو بە لایـەنگری سەربەسـتیی ئـافرەتو پـڕ بـە دەم بـانگی کـردوو وتی:

ژن زینـەتـی دونیـایـە	ئـەمـانـەتی خـودایە
حـەبیبی مستـەفـایـە	قـەڵاتن لـە بـۆ مێردان
ژن ئەگەر بە حورمەت بێ	بێ زیللەتو زەحمەت بێ
بە تـەربیەو رەحـمەت بێ	دڵ گـوشـادو لێوخەندان
کـوڕی دەبـێ وەکی شێر	عـاقـڵو دانـاو دلێـر
بەدڵ غـەنـی بـە چاوتێر	سـەردارو مـەردی مـەیدان

دەرحـەق ژنـان بێ باکن	بـۆیـە بـێ داکی چـاکن
سـەیری حـاڵی خۆ نـاکەن	وەك دڕکن لـە نێـو عەردان

ژنیش وەك مـوزەکـەرە	عـەینەن ئەوەیـش بـەشـەرە
چـاو لادانی لـەسـەرە	هـەردوو لـەیـەك حـوکمدان

وەزیفەی زۆر گەورەیە   دەزانی ئەوەیش چییە؟
منداڵ بوونو تەربیە   بێ مەسخەرەو جوێن پێدان

تەماشا دەکەین مەلا مەحەمەدی کۆیە چ بە کردەوە چ بە وتن بوو بەو کەسەی کە بە پەنجە لە بارەی داواکردنی سەربەستیی ئافرەتەوە بە جۆرێك هێمای بۆ بکرێت کە لە پاش خۆی ئەو کردەوەو ئامۆژگارییەی بوو بە جێگای پەیڕەوی کردن......

گفتوگۆ:

١- مەلا مەحەمەدی کۆیە بەچی بەناوبانگە؟

٢- دەربارەی سەربەستیی ئافرەت، بە درێژی باسی دەوری مەلا مەحەمەد باس بکە؟

٣- دەربارەی ژیانی مەلا مەحەمەدی کۆیی بدوێ.

شێخ مەحەمەد عەبدە

١٨٤٩- ١٩٠٥

ولاتە خۆشەویستەکەمان جێنزرگەی پیاو چاکانو زانایانو پاڵەوانانو قارەمانانەو گەلێك رۆڵەی زرنگو بەهۆشو پڕعیلمو زانستی پەروەردە کردووە، و بە هۆی ئەوەی کە زاناکانمان بە دوای عیلمو خوێندندا ولاتیان بەجێ هێشتووەو لە ناو ولاتەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەواتا لەناو ولاتە موسڵمانەکاندا بلاوبوونەتەوە، گەلێك زاناو بلیمەتمان هەیە کە لە دەرەوەی ولات لە دایك بوونو، بەلام پەیوەندیی ئاینی ئیسلامی پیرۆزو گیانی برایەتیو خۆشەویستی وای لێ کردوون کە خۆیان بە بێگانە نەزانن‌و هەوڵو کۆششیان بریتی بێ لە خزمەتی عیلمو زانستو رێی راست پیشاندان بۆ هەموو هاوولاتیانو هاوبیرو باوەڕیان.

شێخ مەحەمەدی عەبدە یەکێکە لەوانە کە تاهەتایە وەك ئەستێرەی پرشنگدار لە ئاسمانی مرۆڤایەتیو ئیسلامیدا دەدرەوشێتەوە. شێخ محەمەد عەبدە کوڕی شێخ حەسەن خێرولڵای کوردییە، باوکی هەر بە ناوبانگی کوردییەوە ناوی دەرکردبوو، مەحەمەد عەبدە لە گوندی (شترا) لە ولاتی میسر هاتۆتە دونیاوە، لە پاش خوێندنی قورئانو سەرەتای زانیاریی عەرەبی، چۆتە (طنطا) پاشان بۆ (جامعەی ئەزهەر) لە قاهیرە، ئیجازەی زانایی لە ئەزهەر وەرگرتووە، پاش وەرگرتنی دبلۆمی عیلمی لە دامو دەسگای دەولەتدا کاری کردووە. بەهۆی ئەو بیروباوەڕە تازەو پێشکەوتووییەوە، کە هەیبووە دوور خراوەتەوە بۆ گەلێك شوێن. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە لەمەشخەڵ هەلگرەکانی شۆرشی (عرابی پاشا) بووە، ئیتر لە میسر جێی نەبۆتەوەو، چووە بۆ سوریا، لە سەرداواکردنی مامۆستا خۆشەویستەکەی (جمال الدین ئەفغانی) چووە بۆ پاریسو لەوێ پێکەوە

ڕۆژنامەی (عروة الوثقى) یان دەرکردووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (بێروت)و ئینجا بۆ میسر. لە گەلێك پایەی دەوڵەتیدا کاری کردووە، تا لە دواییدا کراوە بە (مفتی دیاری میسر)ی‌و لەم وەزیفەیەدا ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٠٥ لە ئەسکەندەرییە بە نەخۆشیی سەرەتانی دڵ کۆچی دوایی کردووەو لە قاهیرە نێژراوە.

شێخ محەمەد عەبدە یەکێکە لە پیاوە عیلمیە هەرە بەرزەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە عالەمی دەرەوەدا. بیروباوەڕو زانیارییەکەی لە هەموو لایەکەوە بە پەنجە ئیشارەی بۆ دەکرا. کە (جمال الدین) ئەفغانی شوێن هەواری گواستەوە بۆ میسر، شێخ محەمەد عەبدە بوو بە قوتابییەکی دڵسۆزی ئەو، و ئەویش بوو بە مامۆستایەکی جگەر سۆزەی ئەم لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو وانە وەرگرتنەی لەو مامۆستا بەرزەی کردیە کارێك کە ئاسۆی بیروباوەڕی ئەوەندەی تر فراوان بێتەوەو ڕوون بێتەوە، لە ماوەی ژیانیدا داواکاری ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بووە لە عالەمی ئیسلامیدا، دوو باوەڕی بەرز لەمێشکی (شێخ محەمەد عەبدە)دا چەسپی بوو، یەکێك پێویستی بەینی حکومەت‌و گەل. کە حکومەت دەبێت دادو عەدل بەرامبەر بە گەل بنوێنێت‌و گەلیش دەبێت فەرمانبەرداری ئەو حکومەتە بکات، جگە لەمانەش لەگەڵ هاوڕێکەیدا قاسم ئەمینی کورد یەکێك بوو لە داواکەرانی ئازادی بۆ ئافرەت. ئەم بیروباوەڕەانەی بوو کە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی میسرو سوریاو پاریس باوەشیان بۆ دەگرتەوە، هەر ئەم بیروباوەڕانەی بوو کە جێگای پێ لەق دەکرد لە وڵاتی میسردا.

شێخ محەمەد عەبدە بێجگە لەو وتارانەی کە لە بارەی ئیسلامەوە لە ڕۆژنامەکاندا بەتایبەتی لە (الوقائع المصریە) و (عروة الوثقى)دا بڵاوی دەکردەوە ئەم بەرهەمانەی تریشی لە ماوەی ئەو تەمەنە کەمەدا لە شوێن خۆی بەجێ هێشتووە:

١- تەفسیری قورئان.

٢- رسالة التوحيد.

٣- رسالة الواردات.

٤- شرح نهج البلاغة.

٥- شرح مقامات بديع الهمداني.

٦- الاسلام والرد على منتقدية.

٧- الاسلام والنصرانية مع العلم و المدنية.

٨- الثورة العرابية

شێخ مەحەمەد عەبدە شارەزایی تەواوی هەبوو لە فارسیو عەرەبیو فەرەنسیدا.

لێکدانەوەی وشەکان

جێ نزرگە : شوێن هەوار ، شوێن.

زانا : دانا

دام و دەسگا : بەڕێوەبەرایەتی

چەسپی بوو : جێگیربوو

پرسیار

١- شێخ مەحەمەد عەبدە بەچ جۆرە پیاوێك دەژمێررێت؟

٢- مەحەمەد عەبدە داوای چی دەکرد؟

٣- لەبەرچی لەمیسر دوور خرایەوە؟

٤- وتارێك دەربارەی زانایەکی کوردی خاوەن بەرهەمو بیروباوەڕ بنووسە؟

خەملی پەمۆو تکای شێخ

« حەسەن قزڵجی»

هاوینی ساڵی ١٩٥٦بوو، زەوی خوا دەزانێ بۆ جاری چەندەم لە ڕۆژ نێزیك دەبووەوە، تیشكو تینی زیاتری لە خۆر وەردەگرت. خانەقا چۆڵوهۆڵ بوو، وەرزێرەكان وەكوو هەموو هاوینێكی دیكە بەئیشوكاری كشتوكاڵەوە سەریان قاڵ بوو، نەیان دەپەرژا سەری ماڵی شێخ بدەن. ئەگەر دەرفەتیشیان بووایە لەبەر ئەوە كە نوخشە دەرنەهاتبوو، لە ڕوویان نەدەهات بە دەستی خاڵیو بەتاڵ بێنە زیارەت. پەردەی كشومات بەسەر خانەقاو ماڵی شێخدا كشابوو، لەشەو و ڕۆژدا تەنیا پێنج جار دەنگی سۆفی قادری هەورامی گۆمی بێ دەنگیی نەختێ دەشڵەقاند. لە جیاتیی ((خەتمو تەهلیلە))ی سۆفی و زكرو دەفی دەروێش، مێشوولەكان — كە لە برسانا ئاڵوزابوون — تێك دەهاڵانو ویزە ویزیان بوو.

شێخ پێش نیوەڕۆو تا نزیك بانگدان یا لە حەوشەی خانەقا پیاسەی دەكرد، یا لەسەر كورسییەكەی كە لە هەیوانی خانەقا بە تایبەتی بۆ ئەو دانرابوو، دادەنیشتو دەنكی تەزبێحەكەی دەگێڕا. وادیاربوو بیری لە داهاتی پایزی پار دەكردەوە كە چەند بوو، وئەمساڵ چەند دەبێت.

مەلا جەلال، كە ئەگەر نوێژ كالاَبووایە دەكرا بڵێین كرێكاری دینیی بوو، مانگی بە پێنج دینار بۆ پێش نوێژی بەكرێ گیرابوو، وەكوو كرێكاری دەستەمۆ كە چاوی لە دەمی خاوەن كار بێتو وریای وەختو كاتی كارەكە بێت گوێی لەوەنەبوو كەس هەیە لە پشتییەوە نوێژ بكات یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەكە دەست بەجێ دەخزا ((میحراب))ەكە. سۆفی قادریش كە نوێژ بەشێكی گرنگ بوو لە دەستمایەی، یان باشتر بڵێین ((دەممایە))ی ژیانی، لە پشتیەوە دەوێستا. میرزا عەلیش كە كرێوە پێچ بوو دەبووە سێیەمیان. بەڵام شێخ یا وەڕزبوو، یا بە پێویستی نەدەزانی، یا بەشێكم لە ماڵەوە نوێژی دەكرد، لەو وەختەدا نەهاتە خانەقا.

مەلا جەلالو سۆفی قادر کە ((قامەت)) یان بۆیەکتر دەستاندەوە، لە هەوای دەنگو خاویی دەمیان دەردەکەوت هەر ئەوەندە بوو ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیاند، ئەگینا هیچ لە شانیان خۆش نەبوو. میرزا عەلیش وەکوو رەشایی لەشکر وابوو، لەنوێژکەرێکی سادە بەولاوە ڕۆلێکی یاری نەدەکرد. ئەو خانەقاو ڕاقوگەوزەیە، بەم سێ کەسەوە لە کاتی ((جەماعەت))دا وەکو حەمامێکی قەدیمیی وابوو، کە حەمام چی و ئاوگێڕو یەکێکیش بە ((خێر)) خۆیانی تێدا بشۆن. ئەو ڕۆژانە دیاریو سەوقاتێکی بۆ شێخو خەتمو تەهلیلەیەکی بۆ خوا تێدا نەبوو.

پێش نیوەڕۆیەك سۆفی قادر، وەکو هەموو ڕۆژێك، حەوشەو هەیوانەکەی گەسك دابوو، ئاو پەڕژێنی کردبوو، کورسیەکەی شێخی خاوێن کردبووەوە، ڕاوەستابوو، شانی دابوو بە لاشیپانی دەرکی ماڵی شێخەوە شێخ هاتە دەرەوە پرسی:

- سۆفی قادر چ باسە؟

سۆفی قادر (بە شێوەیەکی نیوە هەورامی) وتی:

- سەلامەتیو سەروشێخی، ناشوکری نمەبۆ، خانەقا چۆڵەن.

شێخ هات لەسەر کورسیەکە دانیشتو چاوی بڕییە دەرگای حەوشەکە کتوپڕ مەلا جەلال بە شانو عەباوە خۆی کرد بە ژووردا وادیار بوو دوێنێ ئێوارە مانگی دیبوو.

شێخ چاوەڕوانی هاتنی خەڵك بوو، بەڵام نەك هی وەکوو مەلا جەلال کە جگە لەوە خێری بەناوچاوەوە نەبوو، ڕەنگ بوو داوای مانگانەکەشی بکات. شێخ کە ئەحواڵی پرسیو خۆش هاتنی مەلا جەلالی کرد، لەبیچمی وا دەرکەوت لە دڵی خۆیدا دەڵێت: کابرا تۆش پێش نوێژی خانەقای، دەبێت لەواریداتی ڕۆژانەی خانەقا پارەت بدرێتێ. خانەقاش ئەم ڕۆژانە چۆڵوهۆڵە، ئیتر چیت دەوێت؟ نابێ نەختێك عەقڵت ببێ؟

لەم کاتەدا سۆفی نامیق کە چاکی کەوا شۆڕەکەی کردبوو بەلادا، بەندە خوێنەکەی بەسەر دەرپێ سپییە چڵکنەکەیەوە تاقمانە جووتی دەکرد، ئەوەندە بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا لەبیری چوو ئاتەگی کەواکەی داداتەوە.

شێخ کە چاوی بە سۆفی (نامیق)ی کەوت تەمو مژی ناوچەوانی نەختێك ڕەوی.

بانگی کرد:

- سۆفی نامیق بە خێربێی. خێرە شوکر؟

سۆفی نامیق:

- بەخوا قوروان، مەگەر هیمەت پیران فریام کەفێ خێری چی؟

شێخ هەقی بوو هاتنی سۆفی (نامیق)ی پێخۆش بێ. مریدێکی دڵسۆز بوو، خزمەتی خانەقای زۆر دەکرد، هیچ کاتێك بە دەستی خاڵی نەدەهاتە زیارەت. هیچ نەبێ دیناریکی هێناوە، مەلا جەلالی پێ بێ دەنگ بکەم. خۆ ئەگەر هیچیشی نەهێنابێ، دیسان هەر قەی ناکا. هاوینە نوخشە دەرنەهاتووە ((دار ئەگەر سالێکیش بەری نەهێنا نابڕرێت)). سۆفی نامیق سەرکەوت، سڵاوی کردو دەستی شێخی ماچ کرد.

- سۆفی نامیق بەخێرهاتیت" خۆشی شوکر؟

– قوروان خوا خۆشت کا، لە سایەی خواو هیمەتو بەرەکەتی شێخۆ....

- ماڵو منداڵت چۆنن؟

- قوروان دەستەکانت ماچ ئەکەن .... خزمەتکارتن.

- شینا وەردەکەت چۆنە؟ نوخشە دەرنەهاتووە؟

- ئای قوروان .... نوخشەی چی؟ خۆزیا هەر نەبوایە، ئیمساڵ پەمگەکەمان هەراش بوو بە خاوخێزانۆ تێی ورووکاین، چەند مانگمان کوێرەوەری لە تەکیا دیی. ئەوا ئێستە گشتی بووگە و هیچ! مەگەر خۆت هیمەتێکم بۆ بفەرمووی، پەنام هاوردگەسە بەرخانەقا، تاچارم نەکەی نارۆمۆ.

شێخ (بەشێوەی دەمی سۆفی نامیق): سۆفی نامیق بێژە خوا کەریمە چی قەوماگە؟

- قوروان! وەکیل زۆراو بەگ هاتگە دەفتەری هاوردگە، خەملەکەی ئەوەنە قورسە گشت پەمگەکەمی بدەمێ ئەوسا ڕزگاریم تێ. ئەوا خۆم خستگەسە خانەقا، بەخوا ئەشێ هیمەتێکم بۆ بکەی.

شتی وا چۆن ئەبێ؟ ئاخر خەملێش ڕێو شوێنو ئوسوولێ خۆی هەیە.

-قوروان! شلەو قولەی بەگ کووا گوێ ئەدەنە ڕێو شوێنو ئوسوولێ؟

لەو کاتەدا سۆفی قادر بانگی نیوەڕۆیدا.

شێخ: خاسە سۆفی نامیق، خاسە ئێسە ئەنێرمە لای (زۆرراو بەگ). مەلا جەلال! تۆش مەڕۆرەوە. جەماعەتەکە بکەن لەگەڵ سۆفی نامیق لەحوجرە دانیشە، لێرە نیوەرۆژی بکە.

دوای نیوەرۆژە شێخ هاتە دەرەوە:

- سۆفی نامیق! سۆفی رەشیدم ناردە خزمەت زۆراب بەگ. ئێستا دێتەوە. خوا کەریمە.

سۆفی نامیق! ئای خوا بمکا وەسیەقەت، ئای بم وەقوروانەکەت.

تاوێکی پێچوو سۆفی رەشید هاتەوە.

شێخ: ئادەی سۆفی رەشید، زۆراب بەگ وتی چی؟

سۆفی رەشید: قوربان چووم فەرمایشتەکەی جەنابتم بەزۆراب بەگ وت. زۆر سەلامی عەرز دەکردیت.

- عەلەیکە سەلام. خوا کاری راست کا. دەی ئیشەکەی سۆفی نامیق بووبەچی.

- عەرزت دەکەم (چووە پێشەوە، شتێکی بە گوێچکەی شێخدا سرکاند).

تمەز زۆراب بەگ وتبووی شێخ ئەوەندە ڕوونەدات بەومسکێنانە، ئاخر خۆشی خاوەن موڵکە. ئەمانە ڕوویان بکرێتەوە هیچ بە خۆشی نادەن. شێخ

راوێژی دەمی گۆڕا. وتی ئەمانە پیاوی دنیان. هەر لەسەر تەماعی خۆیانن، بیریان بەلای قەبرو قیامەتەوە نییە، تکای ئێمە ناگرن. بچۆ بزانە بەشکم لەگەڵ وەکیلەکەیدا رێك کەوی.

سۆفی نامیق: قورووان رێکەوتنی چی؟ کاورا پێژی بەرازە. گشت پەمگەکەی گەرەکە.

شێخ: سا بێژین چی؟ زەمانە خراپ بووە. زوڵمەت دنیای داگرتووە. خوا رەحم بە ئیمانەکەمان بکا.

سۆفی نامیق: ببم وە قوروانەکەت. خاس ئەفەرمووی ئاخر زەمانە. ئەمە پێنج مانگی ڕەبەقە بەخۆمو مناڵە کانمۆ ڕەنج ئەدەین، ئێسە ئەویش گشت پەمگەکەی گەرەکە. ئەی خوا هەڵی نەگری.

شێخ: بێژین چی سۆفی نامیق قەزاو قەدەری خوایە.

سۆفی نامیق: یا شێخ ئەمە ئەفەرمووی چی؟ ئێسە من گشت پەمگەکەی بدەمێ، ئەمە چییە خەملی کردگە؟

شێخ: عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپە. خوا خراپتر نەدا.

سۆفی نامیق: یا شێخ کەواسە بێژە (تۆفەرموو، ئێمە میاو!).

مەلا جەلال ویستی سۆفی نامیق تێ بگەیەنێت لە رووی شێخدا قسەی وا نەکا، وتی سۆفی نامیق ئەمە مانای چی؟ سۆفی نامیق لەبەر پەرۆشی پەژارەی خۆی تێنەگەیشت، مەلا جەلال مەبەستی چییە. وتی:

مامۆستا، زوو فرە زوو، هەرزەکار بووم، ئەوسا گەرمیان و کوێسانمان ئەکرد. هاوینان ئەرۆیشتینە سەر شیو سەقز. کاورایێ سەقزی بوو ناوی لالۆ هەواس بوو، ئاشنامان بوو، مامەڵەمان لە تەکیا ئەکرد. ڕۆژێ هاتە وارگەکەمانو ڕۆنو خوریی لێمان سەند، سۆزی رۆنو خورییەکەم بۆ بردە سەقزو میوانی بووم. شەو خێزانەکەی سینیی بۆ هاوردین. گۆشتاوی لێنابوو. نانمان تێوڵی. کتکی بۆر پەیابوو، دەستی کرد بە میاوە میاو. خاوەن ماڵەکە تیکەیەکی بۆ هاویشت، گورج قۆستیەوەو دیسان دەستی کردەوە:

میاو ... میاو. پارووپەکی تریشی بۆ هاویشت. کتکە بۆر ئەمیشی قۆستەوەو دیسـان" میـاو! ئەوەنـدەی پـاروو بـۆ هاویشـت وازی لـە میاومیـاو نـەهێناو نەیهێشت نانەکەمان بخوێن. لالۆ هەواس سینیەکەی هەڵگرتو نایە بەردەمی کتکەبۆرو وتی:

((کەواتە تۆ فەرموو، ئێمە میاو!)).

سۆفی نامیق دەستی شێخی ماچ کردو رۆیشت. بەدەم رێگەوە دەیوت:

- هەزار قەدەربێ پەمگی خۆمی نادەمێ.

مەلا جەلال لای وابوو سۆفی نامیق شتێکی بۆ شێخ هێنـاوە، بەدەرفـەتی زانی وتی:

- قوربان شەکرو چامان نەماوە. مانگانەکەمان پێ کەرەم نافەرمووی.

- شێخ خۆی لە قسەی مەلا جەلالیش گێل کردو وتی:

زۆراب بـەگ هەقیـەتی. بڕوانـە ئـەم خەڵکـە دەڵێـی شـەیتان وانـەی داون، قسەیان چەند رەقو ناخۆش بووە، ئاخر زەمانە، خوا رەحم بە ئیمانەکـەمان بکات.

لە ژمارە (٤) تشرینی دووەمی ١٩٧١ی گۆڤاری (نووسەری کورد)ەوە وەرگیراوە.

لێکدانەوەی وشەکان:

وەرزێر	:	کرمانج.
سەرقاڵ	:	موژیل.
نەیان دەپەرژا	:	نە دگەهشتن.
وەڕز	:	پەست و بێ تاقەت.
بەشێکم	:	بەشکێکم . بەشکم = بەڵکو.
ڕۆڵ	:	دەور.
قامەت	:	قامەتی نوێژ.
سەوقات	:	دیاری.
بیچم	:	شکڵ ، روخسار ، شێوە.
تاقمانە جووت	:	ئێك و جووت.
ئاتەگی	:	دامەنی
قوروان	:	قوربان
پیران	:	شێخ و مەشایەخ.
کەفێ	:	کەوێ : کەوێت.
نوخشە	:	نۆبەرە.
شێخو	:	شێخەوە.
پەمگەکەمان	:	پەمووەکەمان.
هەراش	:	گەورە.
لە تەکیا	:	لەگەڵیدا.
ئێسە	:	ئێستا.
هاوردگە	:	هاوردوە.
قەوماگە	:	قەوماوە.
خستگەسە	:	خستۆتە.
زۆراو	:	زۆراب.
وەسیەقەت	:	بەساقەت.
خاس	:	باش
مامۆسا	:	مامۆستا.

گفتوگۆ:

١- لە سەرەتاوە شێخ ویستی تکا لە زۆراب بەگ بکات کە خەمڵەکەی سۆفی نامیق نەختێك کەم بکاتەوە، بەڵام لە دوواییدا وازی هێنا، بۆچی؟

٢- سۆفی نامیق بڕوای هەر بەشێخ ما یان بڕوای پێ لەق بوو؟

٣- شێخ بۆچی ڕێزی سۆفی نامیقی دەگرت.

٤- شێخ بە چە چاوێك سەیری مەلا جەلالی دەکرد.

٥- لەم چیرۆکە چ سوودێکت وەرگرت.

٦- چی دەربارەی چیرۆك نووس حەسەن قزڵجی دەزانیت.

قەڵای دمدم

جەنگی قەڵای دمدم لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا عەباسی یەکەمی شای ئێران لە ساڵی ١٦٠٨ روویداو. مێژوونووسی شا عەباس کە ناوی ئەسکەندەر تورکمان بوو وەکو پەیامنێرێك لە جەنگەکەدا بەشداربوو، لەپاشاندا زانیارییێکی زۆر بەکەڵکی لەم بابەتەوە لە پەڕتووکە بەناوبانگەکەی ((مێژووی عالەم ئارایی عەباسی))دا تۆمار کرد. مێژوونووسی کوردی بە ناوبانگیش مەحەمەد ئەمین زەکی گەلێ رووداوی بە نرخی تری لەبارەی قەڵای دمدمەوە لە ((مێژووی کورد و کوردستان))دا بڵاوکردۆتەوە.

لە سەدەی شازدەهەمو سەرەتای حەڤدەهەمدا خانی لەپ زێڕین میری ناوچەکانی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو ئورمیێو شنۆ بوو لە کوردستانی ئێراندا، و سەرۆکی هۆزەکانی برادۆستیش بوو. خانی لەپ زێڕین لە جێگەی پاشماوەی قەڵا هەرە کۆنەکەی دەوروبەری ساسانییان کە ناوی دمدم بوو قەڵاییێکی سەختی تازەی دروست کرد، بۆ زیاتر بەهێزکردنی قەڵای دمدم، لە ناوەوە قەڵاییێکی بچووکی تری دروست کردو ناوی نا ((نارین)).

بەهێزکردنو پتەوکردنی قەڵای دمدم کارێکی گەورەی کردە سەر میرنشینەکانی هاوسێی خانی لەپ زێڕین، ئەمانە کەوتنە هاندانی شای ئێران لە دژی خان بۆ ئەوەی هێزی خان زیاتر پەرەنەسێنێتو لە دوارۆژێکی نزیکدا جاڕی سەربەخۆیی نەدا.

هەر لەو کاتەدا بوو بیست هەزار کەس لە هۆزی جەلالی لە کوردستانی عوسمانی یەوە کۆچیان کردە کوردستانی ئێران. ئەمە هەلێکی بەنرخ بوو بۆ شا، بڕیاری دا کە هەزار کەسیان لە ناوچەی برادۆست جێ نشین بن. بەڵام خانی لەپ زێڕین بە تیژی لە دژی ئەم بڕیارەی شا وەستا. شا عەباس لە

لەشکرێکی قورس‌و بەهێزی نارده سەرخان، بەڵام کوردەکان بڕیاریاندا کە تا تاقە کەسێك لە جەنگاوەری کورد بمێنێت قەڵاکە بەدەستەوە نەدەن. بەم جۆرە کوردەکان بۆ ماوەی چوار مانگ بەرگری قەڵا خۆشەویستەکەیان کرد. دوژمن لەتوانایدا نەبوو بەسەر کوردەکاندا زاڵ بێت، بەڵام وەکو قسەی نەستەقی کورد دەڵێت ((دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقلێشێت))، یەکێ لە کوردەکان تاوانێکی گەورەی کرد بەوەی سەرچاوەی کانیاوەکەی قەڵای دمدمی بە لە شکری دوژمن پیشاندا، ئەمە بوو بە هۆی قڕبوونی هەموو جەنگاوەرانی قەڵای دمدم، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە کوردەکان قەڵایان بۆ دوژمن بەجێ نەهێشت تا دوا جەنگاوەریان شەهید بوو. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئەمڕۆ پاڵەوانیەتی جەنگاوەرانی قەڵای دمدم لەسەر دەمی گۆرانی بێژو حەقایەت خوانی کوردەوەیە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان‌و بە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی.

ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی کە لە ئەنجامی جەنگی قەڵای دمدمەوە کەوتە ناوەوە گەلێ زۆرە، هەندێکی بڵاوکراوەتەوە، بەشێکیشی تا ئێستا هەر لەسەر زاری خەڵکی ماوەتەوە. لەلایێکی ترەوە ئەگەر بەراووردێك لە نێوانی هەوڵ‌و تەقەلای خۆمان‌و ڕۆژهەڵاتناسەکان بکەین، بۆ ئەم کارە دەبینین کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ئێمە زیاتر بایەخیان بە حەقایەت‌و بەیتەکانی قەڵای دمدم داوە، نەوەکو تەنیا بڵاوکردنەوەیان بە کوردی بەڵکو گۆڕینیشیان بۆ زمانی ڕوسی‌و ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و ئەرمەنی.

جەنگی قەڵای دمدم تەنیا ڕەنگی لە فۆلکلۆری کوردی نەداوەتەوە: بەڵکو بووە بەسەرچاوە بۆ دانانی چیرۆك‌و ڕۆمانی کوردیش، بۆ بەڵگە نووسەری کوردی سۆڤیەتی بەناوبانگ عەرەب شەمۆ (عەرەب شامیلۆڤ) لەبەر ڕۆشایی

ڕووداوە مێژووییـەکانی قـەڵای دمـدم ڕۆمـانێکی نووسـیوەتەوە. ئـەم ڕۆمانـە ساڵی ١٩٦٦ بە زمـانی کـوردیو تیپـی ڕوسـی (سـلاڤی) لـە شـاری یـەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستانی سـۆڤیەت بڵاوکراوەتـەوە. لـە پاشـاندا وەرگێـڕدراوە بۆ زمانی ڕوسی ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە.

عەرەب شەمۆ لە ڕۆمانەکەیدا هـەوڵی ئـەوەی داوە پێوەنـدی دۆسـتایەتی کوردو نەتەوە هاوسێکانی ڕوون بکاتەوە، بەتایبەتی خـەباتی ئـەم میللەتانـە لە دژی داگیرکـەرە ئێرانـیو عوسمانییـەکان. هـەروەها وێنـەی نایـابی ژیـانی کۆمەڵایـــەتیو ئـــابووری کوردســـتانی کێشـــاوە لـــە ســـەرەتای ســـەدەی حەڤدەهەمدا.

ڕووداوەکانی جـەنگی قـەڵای دمـدم سەرچـاوەیێکی بەکەڵکـە بـۆ دروسـت کردنـی گـەلێ بابـەتی نووسـینو هونـەر، وەکـو چـیرۆکو پیەسـی پـەخشـانیو شیعری، هەروەها کەرەستەیێکی بێ هاوتای شـانۆو سـینەمایە، بـەڵام لەبـەر دەست کورتی نەتەوەکەمان تا ئێستا هـەلێکی وامـان بـۆ هەڵنەکـەوتووە کـە ئـەم ئامانجـە بهێنێنـەدی. دەبێـت ئـەوەش بڵـێین کـە سـاڵی ١٩٣٨ تیپـی تـەمسیلی ئاشوورییەکانی سوریا بە زمانی عەرەبی قەڵای دمدمیان خسـتبووە سەر شانۆییێکی گەرۆکو لە هەندێ لە شارەکانی سوریا پێشکەشیان کردبوو.

کۆماری ئەفلاتون

ئەفلاتونی فەیلەسوف، فەلسەفەکەی خۆی لە پەڕتووکە بەناوبانگەکەیدا داڕشتووە بەم پەڕتووکەش ئەوترێ ((کۆماری ئەفلاتون))و بریتییە لە دە پەڕتووكو کراوە بە پێنج بەشەوە: بەشی یەکەم، پەڕتووکی یەکەمەو پێشەکی باسەکەیەتیو بەشی دووەم بریتییە لە پەڕتووکی دووەمو سێیەم چوارەم بریتین لە روکنەکانی دەوڵەتێکی میثالی. بەشی سێهەمیش بریتییە لە پەڕتووکی پێنجەمو شەشەم و حەوتەم، بەڵام بەشی چوارەم کە بریتییە لە پەڕتووکی هەشتەمو نۆهەم باسی لە ناوچوونی ئەو دەوڵەتە میثالییە دەکات، بەشی پێنجەمیش کە پەڕتووکی دەهەمە، لەسەر نەمری نەفسی ئینسانو دەربارەی ڕۆژی قیامەت ئەدوێ.

ئەفلاتون دەڵێ: ((دادپەروەری باشترە لە دەس درێژیو شەڕفرۆشتن. چاکترین نموونەی دەوڵەتی ئەفلاتوون، ئەو دەوڵەتەیە کە چینێکی ئۆرستکراتی لە ڕۆشنبیرو فەیلەسوفی وەك خۆی دەستەڵاتی تیادا وەربگرنو هەریەکە بە گوێرەی پلەی زانایی خۆی هەڵبژێررێت، ئەمانە پێویستە بۆ ئامانجەکانی دەوڵەتو پاراستنی ڕاستیو چونیەکی، لەسەر بناغەیەکی هاوبەشی تێ بکۆشن)).

دوای ئەمان چینی لەشکرەکە ئەرکی پارێزگاری ئەمنو ئاسایشی وڵات دەکەنو ئینجا چینی پیشەسازو کرێکارانە کە بەروبوومی وڵات بەرهەم دێنن، بەم جۆرە، دەوڵەتی ئەفلاتون بە کوێرەی (پیشە) بەش کراوە.

وادیارە ئەم بەش بەش کردنەش، بە گوێرەی بەشەکانی لەشی ئادەمیزاد کە بەگوێرەی ڕای ئەفلاتون کراوە بەسێ بەشەوە" بەشی هۆش (عقل)و بەشی خرۆش (حماس)و بەشی ئارەزوو (الشهوة)، لەمانە پێك هاتووە.

باشترین چاکەی ئادەمیزاد، سێ جۆرە دەستە پیاوان ئەنوێنن.

بەم جۆرە فەرمان ڕەوای دەوڵەت کە فەیلەسوفو بە هۆشە جێگای بەشی هۆش دەگرێتەوە لە نەفسی ئادەمیزاداو سەربازیش کە پیاوی خاوەن خرۆشە جێگای بەشی خرۆشی نەفسی ئادەمیزاد دەگرێتەوە لە پەیکەری دەوڵەتا، هەروەهاش پیاوی پیشەساز کە نوێنەری بەشی ئارەزوو جێگای بەشی ئارەزووی دەروون ئادەمیزاد دەگرێتەوە لە لەشی دەوڵەتا.

ڕاستی و دادپەروەری لە دەوڵەتا بەجۆرێ پێکدێت کە هەرکەسە ئەو ئیشە هەڵسووڕێنێ کە لەگەڵ سوروشتو ڕەوشتیا بگونجێ. فەرمان ڕەوا فەرمان دەداو جڵەوکێشی دەوڵەتەو سەرباز پارێزگاری دەوڵەت دەکاتو زەحمەتکێشو پیشەسازیش بەروبوومی وڵات بەرهەم دێنن، واتە دادپەروەری نەفسی ئادەمیزاد ئەوەیە کە هەر بەشەی کاری تایبەتی خۆی هەڵدەسووڕێنی.

هۆش جڵەوکێشی ئارەزوو دەکات، هەستیش پاڵ بە هۆشەوە دەنێ کە پاڵپشتی هەستەپاکەکان بکات، وەك تووڕەیی بەرامبەر بە ئیشی نزمو کەم نرخو ڕووزەردی لە درۆ. دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەنانەت بریتییە لە ڕواڵەتێکی دەرەوەی فراوانتری دادپەروەری دڵو دەروونی ئادەمیزاد.

سەرچاوەکان (المصادر)

١- دیوانی شاعیرە کوردەکان.

٢- گۆڤـاری گەلاویـَژ، رۆژی نـوێ ، هیـوا ، نووسـەری کـورد ، گۆڤـاری کۆڕی زانیاری ، گۆڤاری (المعلم الجدید)، ئەوانیتر.....

٣- نووسینەکانی سوجادی ، خالّ ، شاکر فتاح ، گۆران.

٤- کتێبـی خوێندنـەوەی عـەرەبی بـۆ پۆلّـەکانی قوتابخانـە بنـەڕەتیو ئامادەییەکان.

٥- مختصری صرف نحوی سعید صدقی.

٦- دەستووری زمانی کوردی تۆفیق وەهبی.

٧- ڕێزمانەکانی نوری عەلی ئەمین.

٨- زاراوەکانی کۆڕی زانیاری.

٩- الواقعیه فی الادب الکردی لمؤلفه الدکتور عزالدین مصطفی رسول.

١٠- دوکتـور مـارف خەزنـەدار سـەرەتای مێـژووی ئـەدەبی کـوردی (بەڕووسی).

ناوەڕۆك